بەیاریدەی وەزارتی کاروباری ژوورروو
(بەڕێوەبەریتی خوێندنی کوردی) چاپ کراوە

# ئەدەب و رەخنە

عزیز گەردی

چاپی یەکەم بەغدا ١٩٧٤

# چەند سەرنجێك

• ئەم ووتارانەی لێرەدا کۆم کردوونەتەوە ،هەموویان پێشتر لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەم سەردەمەمان بەتایبەتی «هاوکاری - هەولێر » بلاوکراونەتەوە ؛ بۆیەش هەر ئەوەندەم هەڵبژاردو ئەوانەی ترم پشتگوێ خست چونکە ئەمانە بە سوودترو پێویستترن .

• ئەگەرچی رای تایبەتی ئێستام دەربارەی هەندێ لەو ووتارانەو ئوسلوبی نووسینەکەیان - مەبەستم چونیەتی لێ کۆڵینەوەیە - جیایە لەگەڵ ئەوەی کەیەکەم جار نووسیومن بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ، ووتارەکانم وەك خۆیان هێشتەوەو دەستکاریم نەکردن جگە لە چەند ووشەیەکی کەم یا هەندێ تێبینی زمانەوانی .

• چونکە لەناو ئەدەبی کوردیماندا هێشتا زاراوەی چەسپاومان نییە بۆ زاراوە ئەدەبییەکانمان ؛وە لەبەر ئەوەی ئەم ووتارانە هەر یەکە لەکاتێکدا نووسراوە ،بۆیە ئەم زاراوانەی لێرەدا بەرچاو یەك نەخراون وبە پێویستیشم نەزانی یەکیان بخەم تا رۆژی خوی دێ وسوپاس .

عەزیز گەردی

# ئەدەبو رەگەزەکانی

ئەدەب (هەستێکی نازکە لەپەردەی پەرەکانی دڵەوە سەر هەڵئەدا ..) یاخود (هەستێکە کتو پڕ نووسەر وەری ئەگرێو دەری ئەبڕێ ..) بە گوێرەی ئەم ناساندنە ئەدەب تایبەتی ئەبێ بەو پارچە نووسینە هێزدارە یا ئەو هۆنراوە توندو تیژە کە لە ناخی دەروونی خاوەنەکەیەوە سۆزێکی هەڵچوو پاڵی داوەو دروستی کردووە . کە ئەمە هەیە ئەوەش هەیە کە ئەدەب بۆ بەرهەمێکی بیری ئادەمیزاد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەکار ئەبرێ وە لەم کاتەدا ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی ئەم هەموو شتانە ئەگرێتەوە .

ئەدەب وەنەبێ هەر ئەوەندە بێت کە باسمان کرد ، بەڵکو هەزارەها کەس لەسەریان نووسیوەو باوەری خۆیان بەرانبەر دەربڕیوە ، هەر بە هیچیش نەگەیشتوون ، نەخێر بە شتێکا گەیشتوون ، بەڵام هەریەکە بە شتێکی داناوەو بە جۆرێکی ناسیوە ، بۆیە ئێستا دێینە سەر ئەوە کە بیروباوەوی هەندێ کەس لەم بارەیەوە بنووسینو بزانین ئاخۆ چۆن سەیری ئەدەبیان کردووە ؟ یا ئەدەب چۆن بۆ ئەم جۆرە کەسانە دەرکەوتووە ؟

له پێشەوە ئەوە زانای بە ناوبانگ ( ئەمرسن ) ئەڵێ : « ئەدەب تۆماری بیری پەسندە . » ئەم قسەیەی مامۆستا رەنگە لەگەڵ مانای گشتی ئەدەبدا بڕوا بەڕێوە ، جا ئەگەر بێت و ئەم قسەیە بکەین بە پێناسێ ـ تعریف ـ یك بۆ هەڵبەست و پەخشانی سۆزاوی ، وایە ئەم قسەیە ئەدەب ئەگرێتەوەو بە تەواویش ئەیگرێتەوە بەڵام بەرهەڵستی ئەوە ناکات کە شتی تریش بێتە ژێر فەرمانی ئەم قسەیەوە کە بۆ ناساندنی ئەدەب کراوە چونکە کتێبی ئەندازەو سروشت ناسی و جەبرو ... هتد بیری پەسندو پوختەیان تێدایە ، کەسیش نەبووتووەو کەسیش ناتوانێ بڵێ ئەمانە لەسەر شێوەی هەڵبەستە تەڕەکانی نالی یا مەولەوی یا گۆران یا هەردی گوتراون .

یەکێکی تری وەکو ( ستیفود برك ) دەڵێ : « ئەدەب ئەو هەست و سۆزو بیرو باوەڕەیە کە لە دڵی زرنێگ و هوشیاران پەروەردە ئەبێ و بە شێوەیەکی وا ئەنووسرێتەوە کە بە تەواوی خوێنەر بۆ لای خۆی رابکێشێ .. » وایە ئەم قسەیە زیاتر بایەخ بە لایەنی جوانی ئەدات لە قسەی پێشوو ، ئەمەشیان هەر بۆ ئەوەی وەکو ئاسنکێش خوێنەر بۆ لای خۆی رابکێشێ ، بەڵام هەر وەکو قسەکەی پێشو ئەوەش رێگای تیورییەکانی ئەندازەو پرسیارەکانی جەبرو باسەکانی گەردوونە شناسی ناگرێ کە خۆیان بکەن بە ژێر خەرمانی ئەم ئیشکیلەوەو ناوی ئەدەب

لە خۆیان بنێن ، کەچی ( ئەدەب ) یش نین بە مانا تایبەتی‌یەکەیەوە .

ئەدی ئەدەب چی‌یەو ئەدیب کێ‌یە ؟ نووسەرو رەخنەگری بە ناوبانگی فەرەنسی « سانت بیف » قسەیەك ئەکا کە وەڵامی ئەم پرسیارەیە ، ئەڵێ : « ئەدیب ـ نووسەر ـ ئەو کەسەیە کە تێ ئەکۆشێ‌و هەوڵ ئەدا بۆ پەرەپێدانی تێ‌گەیشتن‌و سامانی زەینی‌یەوە ، رێگا تەخت ئەکا تا پێ بچێتە پێشەوە ، هەر ئەو کەسەشە کە راستەقینەی ئەدەبی ئەدۆزێتەوە بە ئاشکرای پیشانی ئەدا ، یاخود لە سۆزی زیندووی دڵی ئادەمزاد روو ئەچێتە خوارەوەو ئەوسۆزە لە ناخەوە دەردێنێ‌و بڵاوی ئەکاتەوە ، کەچی خەڵکی لەم بڕوایە دان ئەوەی باسکراوەو دەربڕاوە هەمووی ناسراوەو بەرچاوەو هیچ شتێکی پۆشراوی تیدانی‌یە ، ئەوەندەیە شتە زانراوە کە دووبارە ئەکرێتەوە ، یا ئەوەتە بیرەکە ، یا سەرنجەکە ، یا باوەڕەکە ، بە شێوەیەکی رێك‌و جوان دەرئەبڕێ .. دیسان نووسەر ئەو کەسەیە کە بەشێوەی تایبەتی خۆی لەگەڵ هەموو کەسێکەوە ئەدوێ‌و لە هەمان کاتا دوانەکەی ئەم شێوەی سەردەمێك دەست ئەدا ... »

دیارە بە لای ئەوەوە ئەدەب ئەم قسە ووردو جوان‌و رێکەیە کە راستەقینەی ئەدەبی‌و سۆزی دڵ دەرئەبڕێ . بەڵام ئەبی ئەوەش بزانین کە ئەو پاسەی ( سانت بیف )

کردوویەتی بۆ کەم کـەس دەسـت ئەدات ، خۆ ئەگەر سووربین لەسەر قسەکەی ئەو ؛ ئەوا ئەبێ ناوچەی فراوانو بەربەرەللای ئەدەب تەنگ بکەینەوەو ئەدەب بدەینە پاڵ ژمارە نووسەرێکی کەم .

مایەوە سەر ئەوە ئایا کەی دەق ـ نص ـ ێك بەر ئەدەب ئەکەوێو ئەبێ بە ئەدەب؟ئەوەی راست بێ ئێمە ناوی ئەدەب نادەینە ئەو هەموو شتانەی چاپو بڵاو ئەکرێنەوە ؛ رۆژمێر ئەدەب نی‌یە ! دەنگو باسو ریپورتاژی رۆژنامە ئەدەب نی‌یە ! ئەم ئاگاداری‌یەی دامو دەزگایەك بۆ شتێکی ئەنووسێ ئەدەب نی‌یە ، ئەو تەلەگرافە خێرایی‌یەی لە کەم ووشەیەك پێك دێتو بۆ کەسێك لێ ئەدرێ ئەدەب نی‌یە ، ئەو پروپاگاندەی بۆ قوماشێك یا بەرهەمێکی پیشەسازی ئەکری ئەدەب نی‌یە ، ئەمانەو زۆر شتی‌تریش هەن کە ئەدەب نین ، چونکە ئێمە کە ئەو شتانە ئەبیستین یا ئەیان خوێنینەوە هەرئەو دەمەیە ئیتر ئەبرێتەوە ، جارێکی تر ناگەرێینەوە سـەریا بۆ خوێندنەوەو لێ ووردبوونەوەی. چونکە یەکەم نیشانەی ئەدەب ئەوەیە کە ناوە ناوەئەگەرێینەوە سەریاو پیایا ئەچینەوە دووبارە ئەی خۆێنینەوە، ئەم خەسیەتو نیشانە ئەدەبی‌یەش ( بەردەوامی یا جاویدانی ئەدەب ) ی پێ‌ئەگوترێ ، کەواتە ئەدەب : ـ بریتی‌یە لەو دەقە نەمرانەی کە خەڵکی ناوە ناوە ئەیانخوێننەوە . باشە چ شتێکە ئەم نەمراتی‌یە ئەدا بە دەقی ئەدەبیو بە نووسەرەکەیا ؟

ـو وامان لێ ئەكات كە خوێندنەوەی دووپات بكەینەوە ؟!

ئایا ئەبێ ئەمە سەبارت بەوە بێ كە ئەو دەقە شتێكی سوودبەخشی هەمیشەیی تیایە ؟ ئەگەر ئیش وابێ ، واتە بەو سوودبەخشینە هەمیشەیی‌یە نەمراتی بەر بكەوێ ، ئەبێ كیمیاو خشتەی لوغاریتم‌و جەبریش ئەدەب بن ، چونكە ئەمانە شتی سوورود بەخشی وایان تیایە كە بەردەوام سوودەكە ئەگەیەنن ، بەلام سەرەڕای ئەمەش ئەم جۆرە شتانە ئەدەب نین‌و بە ئەدەب ناخوێرێنەوە ـ بە مانا تایبەتی‌یەكەوە ـ باشە چی بكەین‌و چی بڵێین ؟!

ئەڵێین : مەبەست لە نەمری ئەدەب ئەوەیە كە ئەم دەق‌و ئەم كتێبانە خۆیان زیندوو نەمرن‌و هەر چەندە ڕۆژگار سنگ بنێ بۆ پێشەوەو هەر چەندە نووسراوی نوێ لەم باسانەوە دابرێن ئەمان هەر ئەگەڕێنەوە سەریان ، بەلام ئەو كتێبانەی باسی كیمیاو لوغاریتم‌و جەبرو ئەندازە .. ئەكەن ئەگەر پوختەی ناوەڕۆكەكەیان وەربگرێت و بە بژاركردن‌و زیادو كەم كردن لە كتێبێكی نوێدا تیوری‌و ڕاستەقینەكانیان بنووسرێنەوە ئەتوانین هەر بە تەواوی دەست لە كتێبی یەكەم بەر بدەین‌و بە پێچەوانەی دەقی ئەدەبی جارێكی‌تر ناخوێنرێنەوە ، واتە نووسراوە كۆنەكە ئەمرێ ، بەلام ئەوەی زیندووەو لەگەل ڕەورەوەی ڕۆژگار پێش ئەكەوێ ، ڕاستەقینەو تیوری‌یە زیندووەكانە ، نەك دەقی نووسین‌و شێوەی نووسینەكە !

جا دیارە ئەو کتێبە یا ئەو نووسراوەی ئەشێ راستەقینەو تیۆریو ناوەرۆکەکەی بخرێتە ناوکتێبێکیتر یا سەر لە نوێ بنوو سرێتەوەو بەم کارەش دەست لە نووسراوەکەی بەرایی بەر بدرێ ئەوە ئەدەب نیە . چیرۆکی چاك ، چامەی پەسندو جوان ، هۆنراوەی قەشەنگو نایاب ، خوتبەی توندو بەکار هەریە کە لە مانە هەر چەندە ماوەی بە سارا بڕوا هــەر ئەمێنێو هەر ئەخوێنرێتەوەو رۆژگاریش نایمرێنێ یا هــەزار شتی تریش لەو بارەیەوە بنوو سرێ یا باس بکرێ !!

چونکە هەر نووسەرێك یا هۆنەرێك رەنگێك ئەرێژێو لەبەر تیشکی چەشەی تایبەتی خۆیەوە شت ئەنووسێو سۆزی ناخی خۆی دەرئەبڕێ کە جیایەو زۆر دووریشە لە چەشـــەو سۆزی نووسەرانیتر ، ئەم نووسینو هۆنراوە ئەدەبی یە سۆزاوی یانە وەکو خۆراکو میوەی جیا جیا وان ، هەموویان مێخۆشنو هەر یەکەیان تامو زەلەتی خۆی هەیەو هیچێکیان شوێنی هیچیان پڕ ناکاتەوە ، ئەمەشیان نرخێکی نەمرەو لە گیانی باسە ئەدەبی یەکانا تواوەتەوە ، لێرەدا ئەبێ ئەوە بزانین کە ئەو نرخو سۆزە زیندووەی لەو باسە ئەدەبیانەدا هەیە زۆر جیایە لەو راستەقینە زیندووانەی لە باسە زانیاری یەکاندا هەیەو بەر لە ئێستا باسمان کرد .. ئێستا ئەو پرسیارە خۆی رەپێش ئەکا : ئایا ئەمە چ شتێکە وا لە دەقو نووســینی

ئەدەبی ئەکات کە هەر بخوێنرێتەوەو شەوق‌و کاریگەری هەر بەردەوام بێت ؟! واتە نرخی هەر بمێنێت ؟

بێ گومان سەبارەت بەوەیە کە « نووسینی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی کەسێتی نووسەرەکەیەتی ..؛ و بە جۆرێکی وا هەست‌و سۆزو کەسێتی نووسەر پێشان ئەدا کە خاسەویژو سۆزو چەخەر ـ انفعالات ـ ی، تایبەتی نووسەر لەگەڵ ڕەوشت‌و بیروباوەڕی بە تەواوی لەم پارچەیە دەر ئەکەوێ .. ڕاستی‌یەکەش وایە دەقی ئەدەبی نموونەیەکی ڕاستەقینەی کەسێتی خاوەنەکەیەتی .. بەڵام ئایا پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە؟ ئایا هەر نووسراوێکی گوزارشت لە کەسێتی نووسەر بداتەوە ئەدەبە ؟ بێ‌گومان ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە پێچەوانەکەشی ڕاستە . واتە ئەوەی کەسێتی نووسەر بە هەموو مانایەك‌و بە هەموولایەکەوە پێشان بدا ئەدەبە ، ئەگەر بشگوترێ : خۆ باسە زانیاری‌یەکانی وەکو (جەبرو کیمیاو گەردوون ناس .. یش ڕادەی تێ‌گەیشتن‌و پلەی زانیاری خاوەنەکەیان ـ نووسەرەکەیان ـ دەرئەخەن ، واتە چەندێتی زانیاری ولایەنێکی کەسێتی پێشان ئەدا ئەی بۆچ ئەدەب نی‌یە ؟

شتی زانیاری وەکو جەبرو کیمیا .. گوزارشتێکی ڕاستەقینە لە خاوەنەکەی نادانەوە ، چونکە زانایەك کە باسێکی وا ئەنووسی توند جلەوی سۆزو چەخەرو بیروباوەڕو ئارەزوو

ومیزاجی خۆی ئەگرێو نایەڵێ بکەوێتە ناو باســەکەیەوە ..
بەڵکو ئەتوانین بڵێین کە ناتوانی بە قەد موویەك لە زانیاری‌یەکە
لابداتو ئەگەر دوو کەس وەکو یەك لە بارەی زانیاری شتێکەوە
بنووسن رەنگە نووسینەکەیان کتو مت وەکو یەك دەر بچێ
.. کەواتە دیارە کەسێتی ئەم دوو نووسەرە نەکەوتۆتە ناو
نووسینەکەیانەوە . ئەگەر تیای بکەوتایە نووسینەکەیان جیاوازی
ئەبوو ، چونکە کەسێتی دوو کەس هەرگیزاو هەرگیز وەکو
یەك نابێ ...
بەڵێ ! راستە هەر نووسینی ئەدەبی‌یە کەسێتی نووسەرەکەی
پێشان ئەدا بەڵام ئەیا ئەمەی چۆن پێ‌ئەکرێ ؟

ئەو کاتە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە نووسراوێکی زانیاریو
بەرهەمێکی ئەدەبی بەراورد بکەین .. دیارە ئەبێ شتێك هەبێ
لە دەقە ئەدەبی‌یەکە دابێ‌ولە باسە زانیاری‌یەکەدا نەبێو بەو
نیشانەیە دەقە ئەدەبی یەك گرەو لە کۆنبوونو مردن بباتەوەو
هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە ئەم نیشانەیەش ئەوەیە دەقی ئەدەبی
سەرجەم لە ( سۆز ) دروست ئەبێو هەڵئەقوڵێ یا بە سۆزەوە
سواغ ئەدرێ بەڵام باسی زانیاری لە تێ‌گەیشتنو ئەقڵەوە
سەر هەڵئەدا .. دیارە ئەم سۆزە هەڵچوو و زیندووەی دڵی
نووسەرە ئەو نرخە زیندووە بە نووسینەکە ئەداو وای لێ
ئەکات کە نەمرێت ..

بەڵام ئایا ئەم سۆزە چۆن ئەبێتــە هۆی نەمری دەقێــکی

ئەدەبی ؟! هۆو سەبارەتی ئەوەیە کە سۆز هەر زوو زوو لە بیر ئەکرێ‌و ئەکەوێتە پەنا پەردەوە: هەر ئەم خەسیەتەی سۆزیشە کە نووسینەکە نەمر ئەکات .

بۆ ساخ کردنەوەی ئەم قسەیە پێویستە جیاوازی نێوانە زانست وسۆز بزانین لە بارەی پەیوەندی هەردووکیانەوە بەدڵ‌و دەروونی ئادەمیزادەوە زانست چونە هەروا ئەمینێتەوە بەڵام سۆز هەر زوو پەردەیەکی بەسەرا دێت‌و هەرچەند ئەو پەردەیە لا بچێ‌سۆزە کۆنەکەمان دێتەوە بەرچاو، کەچی کاتێ شتێکی ژی‌تر تێ ئەگەین کەم وا ئەبێ لە یادی بکەین‌و کە شتێکی زانیاریش بزانین بە هیچ جۆرێ ناتوانین ئەو نووسراوە بخوێنینەوە کە ئەو زانیاری‌یەی تیایە .

بۆ نموونە ئەو سۆزە بریندارو خەمینەی ( سەلام ) کە لە مەرگی کوڕە تاقانەکەی‌دا هاتۆتە کەف‌و کوڵ‌و بەم جۆرە دەری بڕیوە :

| | |
|---|---|
| جەرگت هەڵئەقرچێ دڵ پڕ لە ناڵین | جەرگم بڕاوە |
| چۆن ئۆقرە ئەگرێ سەر لەسەر سەرین | مێشکم پژاوە |
| بۆ دوایی نەهات فرمێسکی چاوم | هەتا بوو بە خوێن |
| پەنژرۆکەی نەبەست جەرگی بڕاوم | تۆبێ سەرو شوێن |

ئەو سۆزە گەرمە کە بۆن سۆی دڵی سووتاوی سەلامی لێ هەڵئە سێ راستە پاش ماوەیەك دائەمرکێتەوە ، هەر لە بیریش ئەکرێ بەڵام هەر جارەی ئەم پارچە بخوێنرێتەوە ئەو

سۆزه له دڵ نویێ نەبێتەوەو ئەو دڵو دەروونە ئەکەوێتـە کەفو کوڵو سفتو سۆی سۆزە ئاگرینەکەی ( سەلام )ەوە:

بەڵام له لالانەوەی کەسێکیتر با بڵێین ( گۆران ) که له کۆچی دوایی کچی خۆشەویستی‌یا سۆزی دەروونی دەرئەبڕێو ئەڵێ : -

چه زوو مردی ؟ کچم هەیهات ! کچی خۆم !
چه زوو مردی ! چه زوو کەوتیتـە بن گڵم !
چه زوو کەوتیته بن گومی ( عدم ) خۆ
به ئۆخەی تەڕ نەبوو لێوم ، ووتم : رۆ

بێ‌گومان ئەم سۆزەی لەگەڵ شیعرەکەی ـ گۆران ـ هەڵئەچی جێگەی ئەو سۆزە ناگرێتەوە که له پارچـەکەی ( سەلام ) دایه . هی ( سەلام ) یش جێگەی سۆزی ـ گۆران ـ ناگرێتەوە . چونکه هەستو سۆزی ( سەلام ) تایبەتی‌یه به خۆیو کەسێتی ئەو دەرئەخا ، بۆی هەیه به تەواوی دڵی هەندێ کەس دابگرێ ، لەگەڵ ئەوەش‌دا هـەندێ کـەس هەرئەبن که ئەم سۆزە له قووڵایی‌وه نەیانبزوێنێ .. وه بۆی هەیه پارچەکەی ( گوران ) سۆزێکی تری تیابیو دڵی هەندێ کەسی‌تر . بزوێنێ . نەپارچەکەی ( گۆران ) شوێنی پارچەکەی ( سەلام ) ئەگرێتەوە نه هی ( سەلام ) یش جێگەی سۆزەکەی ( گوران ) پڕ ئەکاتەوە .

ئەم هەر دوو پارچەیە لەسەر یەك شتو بەیەك بۆنەوە گوتراون کە لەدەست چوونی ئازیزێکە ، کەچی ئێمە ناتوانین بە یەکێکیان وازبێنین‌و پشت لەوەی تر بکەین وەك لە باسی زانیاری‌دا پێمان ئەکرا .. ئەمانە هـــەردووکیان ـ پارچەکەی سەلام وگۆران ـ وەکو یەك تەماشـــا ئەکرێن ، چونکە هەریەکەیان نموونەی هەست‌و سۆزێکە .. ئەو دەقە ئەدەبی‌یەش ئەگەر لە پلەی ناوەنجی دابێت چەند جارێك ئەخوێنرێتەوە ، ئەگەر لە ریزی تاقانەکانیشا بێت ئەوا هەمیشە هـــەر ئەخوێنرێتەوەو دووپات ئەکرێتەوە ، ئەو پیاچوونەوەش هەر جوانترو گەورەتری ئەکات تاوای لێ‌دێت ئەبێ بە پێویستی‌یەکی پێویست پیویست ... ئەتوانین بڵێین ئەو سۆزە وەکو ئاوی ( مێوە ) وایە ، بگرە ئاوی بورتەقال ئەو کاتەی کە ئەیخۆیتەوە هەست بە تام‌و چەشەیەك ئەکەی بەلام ئەو چەشە ئارەزووە پاش ماوەیەك ئەبڕێتەوەو نامێنێ ، دیـــان تاسەو ئارەزووی ئەو ( ئاوکە ) ئەکەیت تا جارێکی تر دەستت بەو کام‌و تامە بگات ، دیسان کەون ئەبێ‌و تازە ئەبێتەوە ، ئاوی هیـچ مێوەیەکی‌تر وەکو ( لیمۆ ) یا هەر مێوەیەکی‌تر ناتوانێ تاسەی تۆ بۆ ئاوی بورتەقال بشکێنێ ، کەواتە ئاوی بورتەقال شتێکی نەمرە بەلای تۆوە ، تا تۆمابیت ئەو سۆزوو ئارەزووە هـــەر ناوە ناوە ئەبزوێ .. مەسەلەی دەقە ئەدەبی‌یەکانیش هەمان

سەمەرەی هەیە ، ئەو دەقەی سۆزێکت لە دڵا ئەبزوێنێ پاش ماوەیەك تاسە ئەو دەقە ئەکەیتەوە تا هەمان سۆزی جارانت لە دڵ زیندوو بکاتەوە ، هەر تەنیا ئەو دەقەشە کە دەتوانێ ئەو هەستو سۆزەت تیا پەیدا بکات ..

( سۆز ) لە مەیدانی ئەدەبدا زۆر بە کارەو دەستێکی زۆر باڵای تیــا ئەگێڕێ ؛ ئەوا زانای بە ناوبانگ ( دی کونیسی ) ئەو سۆزە ئەکاتە نیشانەی بنچینەیی بۆ ئەو جۆرە ئەدەبە تایبەتی‌یەی کە پێی ئەڵێ : « ئەدەبی هێزدار »

( دی کونیسی ) کورتەی باوەڕی لەم بارەیەوە بەم جۆرە بوو :-

« نووسین دوو بەشە : بەشێکیان بۆ زانینو بەشێکیان بۆ هێز ئەچێتەوە ، یەکەمیان ئەدەبی رۆشــنبیری‌یە ؛ دووەمیان ئەدەبی هێزدارە ، فەرمانی یەکەم فێرکردنە ، فەرمانی دووەم هەست بزواندنە ، یەکەم بایەخ بە تێ‌گەیشتن ئەدات ، دووەم پەی پێ بردنێکە لەلای سۆزەوە هاتووە ... »

بۆی هەیە ( دی کونیسی ) مەبەستی بە یەکەم ووتاری فەلسەفی و مێژوو ئابووری و جوگرافیاو .. بێت کە راستەقینە بۆ خوێنەر روون ئەکاتەوەو پارچە زانیاری‌یەکی نوێ ئەخاتە سەر زانیاری پێشووی .. ئێمــە ئەتوانین ئەم بەشە بەینە ژێر مانای گشتی ئەدەبەوە .. ئنجا با بێینە سەر بەشی دووەم کە سۆزەو پەیوەندی ئەم سۆزە بە کەسێتی نووسەرەکە دەربخەین

، گوترا : نووسینی ئەدەبی لە سۆزەوەو نووسینی زانیاری لە تێگەیشتن‌و ژیری‌یەوە دروست ئەبێ بۆیە نووسینی ئەدەبی باشتر کەسێتی نووســەر پێشان ئەدا لە زانست ، چونکە لە دڵو دەروونی ئادەمزادەوە جیاوازی‌یەکی زۆر فراوان هـەیە لە نێوانی شتی زانیاری کە لە ناوچـــەی ژیری دان‌و شتی سۆزاوی کە کارو کارەساتێك یا دیمەن‌و چاوەندازێك دەری ئەپەڕێنن .

شتی زانیاری بە لای هەموو کە سێکەوە یەك شتە فەرموو ئەو راستی‌یە ( فلان کێو ( ٥ر٣٠٠ ) مەتر لەســەر رووی دەریا بەرزە ) یا ( پاژە لە هەماو بچووکترە ) شتێکی ژیری‌یەو هەموو کەسێ وەکو چۆنە وای تێئەگا بە بێ ئەوەی خاسە ویژو رەوش‌و سۆزی کارای تێکەڵ بێ ، واتە کەســێتی نووسەر لەو جۆرە شتانەدا دەرناکەوێ ، زانستیش کۆمەڵە راستی‌یەکی وەك ئەو راستی‌یانەی ســەرەوە ، وایە ، کۆ ئەکرێتەوەو ئەکرێتە ووتارێك یا کتێبێك‌و پێشکەش خوێنەران ئەکرێ .. زمانی دەربڕینی زانیاریش تا ووردترو رووت‌تر بێ باشتر رێگا لە دەرکەوتنی کەسێتی نووســەر ئەگرێ ، تا بەم جۆرە زمانی زانیاری هەر ووردو پاکژ ئەبێتـــەوە تا ئەگاتە زمانی ( بیرکاری ـ ماتماتیك ) ، بۆی هەیە زمانی جەبر ووردترین زمان بێت بۆ دەربڕینی راستەقینەی زانیاری .

بەلاّم ئەو سۆزە نهێنی‌یەی بەرانبەر روداوو کارەسـاتێك هەڵئەقوڵێ لە کەســێکەوە ئەگۆڕێ تا یەکێکی‌تر ؛ هــەرگیز ناتوانێ دوو کەسی وا بدۆزینەوە کە لە سۆزو چەخەرو لە خەیەو سروشتەوە یەك نموونە بن ، جا ئەو جیاوازی‌یە لە جۆری سۆزەکەوە بێت یا لە ئەندازەی کاریگەری ئەو سۆزە ، کەواتە لێرەدا کەسێتی نووسەر خۆی ئەخاتە ناوەوەو بە تەواوی لەکاتی دەربڕینا دەرئەکەوێ ..

مزگەوتێکی گەورە ! رەنگە سۆزێکی ئایینی لە دڵی دەروێشێك جۆش‌بداو دەرویش گەورەیی خوداو مردنو ژینەوەو حــەشرو نەشر لە چــوار چێــوەی ئەو مزگەوتە زلە بەدی بکات ، کەچی بەننایەك بۆی هەیە زیاتر سەرنج بداتە دانانو راگرتنی کەرپووچەکان بۆ دەرکەوتنی هەندێ نەخشی جوان ورازاوە ، سەیری دەرگاو پەنجەرەو دارڕژانی یانەکەئەکات . لە هــەمان کاتــا ئەگــەر ئەنــدازیارێکی بەلاوە تێ‌بپەڕێ بۆی هــەیە بیر لە شوێنی مزگەوتەکەو لە نەخشەدانانو تکلیفو خۆڕاگرتنی مزگەوتەکە بکاتەوە ، ئا بەم جۆرە هەر کەسێ بە شێوەیەك سەیری ئەکات ، یاخود ئەم مزگەوتە لە دڵی هەر کەسێکا جۆرە سـۆزێك ئەبزوێنێ‌و هەستێکی تێدا پەیدا ئەکا .

فەزموو سەیر کە ئەوا فۆلکلۆر (چار) ئەکا بە ئەستێرەو ئەڵێ : ـ

چاوت ئەستێرەی پەروێ
هەڵدێ لە دەرکی گەروێ
پیرۆزت بێ لەیلەی نوێ

هەر ئەم چاوانەن کە (کامەران) بە هێـــلانەی ئارامی دڵیان ئەبینێ : ـ

چاو هێلانەی ئارامی دڵ
پەنجەی ناسك دەسی وەك گوڵ

بەڵام بۆ پیرەمێردی نەمر ئەبنە ئیلهامی شیعرو هەڵبەست :

شیعری بڵند کە تعلیقی ئیلهامی پێوەیە
ئیلهامی شیعری من لە نیگای چاوی تۆوەیە

(لطیف برزنجی)ش ئەو چاوانە ئەکا بە تەرازووی نازو دڵداری :ـ

چاوت تارازووی نازو دڵدارین
ئەستێرەی گەشن لە ئاسمانی شین

دەنا هەر ئەو چاوانەشن بۆ (زیوەر) ئەبنە (حەکیم) و (دوختەر) :

حەکیمی دەردی من ئەو چاوەیە قەت دوختەرم ناوێ
لە رێگای عەشقی تۆدا گوم بم یەك رەهبەرم ناوێ

جا دیاره ئەدەب تەنها بریتی یا راستەقینەیەك دەرناخا بەڵکو لەگەڵ ئەمیشا کارتێکردنێکی تێدایە وە لەبەر ئەوەی کەسێتی نووسەر بە تەواوی لە نووسینی ئەدەبیدا ئەتاوێتەوە ـ ئەو نووسینەی بەرو سۆزی تیا هاوکارە ـ بۆیە ئەم کەسێتییە زۆر بە چاکی لە تاوێنەی دەقە ئەدەبییەکەوە دەرئەکەوێ کە واتە ئەبێ ئەدەب بریتی بێ لە ( کەسێتی نووسەر ) وەك هەندێ کەس ئەڵێن :.

گوتمان ئەدەب ئەوەیە کە لە سوزێکی بزواو دێتە دەرەوەو سۆزێکی هێمن ئەبزوێنێ ، بەڵام ئایا مەرجە هەرشتێکی سۆز بیزوێنێت ئەدەب بێ ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وا چاکە ئەوە بخەینە روو کە گەلێ کەس ئەڵێن : مێژوو ئەدەبە ، ئەگەرچی یەکەم مەبەستی ریز کردنی راستەقینەکانو ئاوەدان کردنەوەی زەینەو راستەو راستیش روو ناکاتە هەستو سۆز بەڵام لەگەڵ ئەماشا نووسراوی مێژوویی وا هەیە کە بۆ لێ کۆڵینەوەو لێ وورد بوونەوە پان ناکرێتەوەو نووسەر نایەوێ لە پەنا راستەقینە کانەوە خوێنەر بزوێنێ بەڵکو هەر رووداوەکە بە دەست پاکی ئەگێرێتەوەو هیچیتر ، بێ ئەوەی گەرمایی هەستو سۆزی بگەیەنێتی ؛ کەوابوو ئەو باسەی بۆ ئەدەبمان کرد بە مانا تایبەتییەکەیەوە کە لەسەرچاوەی سۆزەوە هەڵدێنجرێو لەبەرهەمی بە کاریگەرو هەســت بزوێنە دەرئەکەوێ ...

کەواتە مەرج نی یە هەر شتێ سۆز بزوێنی ئەدەب بێ چونکە وەك گوتمان زۆر جار وا ئەبێ مێژوو نووس هەوڵ ئەدا سۆزی خوێنەر بزوێنێ ، کەچی باسەکەشی مێژووە نەك ئەدەب .

هەر نووسینێکی کە ژیری و زانیاری یەکی رووتی تیا بێت وەکو ( منطق ) ـ ئەندازە ـ کیمیا ـ ... لە چوارچێوەی ئەدەبی تایبەتی دەرئەچێ ، خۆ ئەگەر بێت و بە رووتی نەبێت و سۆز بکاتە پاڵپشت بۆ بڵاوکردنەوەو دەرخستنی زانیاری یەکە وەکو لێ کۆڵینەوەی ئەدەبی یا کۆمەڵایەتی یا مێژوویی تێکەڵ بە سۆز ، ئەو حەلە لە نێوانی ئەدەبی تایبەتی و گشتی دا ئەبێ هەر لەبەر ئەوەشە هەست و سۆز ئەکا بە پەیژە بۆ گەیشتن بە مەبەستی زانیاری خـۆی ، لێرەدا ئێمـە خۆمان بەرانبـەر سێ شت ئەبینین : ـ

١ ـ ئەگەر یەکەم ئامانجی ئەدەب ئەوە بێت کە هەست و نەست و سۆزو گرداز بزوێنێ ئەوا بەرهەمی هێزدارمان دەست ئەکەوێ .

٢ ـ ئەگەر مەبەست هەر ئەوە بێت کە شتی زانیـاری روون و ســـاخ بکرێتەوە ئەو کاتە زانســـت دێتە ناوەوە کە پێ ی دەگوترێ . ( Science )

٣ ـ ئەگەر سۆز بزواندنەکە نەبێتە یەکەم ئامانجی نووسین و

وسینەکەش زانیاری‌یەکی رووت نەبێ بەڵکو ئەو هەست سۆزە ریگا بێت بۆ گەیشتنە زانیاری‌یەکە ئەوا لە ناوەراستدا دەچەقێ . . تاسۆزەکە زیاتربێ نووسینەکە لە ئەدەبی تایبەتی نزیکتر ئەبێتەوە ، وە تا زانیاری‌یەکە پتربێ زیاتر باسەکە بۆ لای زانست ئەچێ .

( دی کوینسی ) ئەڵێ : « زۆر زەحمەتە کە ئەو دوو جۆرە ئەدەبەلێـك بکەینـەوەکە کەوتـوونەتە نێـوان ئەدەب و زانـت ... » چونکە ئەو ئەدەبەی ئێمـە بە مانای تایبەتی تێی گەیشتووین و گوتمان ئەوەیە سۆزی تیا زاڵ بێ وا نەبێ هەر تەنیا سۆزێکی رووت و رەجاڵ بێ و بەس بەڵکو ئەبێ لە پەنا ئەو سۆزەوە بیرێك یا راستەقینەیەك هەبێ ئنجا سۆزەکە تێکەڵ بەو بیرە بکرێ و دەر بیرێ .. کەواتە ئەدەب لە بنەرەتەوە لە بیرو سۆزەوە پێـك هاتووە بەڵام ئەوەندە هەیە ئەدەبی هێزدار مەبەستی هـەرە گەورەی سـۆز بزواندنەو راستەقینەکان ئەکاتە هۆ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ، کەچی لە مێژوو ولێکۆڵینەوەدا بە پێچەوانەی ئەمە ئامانجی راگەیاندنی راستەقینەکەیە ، بەڵام سۆز ئەکاتە پەیژە بۆگەیشتنی بەم ئامانجە هەروەکو باسمان لە بایەخ پێدان و گرنگی سۆز بۆ ئەدەب کرد واتە سۆز یەکەم بنەرەتی ئەدەبە بەڵام وە نەبێ ئەو سۆزە بنەرەتی تاقانە بێت چونکە پێویستە بیرو راستەقینەیەکیش هەبێ و ببێتە پاڵپشت و بناغەی سۆزەکە هەر ئەو بیرەشە کە ئەدەب و مۆسیقا لەیەك دائەبرێنێ ، سازی توندو بە کار راستەوخۆ روو ئەکاتە دڵی

گوێگرو خوێنەرەکی تیا ئەخات ، هەستێکی تیا پەیدا ئەکات ، بە بێ ئەوەی بیرو ڕاستەقینەیەك هەبێ کە لەگەڵ سۆزەکەوە دوو بە دوو تێ بکۆشن بۆ گەیشتنە ئامانج بەڵام ئەدەب بە بێ یارمەتی ئەم بیرە کە بڕبڕەی پشتیەتی ناتوانێ ئەو هەستە بجوولێنێ.

کەواتە ئەدەب بەو ناوەی کە هونەرەو ئەچێتە ژێر ئاڵای هونەرە جوانەکانەوە ئەبێ لەگەڵ ئەو سۆز بزواندنەی کە ئامانجیەتی بیریکیشی تیـا بێ ، بەم جۆرە ( بیر ) ئەبێتە ڕەگەزێکی تری ئەدەب و شان بە شانی ( سۆز ) ئەڕوات .

بێ گومان سۆزو بیر پێکەوە بە تەنها ناتوانن دەقێکی ئەدەبی دروســـــت بکـەن بەڵکــو لەگەڵ ئەمـــانەش دا ئەبێ خاوەنەکەی خەیاڵێکی فراوانی هەبێت و بەو خـــەیاڵە بچێ وێنەی جوان بدۆزێتەوە پەیکەرێك بۆ سۆزو بیرەکە دابڕێژێ و ئەو پەیکەرە بکا بە نموونەیێکی نموونەیی و پێشانی خوێنەر یا گوێگری بدات تا ئەویش بتوانێ لە چوارچیوەی ئەو پەیکەرە خـەیاڵیەوە تیشـــکی وگری بـــیر بەدی بکات ئەوەی ئەو پەیکەرەش دروست ئەکا وەکو گوتمان ( خەیاڵ ) ە ئەوەشیان سێیەم ڕەگەزی ئەدەبە .

لە ئەنجام دا ناتوانین چاو لە شێوەو چۆنیتی داڕشتنەکە بپۆشین ؛ چونکە ئەگەر بە بیرو سۆزو خـــەیاڵ بوەستین ، ئەو جەلە هیچمان نایەتە دەست چونکە ئەوان شتی (بزۆنی - معنوی) ن و ئەبێ بخرێنە قالبی ووشەوە ، ئەو ووشەو ڕستانەش کە سۆزو بیرو خەیاڵەکە دەرئەبڕن پێیان ئەگوترێ ( شێوە ) .

کەواتە ئەدەب ئەو پارچــە نووسراوە بە هێزەیە کە لە سۆزێکی زیندوو هەڵقوڵاوەو بۆ بزواندنی سۆزی گوێگر هەوڵ ئەدا ؛ ئەمەشیان بەو بیرو خەیاڵو شێوە رازاوە ئەبێ کە بە جوانترین شێوەو توندترین جۆر پێشانی ئەدەن .

پوختەی ئەم باسە دێتە ســەر ئەوە کە ئەدەب لەم چوار رەگەزە دروست ئەبێ : -

١ — سۆز Imotion

کلپەو گڕێکە ئەکەوێتە دڵو رائیــە چلەکێنێ ، یاخود سەرچاوەیەکی روونەو لە پەرەکانی دڵەوە هەڵئــەقوڵێ . ئەم سۆزەش وا ئەبێ کە ئامانج بێو هەوڵی بۆ بدرێ ، هەروەکو ئەشبێ رێگا بێ بۆ راگەیاندنی بیرێك بە هۆی بزواندنێکی راچەنینانەی دەروونییەوە .

٢ — بیر thought - یا - Fact

ئەو بیرورایەیە کە نووسەر ئەیەوێ بیگەیەنێتە خوێنــەر ، ئەمەشیان یەکەم بنەرەتی هونەری ( اقناعی ) یە .

٣ — ئەندێشە . Imagination

هەر ئەندێشە یا پەیکەری شتە مادییەکان ئەهێڵێتەوە ، بێ گومان ئەگەر ئەندێشە نەبێت بەیانو ئەدەب ئەوەستێ ، ئەو پەیکەرەی ئەدەب هەیەتی نامێنێ ، چونکە ئەگەر ئەندێشــەکە نەچێ ئەو پەیکەرەی بۆ دروست بکا پاشان ووشەکان دەری ببڕن ،

ووشه ناتوانێ بچێ ئەو گوزارانه بێنێت و به شێوەیەکی کاریگەر بیانخاتە روو .

٤ ـ شێوه Form

ئەو قالبەیه یا ئەو ووشەو رسته رێکانەیه که سۆزو ئەندێشەو بیرەکەیان تیا دائەرژێ .

ئەم چوار رەگەزەی ئەدەب پێکەوە بەستراون و لەیەك جیا ناکرێنەوە هــەر یەکێکیان نەمێنێ ئەدەبەکە ســەری تیــا ئەچێ .

## سەرچاوە کانی ئەم باسه


( ١ ) اصول النقد الادبي ـ احمد الشايب ـ .

( ٢ ) بلاغة ارسطو بين العرب واليونان : ابراهيم سلامه .

( ٣ ) الاديب وصناعته : ترجمه جبرا ابراهيم جبرا .

( ٤ ) آراء واحاديث في اللغة والأدب : ساطع الحصري .

( ٥ ) ئەدەبی کوردی ولێکۆڵینەوە له ئەدەبی کوردی ـ سجادی .

( ٦ ) نرخ شناسی ، علاء الدين سجادی .

( ٧ ) فەرهەنگی هەڵبەست : احمد رەشوانی .

## رەخنە چی‌یە ..

لە سەردەمی ئیمڕۆماندا کە بازاڕی چاپەمەنی کوردی گرمەی دێت‌و یەك لەدوای‌یەك بەرهەمی ئەدەبی هەمە جۆر لە کارگە دێتە دەرەوە ، هەروەها چلی هەندێ شاعیرو نووسەری تازە شکۆفە ئەکات ، هەست بە کەلەبەرو بۆشـــایی‌یەکی زۆر فراوان ئەکەین لە رووی رەخنـــەوە : رەخنـــەیەکی راست‌و دروست ، رەخنەیەکی ئازاو نەترس ؛ رەخنـــەیەکی ئەوتۆ بە چەکێکی بابەتی - موضوعی - قووڵ‌و پەڵهاوێژ بێتە پێشـــەوەو هەموو پەیوەندی‌یەکی کۆمەڵایەتی‌و دۆستایەتی‌و برادەرایەتی بکا بە قوربانی رەخنەیەکی ئاراستەکەرو دۆزەرەوەی سوود بەخش لە پێناوی پێش‌خستن‌و گەشەپێدانی ئەدەبەکەماندا .

بەراستی « ئێمە پێویستمان بە رەخنەگرێکە کە هەوڵ بدات‌و تێبکۆشێ بۆ ئەوەی لە بەرهەمی راستەقینەی هونەری وورد بێتەوەو لە بنج‌و بناوانەوە رۆشنی بکاتەوەو تیشکێکی رووناك باوێتە سەر تاقی کردنەوەی شعوری - هەستی - و پەیوەندی ئەو بەرهەمە دەربخا بە کۆمەڵەکەیی‌و بەتاقی کردنەوەکانی کۆمـــەڵایـــەتی‌و بزووتنـــەوەی داهێنـــانی ئەدەبی ، بـــۆ ئەوەی کێشـــەی ئەدەبیان چێژ تەشـــەنە نەکات .. (١) .. »

رەنگە لەگەڵ پێستنی ووشەی (رەخنەو) چاوکەوتنمان بە سەرباسێکی رەخنەگری‌دا راستەو خۆ تانووت‌و پەلار هاویشتنیان بە مێشکما تێ‌بپەڕێ ، وەك بڵێی ( رەخنە ) لە فەرهەنگی ئێمەدا پەردە دامالین بێت ، لە رووی گەندی‌و خەوشداری بەرهەمی ئەدەبی بە هیوای شکاندنو نرخ کەم‌کردنەوەی .
خۆ ئەگەر یەکێ زۆر لە خۆی بکات‌و خۆی نەداتە دەست ئەم چەمکە پووچ‌و بێ سەنگەوە ئەوا راستەوخۆ باوەش ئەکا بە مانا کلاسیکی یەکەی رەخنـــە کە ئەڵێ : رەخنـــە لێك جیاکودنەوەی رەش‌و سپی‌و دابڕاندنی چـــاکەو خراپەو هەڵاواردنی جوانی‌و ناشیرینی‌یە لە هـــەر بەرهەمێکی ئەدەبی‌دا ئەمەشیان هەمووی پاش لێك هەڵوەشاندنو خســتنەرووی بەرهەمەکەوە ، بەڵام پێشکەوتنی رۆژگارو تەکاندنی بەگوڕی ریژەی جیهـــانی بەشێوەیەکی تێـــکڕایی بە زەبری ســـروشتی خۆیەوە چەمك‌و ماناو پەیام‌و رێچکەی رەخنەی ئەدەبی گۆڕی‌و خستیە بەردەم واقعێکی‌ترەوە ، لە کردەوەیەکی سادەو ساکاری تەنکاوبڕ کردیە کردەوەیەکی داهێنەری خوارەوەو نهێنی‌یەکانی بلنۆزێتەوە . ئەو باوەرە گەندەڵ‌و کرمۆڵ‌و رزیوو بۆگەنەش بەتەواوی تووڕ دراو لەناوچوو کەگوایە رەخنە هێچ نرخ‌و نموودێکی نی‌یەو تەنها سك لەوەڕێنە بەسەر بەرهەمی ئەدەبی‌دا .
بێ گومان ( پەیوەندی نێوان رەخنەو زوونەوەی ئەدەبی و هونەری ، پەیوەندی پێشڕۆو پاشڕۆ - تابع‌و متبوع - نی‌یە

مەرجیش نی یە ئەدەب و هونەر خەملیو بن تا رەخنەش بکەوێتە نەش و نماو رسکان .. ئەبێ رەخنە دەورێکی رۆشـــنبیری و هونەری و جلەوگیری بگێڕێت و ڕێگا خۆشکەر بێت بۆ بزووتنەوەیەکی هونەری چالاك ، رەخنـــە خۆی لە خۆیەوە کردەوەیەکی داهێنانەی بەرزو پیرۆزەو سەنگی تایبەتی خۆی هەیە که هیچ کەمتر نی یە لە بزووتنەوەی هونەری ئەگەر پتریش نەبێ .. (٢) .. » .

راستە ! رەخنەی راستەقینە کردەوەیەکی قووڵ و ووردو ڕێ نیشاندەرە ، هیچ بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری ناتوانێ بەگوڕ سنگ بنێ بۆ پێشەوەو بە پەیژەی ئەدەبێکی نەمری جیهانی یەوە سەربکەوێ ، ئەگەر بزووتنەوەیەکی رەخنەگرانەی تێ گەیشتوو و پی گەیشتووی لەگەڵدا شان بە شان نەڕوا کە لە ناخی ئەم بزووتنەوە ئەدەبی یەوە بە زەبری پێویستی یەوە هەڵقوڵا بێت و لە گەڵیا تێکەڵ ببێ و تێ ی دا بتاوێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ باڵی پێ بگرێ و تەمی سەر ڕێگای بەتیشکی تیژی ئومێدی پێشکەوتن بڕوێنێتەوەو لە هەڵەو تێ کەوتن تەپ و کۆ هوشیار کەرەوەی بێت . !!

کە ئەڵێین ئەرك و پەیامی رەخنەو رەخنـــەکاری ئاراستە کردن و دۆزینەوەیە - دۆزینەوەی نهێنی یەکانی دوو توێ بەرهەمی ئەدەبی بۆ خوێنەر پێویستە لەسەر ڕێ و شوێنێکی

دیارو له چیواچیوەی گشتی پڕۆگرام‌و ڕێڕەوێکی پوخت‌و لە جێ بێت ئەوەشیان هەرگیز نابێ بگاتە ئەو ئاستەی کە وەکو کۆت‌و کەلەپچەو زنجیر پەل‌و پۆی ڕەخنـــە بەند بکات ، چونکە نابێ ڕەخنە شتی بە زۆر داسەپێنراوو شوورەی زلی بەرزکراوەی تیا بێت ، بەڵکو ئەو پڕوگرامەی کە لاپەنی گشتی ڕەچاو ئەکرێت ئەبێ ماوەی جوولانەوەی سەربەستی ڕەخنەگری هەر تیا بمێنێ .. بۆ ئەوەی بە هێزی بەڵگەو توانای کێشەیەکی دادپەروەرانەی کاریگەر بتوانێ کار بکاتە سەر دڵ‌و دەروونی نووسەر یا هۆنەر بە چەشنێکی وا لە قوولاییەوە بیهەژێنێ کە بۆ جارێکی تر ئەگەر دووبارە بە نووسینەکەیدا هاتەوە یا شتێکی‌تری تازە بابەتی نووسی بەڵگەو ئامۆژگاری‌یەکانی ڕەخنەگری لەبەرچاو بێت‌و چاو ببڕێتە ئەو شوێنەی کە ڕەخنەگرەکە بە گیانێکی بابەتی‌و دوور لە هەموو ( اعتبار ) یکەوە دەستی بۆ لەســـەر دانابوو ، وە بەو پەڕی هەوەس‌و سەربەستی‌یەوە تیبێنی سەرنجەکانی بکات . ئاشکرایە کە سەربەستی بۆ شاعیر وەکو ئاوو هەناسـە وایە بۆ گیاندار بۆیە هەرگیز نابێ ڕەخنـەگر بە زۆرە ملی دەستوورو ڕێبازو پرۆگرامی تەســـك‌و تریـــکی تایبەتی خۆی بەسـەر شاعیرو نووسەردا بسـەپێنێ یا بە ڕووی پزووتنەوەی نوێ‌خـوازیدا بچێ‌و تەگەرەی بخاتە پێش چونکە بەمەوە نووسەر یا هۆنەر

هێزو توانای داهێنانی دادەپەسترێتەوەو لافاوی ئارەزووو و هەوەسی بزواو لە دایا پەنگ ئەداتەوە ئەو حەلە هۆنەر یا نووسەر ناچاو ئەبێ بە (تکلف) شت بنووسێ ، (تکلف) یش زەمەرێکی کوشندەیەو ئەرژێتە کاسەی بەهرەی داهێنانو دروست کردنو ئەیرژێنێ ؛ چونکە داهێنان هێزێکی شاراوەی توندو تیژە لە ئەنجامی ووردبوونەوەیەکی خـودی - ذاتی - پوختـو رێکو سـەرنج دانی قوول لە دونیای دەرەوە ؛ لە ناخی شاعیرەوە سەر هەڵئەدا - بە مەوەش - شـووره کێشان بۆ ئەدەب - مەرجێکی هەره گەورەی ئەدەبی نەمر پێ پەست ئەبێ . .

گارووَدی ئەڵێ : « لێ کۆڵینەوە لە هۆنراوەکانی - بیرس - لە پێش هـەموو شـتێکا ئەوە ئەگەیەنێ کە بە شـوێن ئەو دەستوورانە بگەرێێن کە وەك لایەنێکی داهێنانە تاقی کردنەوەی شاعیر پێشان ئەدەن ..(۳) . » واتە ئەبێ رەخنەگری دڵسۆز بە شوێن سـەرەداوی ئەو کلافەیەدا بگەرێ کە ئەیگەیەنێتە دۆزینەوەو دەرخسـتنی ئەو داهێنانەی کە لە تاقی کردنەوەی شعوری خاوەنەکەیەوە هەڵقولاوە - واتە ئەبێ چەند دەستوورێك لە جەرگەی بەرهەمەکەوە دەربێنینو بیکەین بە تیشـکێكو ئاراستەی بکەین بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی بەرهەمی ئەدەبی چونکە ئاشکرایە « ئەبـێ رەخنەگر رێچکەیەکی رەخنەگرانەی

خاوەن دروشمو نەخشەیەکی دیار بگرێتو لەبەر رۆشنایی ئەو نەخشەیە ئەدەبەکە هەڵسەنگێنێو رەخنەی لێ بگرێ . (٤) .. »

واتە چۆنیەتی رەخنەگرتنو بۆ چوونەکە بە شێوەیەکی لابڕو تێك پەڕیو نەبێت بەڵکو لە خاڵی گشتی جەمسەری رەخنەکە تێك بکاتەوەو شتێك بدا بە دەستەوە ، ئەراگۆن ئەڵێ :

« هەموو رەخنەیەك لە چوارچێوەی گشتی یەوە شتێکی تیایە ئەیەوێ دەری بخا ، نووسەریش بە هێزی ئەم چەمكو تێ گەیشتنەی رەخنەوە لەگەڵ خوێنەرەکانی لەیەك ئەگەن . لێرەدا رەخنەگر دەسەڵاتو توانای ئەخاتە کارو کار ئەکاتە سەر ئەو بیروباوەڕانەی وەك راستی یەك دانیان پێ دائەنرێ . . (٥) . »

لێرەدا بەوە ئەگەین کە رەخنەگری ووردبینو راستەقینە وەکو ئەندازیارێکی شارەزاو چاوتیژو پەڵهاوێژ وایە ، ئەندازەی هەستو سۆزو جۆری بیروباوەڕو رەوتی دوورو درێژی خەیاڵو دارشتنی جۆراو جۆری هونەری ئەگرێ و تێکی ئەتاوێنێتەوەو وەك بناغەیەکی پتەو دائەڕێژێ بۆ هەڵنانی کۆشکی رەخنەیەکی رازاوەی بەرزهەڵچوو ، چونکە لەگەڵ ئەو واقیعە ـ چۆنیەتە ـ تێکەڵ ئەبێ کە لە ئارادایەو کاری تێ ئەکاتو وەك مەشخەڵێك ئەبێ بە رێ رۆشن کەرەوەو مزگێنی هێنەری واقعێکی باشتری وا کە شیاوی ئەو شوێنو ئەو سەردەمە بێت کە نەتەوەکەی تیا ئەژیتو لەبەر تەووژمی باوەڕی گشتی مرۆڤایەتی هاوچاخ

رێچکەیەکی تایبەتی ئەگرێ !! ئەماشیان ئەگەر بە هۆی شتێکەوە بێتەدی بەوە ئەبێ کە وەڵامەوەری‌و تێك گەشتنێك لە نێوانی نووسەرو رەخنەگردا هەبێت چونکە « رەخنەگر وەکو - بۆرە -ی ئاوێنە وایە لەهەموو لایەکەوە تیشکی نووسـەرو هونەرانی بۆ دێت‌و تیـایا یەکانگیر ئەبن .. ئەویش بە دەوری خۆی ئەو تیشکانە رێك دەیەخی‌و تیشکێکی بەهێزی نوێیان لێ‌پێك دێنێ‌و بەو تیشکە رووناکە رێگا بۆ نووسەرو هۆنەر روون ئەکاتەوە(٦) .»

کە ئەو تێشك هاویشتنەش ( سارتەر ) گۆتەنی بۆ ئەوەیە کە نووسەر شتێ ئەنووسێ دیارە شـتێکی لە دڵایەو ئەیەوێ بە خوێنەری بگەیەنێ جا رەخنەگر ویست‌و خواستی نووسەرەکە یا هۆنەرەکە بۆ خوێنەر روون ئەکاتەوەو تێی ئەگەیەنێ . .

ئەو کاتەی رەخنەگر لە بەر هەمێکی ئەدەبی ئەکۆڵێتەوەو پاش ووردبوونەوەیەکی زۆر ئەگاتە باوەڕێك‌و باوەڕەکە بەرانبەر بەرهەمەکەوە پێشان ئەدا . ئەم باوەر دەربڕینەش بریتی‌یە لە « کردەوەیەکی کومـەڵایەتی‌و جوانکاری پێکەوە . ( ٧ ) .

لێرەدا رەخنەگر لێ‌پرسینەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە بەردەم قیت ئەبێتەوە بۆیە زیاتر گەرووی ووشك ئەبێ بۆ چووڕی تێگەیشتنی مانای راستەقینەی بەرهەمەکەو مەبەستی نووسەر لە نووسینەکەیا .

هەموو کردەوەیەکی رەخنەیی بە زەبری، سرووشتی، ووردانەی خویەوە بەم هەنگاوانەدا ئەڕوا :-

١ ـ خوێندنەوەی بەرهەمەکە زۆر بە ووردی ، بۆ وەرگرتن تێگەیشتنی ماناو ناوەرۆکی باسەکە ئەمەشیان کردەوەیەکی ـ خودی ـ ذاتی یە چونکە چۆنیەتیو چەندێتی لێگەیشتنو متأسربوونی بە بەرهەمەکەوە بە توانای کەسێتی رەخنەگرەکەوە بەستراوە .

٢ ـ شیکردنەوەو لێکدانەوە وبەراوردکردنی بەرهەمەکە ! ئەمەشیان کردەوەیەکی یا هەنگاوێکی بابەتی ـ موضوعی ـ یە لە هەنگاوەکانی رەخنــەگرتندا ، چونکە شیکردنەوەکە بە گیانێکی زانیاریو بە پێی ڕێو شوێنێکی بابەتی دیارەوە ئەبێت .

٣ ـ هەڵسەنگاندنو نرخشناسی بەرهەمەکە ، ئەمەشیان بریتی یە لەو ئەنجامانەی کە رەخنەگر لە ئەنجامدا بە دەستی دێنێ ، لە ناخی باسەکەدا باوەڕەکەی چەکەرەکە ئەکاتو پێ ئەگات ، هــەر بەو باوەڕەش بۆ بەرهــەمەکە ئەچێو پێی هەڵئەسەنگێنێ .

لێرەدا ئەگەر رەخنــەگر زۆر هوشیارو ئاگادار نەبێ جلەوی سۆزی لە دەست بەر ئەبێتو پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆی داوێتە ناو ئیشەکەو رەخنەکە ئەشێوێنێو رووی بۆ لایەکیتر وەرئەگێڕێ بۆیە لەم هەنگاوە ناسکەدا رەخنەگر لە هەموو کاتو لە هەموو کەسێ پتر پێویستی بە حزمو نەترسی

هەیە ، پێویستی‌بەوە هەیە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەبەر پێی رەخنەیەکی راســتەقینەی خزمەتگوزاری ئەدەب بکاتە قۆچی قوربانی . نەك خزمەتی ئەدەب‌و رەخنەو دوا رۆژی ئەدەبیان بکا بە پارووبەکی چەور بۆ قورگی پەیوەندی‌یەکی کەسایەتی یا کۆمەڵایەتی ، لەمەوە بەو راستی‌یە ئەگەین کە رەخنە دوو لایەنی هەیە : یا بڵێین کردەوەیەکی دووسەرەیە : رەخنــە هونەرو زانستە پێکەوە .. زانستە چونکە بە پێی رۆشنبیری‌و ئاگاداری‌یەکی فراوان‌و قووڵ ، و لەســەر رێرەوێکی دیار ئەڕواو لە بەرهەمی ئەدەبی ئەکۆڵێتەوەو بە پێوانەیەکی بابەتی ـ موضوعي ـ هەڵئەسەنگێنێ‌و هەموو لایەنەکانی رەچاو ئەکات وەکو لایەنی جوانی‌و دەروونی‌و فەلسەفی‌و ئایدولۆژی‌و کۆمەڵایەتی وزمانەوانی‌و .. هتد و ئەیانکاتە بناغەی رەخنەیەکی سەرکەوتوو !! رەخنە لە هەمان کاتا هونەریشە ، هونەرە : چونکە بەگوێرەی، کەسێتی رەخنەگرەکەوە ئەگۆڕێ‌و لایەنی ( تأسری ) تا رادەیەکی زۆر سنگ دێنێتە پێشەوەو رێگا بۆ رەخنەکە خۆش ئەکات‌و هەست‌و سۆزی رەخنەگر بە تەووژمی سۆزو گودازی نووسەر یا هونەر کەف‌و کوڵ ئەکات‌و هەر چەندە رەخنەگر خۆی بچرێتەوە ناتوانێ لە کەمەی کار تێ‌کردنی بەرهەمەکەوە دووره پەرێز بوەستێ ، کە واش بێ لە ئەنجاما ئەم هەست‌و سۆز بزوانە لە کاتی هەڵسەنگاندنو

رادەربڕینا تێکەڵبەو باوەڕانە ئەبێت کە بەرانبەر بەرهەمەکە پیشان ئەدرێن . لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە رەخنەی ئەدەبی : هونەرو زانستەو ، و ئەم هـەر دوو لایەنە کارێکی زۆر ئەکەنە سـەر نەش‌ونمـا کردنی رەخنـەیەکی قووڵ‌و سەرکەوتوو .

## سەرچاوەکان


١ ) گوڤاری ـ الآداب ـ ژمارە ( ٥ ) سـالی ( ٩٧١ ) . لاپەڕە ( ٧٩ ) .

٢ ) گۆڤاری ـ المثقـف العربی ـ ژمارە ( ١ ) سـالی (٣) ـ ١٩٧١ .

٣ ) واقعیه بلا ضفاف ـ رۆجیه گاروودی ـ ل ١٠٥ .

٤ ) حین تقاوم الکلمة ـ محمد الجزائری ـ ١٠٤ـ١٠٥ .

٥ ) مقدمة ـ واقعیة بلا ضفاف ـ بقلم ـ آراگۆن ـ ل ٦

٦ ) گۆڤاری ( الآداب ) سالی ٩٦١ ژمارەی‌تایبەتی ـ النقد الأدبی ـ ل ٧ .

٧ ) الأدیب وصناعتـه . مقال ف . أ . ماڤیسن ـ مسـؤولیات النقد ـ ل ٢١٢ ـ ٢١٣ .

# سەرنجێك لە مێژووی رەخنەی ئەدەبیدا

رەخنەی ئەدەبی کەیو چۆن لە کوێ سەری هەڵداوە؟ ئەو هۆیانە چین کە لەو دیو پەیدا بوونی رەخنەی ئەدەبیەوە وەستن ؟ چون رەخنەی ئەدەبی پەردە بە پەردە لەگەڵ گۆڕانی رۆژگاردا گۆڕانی بە سەردا هاتووە ؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە رەنگە شتێکی ئەوەندە سووكو ئاسان نەبێت ئەگەر بمانەوێ بە ووردی هەموو لایەنێکی مەسەلەکە دەربخەینو پەنجە بۆ هەموو نوقتەیەکی کاتو شوێنو چۆنیەتەکە درێژ بکەین ، چونکە ئەمەیان زەحمەتەو زۆر زەحمەتیشە ، بەڵام دوور نیە وەڵامەکە نەختێ ئاسـان بێت ئەگەر دڵمان بەوەندە دابکەوێ کە بە شـێوەیەکی گشتیو لە قاڵبێکی تێکراییدا باسی لێـــوە بکەین ، ئەوەی لە وەڵامدا ئەیلێین - هەر ئەمە ئەوووترێو ئەبێ هەر بشووترێ - ئەوەیە کە مەسەلەی رەخنەو رەخنەکاری گەلێ گەلێ کۆنو بە ساڵاچووە. چۆن تەمەنی لە تەمەنی بەرهەمی ئەدەبی - ئەدەبی دانراو - درێژتر نیە ئاواش کورت تر نیە ، بگرە هەر لەگەڵ ئەوەی کە ئادەمیزاد هەستی ناسکی بەرانبەر کارەساتو رووداو کێشەو تاقی کردنەوەی زیندووی ژیان بزواوەو ویستوویەتی ئەو هەستە

بزواوه دەربڕێ ، واتە هەر لەو کاتەوە کە ئادەمیزاد هەستی بەوە کردووە کە هێزێکی سیحراوی‌و نهێنێ لە ناوەوەی‌دا هەیەو ئەیهەژێنێ‌و پاڵی پێوە ئەنێ بۆ دەربڕینی سۆزو گودازو سووتانەوەی دڵ‌و ویژدانی ، ئاشکراتر : هەر لەو سەردەمەوە کە بەرهەمی ئەدەبی‌و هونەری لە دایك بوۆە ، رەخنەی ئەدبیش هەناسەی ژیانی هەڵکێشاوەو کەوتۆتە نەش‌و نماو پەل‌و پۆ هاویشتن ؛ رەخنەی ئەدەبی لەو کاتەوە چاوی پشکووتووە کە بەرهەمی هونەری‌و ئەدەبی توانیویە دەوری کارتێکردنی خۆی ببینێ ، خۆ دیارە ئەم کارتێکردن‌و متأسر بوونەی ئادەمیزاد ، - هەر ئادەمیزادێك بێت - بە بەرهەمێکی ئەدەبی - هەر بەر هەمێك بێت - بۆ چەند شتێك ئەگەڕێتەوە ، یا چەند شتێك هەن کە دەوری گرنگ‌و بەکار ئەگێڕن لە چۆنیەتی و چەندیەتی هەڵقولاندن‌و بزواندنی ئەو هەستەی کە لە دڵی ئادەمیزادەوە پەیدا ئەبێ وەکو رادەی گەرمی‌و توندو تیژی یا نەرمی‌و هێمنی هەستی ئەو کەسەی کە بەرهەمەکە ئەدات بە تایبەتی لە حانی بەرهەم دانەکەدا ، هەروەها هەست‌و نەست‌و چۆنیەتی بیرکردنەوەو لێکدانەوەی ئەو کەسەی کە باوەش بۆ بەرهەمەکە ئەکاتەوەو بەرهەمەکە کاری خۆی تێ‌ئەکات‌و دەوس‌و شوونی ئەم کارتێکردنە لە ناخی دڵیا هەر ئەمێنێ ؟ یا بڵێین ئەم هەموو شتانە ئەکەنە

کارێ کە بەرهەمە ئەدەبی یەکە ، یا هونەری یەکە هەستێکی تایبەتی لە دڵی ئادەمیزادا هەڵبقوڵێنێ ، ئەو هەستەش کە پەیدا ئەبێ ـ بێ گومان لە ئەنجامی کارتێ کردنی بەرهەمەکەوە ـ خاوەنەکەی ئەیەوێ گرێی دەروونی دەربڕێ و خەڵکی تریش لەو هەستە ئاگادار بکا کە بەرانبەر رووداوێك یا هەڵویستێك بۆی پەیدا بووە . جا لەگەڵ هەست دەربڕینەکەی ئەوا یەکەم کۆرپەی رەخنەی ئەدەبی لە دایك ئەبێ ... بەڵام ئەوەندە هەیە وەکو چۆن ئەدەب یا هونەر لە سەرەتای چاو کردنەوەو چووزەرە دەرکردنیەوە بەرگ و قالبێـــکی رێك و رەوانی نەگرتبوو ، ساڵەهای ساڵ بوو بە دوای رێ و شوێنێك دا وێڵ بوو تا بیگرێتە بەر، رەخنەش هەر بەم جۆرە لەو هەنگاوی بەرایی دا هەر لە قالبێکی شل و شێواو دابوو و بریتی بوو لە دەربڕینی کت و پڕو ساکارانەی هەستێکی هەڵچوو . جا کە کارتێ کردن و هەست بزواندن و دەربڕینی ساکارانە یەکەم نیشـــانەی ئەو دەورەی رەخنەی ئەدەبی بێت ، دیارە چـــەشەی ئەدەبی ـ الذوق الأدبي ـ یەکەم پاڵپشت و هاندەرو خولقێنەری ئەم جۆرە رەخنەیەیەو زەمینەی بەپیت رسکانیەتی ، چونکە کردەوەی ـ کارتێ کردن و هەست بزواندن ـ لەسەر چاوەی ( چەشەی ئەدەبی ) یەوە ئاوی ژیان ئەخواتەوەو پەیدا ئەبێ .

ئەم جۆرە رەخنەیە ـ رەخنەی کارتێ کردن ـ النقد التأثري ـ

وە نەبێ لە شوێنێکی دیارو تایبەتی‌یەوە چەکەرەی کردبێ‌و
گەڵالە بووبێ بەڵکو لە هەر شوێنێ بەرهەمی ئەدەبی هەبووبێ
ئەم بەرهەمە خەسیەتی کارتێ‌کردن‌و بزواندنی تیا بووبێ
ڕەخنەی تأسیری هەبووە .. تا ئەمڕۆش دەوری ئەم کارتێ‌کردنە
لە دونیای ڕەخنەکاری‌دا هەر ماوەو هەر باوەو هەر ئەشمێنێ،
بۆیەش ئەمێنێ چونکە یەکێ لە ئامانج‌و ڕەگەزەکانی ئەدەب
کارتێ‌کردنە ، کە کارتێ‌کردنیش هەبوو مانای وایە هەست
ئەبزوێنێ ، کە هەستیش بزوا بە دوای دەرەتانێك ئەگەڕێ
بۆ ئەوەی رزگاری ببێ‌و دەربپڕێ ، کە دەریش بڕا ئیتر
ئەبێ بە ڕەخنە ، بۆیە تا ئێستاش پێویستە ڕەخنەگر لە یەکەم
هەنگاوی ڕەخنـــەگرتنیا زۆر بە ووردو قووڵی بەرهەمەکە
بخوێنێتەوەو بە چاکی تێ‌ی بگات ، نەك هـەر تێ‌ی بگات‌و
بەس بەڵکو ئەبـێ بەرهەمەکە تەزووو ڕاچـەنین‌و موچڕکێکی
گەرمی پێ ببەخشێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەگوێرەی بیرکردنەوە
لێکدانەوەی خۆی ئەم هەست‌و ڕاچـــەنینە دەربڕێ‌و بیخاتە
بەر تەرازووەوە ، بۆ ئەمەش پێویســـتە ڕەخنەگر بە تەواوی
بچێتـە دونیـــای بەرهـــەمـــەکەو بە تەواوی لەگـــەڵیـــا
تێـکەڵ ببـێ‌و لەگـەڵیـا بژیـێ ، لێـرەدا ڕەنگـــە
بووترێ ئەم جۆرە ڕەخنەیە ( ڕەخنەی تأثری ـ ) وەك هێزێکی
بە تین مولقولاو وایە هەست ئەبزوێنێ‌و ئارەزوو هەڵئەرێژێ‌و
دوور نی‌یە ئەم ئارەزووە کە وەك لافاو هەڵساو هەموو لایەکی
گرتەوە ، دەرگای هۆش‌و بیرکردنەوەو لێکدانەوە دابخاو

سپی بکا بە رەش‌و رەش بکا بە سپی یا کوردە گوتەنی : « دۆو دۆشاو تێکەڵ بکات » .. بەڵێ ئەم قسەیە ئەکرێ‌و ئەم رەخنەیەش ئەگیرێ بەڵام ئەبێ ئەوە زۆر چاك بزانین کە ( رەخنە ئاسری ) یەکەی ئیمڕۆ وەکو رەخنـەـە سادەو ساکارەکەی سەردەمی زوو هەموو شتێك نی‌یە ، بەڵکو تەنیا هەنگاوێکەو هەنگاوی سـەرەتایەو گەلێ هـەنگاوی تری بە دواوەیە کە بەرهەمەکە لێك هەڵئەوەشێنێ‌و روونی ئەکاتەوە ... ئیمڕۆ وەکو دوێنێ ی زوو وانی‌یە رەخنەگر بەوەندە وازبێنێ کە هەستەکەی بە روونی‌و سادەیی‌و شێواوی دەر ببڕێ‌و بەس ، بگرە ناچارە ئەو هەستەی کە پێشانی ئەداو ئەو رایەی کە رەیپێشی ئەکات بە بەڵگەی بابەتی ـ موضوعي ـ بیسەلمێنێ‌و بیچەسپێنێ ، ئەگەر توانی بەڵگەی زانیاری‌و بابەتی‌و ماقوول بۆ قسەکانی بێنێت ئەو حەلە دیارە چاك‌و خراپ تێکەڵ نابێ‌و رەخنەکە ئەکەوێتە بۆتەو قالبێکی تایبەتی‌یەوە ، خۆ ئەگەر کارای رەخنەگر نەیتوانی قسەکانی بسەلمێنێ‌و بیبـاتە دڵی خەڵکەوە ، واتە ئەگەر رەخنەکە تەنها ریتی بوو لە کەف‌و کوڵی هەستێکی کت‌وپڕ بزواو و چەند پەیوەندی‌یەکی کۆمەڵایەتی‌و کەسایەتی‌و دۆستایەتی دروستی کردبوو ، ئەوا هەر زوو رسوا ئەبێت‌و بە شەرمەزاری ئەکشێتەوەو ئەتوێتەوە؛ مەیدان بۆ رەخنەی بابەتی چۆڵ ئەکات .

ئەمە پوختەی سەرنجێکی تێکڕایی بوو دەربارەی خەسیەتو چۆنیەتی دەرکەوتنی ڕەخنــەی ئەدەبی ، دوا بە دوای ئەم مەنگاوە لەگەڵ هاتنە مەیدانەوەی ( ئەرەستۆڤان ) - شاعیری کۆمێدی ناوداری یۆنانی - جۆرە ڕەخنەیەکی تر هاتە کایەوە کە ڕەخنەی بیروباوەڕە - النقد الاعتقــادی - یە چونکە ( ئەرەستۆڤان ) ی شاعیر کاتێ کە کەوتە لێکۆڵینــەوەو ڕەخنەگرتن لە سێ شاعیرە تراژیدییە بە ناوبانگەکانی یۆنان : ( ئەسخیلۆس - سۆفۆکلیس - یوربیدیس - ) لەم ڕەخنــە گرتنەیدا بیرو باوەڕی تایبــەتی خۆێ کردبوو بە پێوەرو پێوانەو تەرازوو بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم سێ شاعیرە لە نۆڤلی - ڕوایە - ( بۆقەکان - الضفادع ) دا . لە ئەمنجــامدا ( ئەسخیلۆس ) ی لە پلەی یەکەمی شــاعیریەت داناو بە شاعیری هەرە گەورەی، ئەو ســەردەمەی دایە قەلەم ، ئنجا ( سوفوکلیس ) و لە پاش هەموویانەوە ( یۆربیدیس ) ! ئەم هەڵسەنگاندنو نرخ شناسییەش وەك ووتمان هەر بە پێی بیرو باوەڕی تایبەتی خۆی بوو . ( ئەرەستۆڤان ) خۆی لە بارەی کۆمەڵایەتییەوە لە بنەماڵەو خێزانێکی زۆر دەولەمەندو وەك ئەڵێن ( خانەدان ) بوو ، لە هەمان کاتیشا لە بەرەبابێکی دیندارو ئایین مەشرەب بوو . هەر ئەم دوو هۆیەش بوون - هۆی کۆمەڵایەتیو ئایینی - کە جۆرە هەڵویستو بیر کردنەوە

یەکی تایبەتی‌یان دابوو بە ( ئەرەستۆفان )و ئەویش ئەم هەڵویست و بیرکردنەوەی کردبووە پێوەرو تەرازوو لە رەخنەگرتن دا ..
هەر لەبەر ئەمەش بوو ( ئەسخیلۆس )ی بە یەکەم دانا چونکە لەگەڵ ئەوا هاوچێن‌و هاوبڕوابوو . ( ئەسخیلۆس ) ئەدەبەکەی کردبووە مینبەرێك‌و هەردەم بە باڵ‌و باهۆی خواکانی ئەوسای هەڵئەداو سەری ریزو حورمەتی بۆ دائەنەواندن .. هەر ئەم لێکدانەوەو بیرکردنەوەش بوو کە ناچاری کرد ( یۆریبیدیس ) لە دوا پلەی شاعیریەت دابنێ‌و بەربەرەکانی بکات‌و لەگەڵیا بکەوێتە پەنجە بازی چونکە ( یۆربیدیس ) بە پێچەوانەی ( ئەرەستۆفان ) و هاوڕێ‌کانی بڕوای تەواوی بە ئازادی بیرکردنەوەو فەلسەفەی نوێ هەبوو ، هەولی ئەدا پچڕانێك بخاتە نێوان بزووتنەوەی شانۆگەری‌و پاڵەوانێتی خواکان‌و باس‌و خواسی ئاینی .. وئەیەویست شانۆگەری لە جەرگەی ژیان‌و دڵی میللەت نزیك بکاتەوە ؛ واتە لە جیاتی ئەوەی بە خواکان هەڵبلێ‌و سەری ریزو قەدریان بۆ نەوی بکات واقیعی ژیانی سەردەمی خۆی لە شانۆگەری وێنا - تصویر - ئەکردو لە جیاتی خواو نیمچە خواکاندا ئادەمیزادی ئەکردە پاڵەوانی شانۆگەری‌یەکانی ، هەرچی‌و چۆنێك بێت لەگەڵ هاتنی ( ئەرەستۆفان ) و ئەو رێبازەی کە لە رەخنە گرتنا گرتبوویە بەر ( رەخنەی بیروباوەڕ - النقد الاعتقادی - ) هاتە کایەوە و

بڕەوی پەیدا کرد ، ئەگەرچی ئەمــەیان دووەم هــەنگاوە لە قۆناغەکانی مێژووی ڕەخنەگرتندا بەڵام تا ئەمڕۆش بیروباوەڕ دەستێکی باڵا ئەگێڕێ لە ڕەخنەی ئەدەبیدا و باوی گەلێ زۆرە لێرەدا ڕەنگە خوێنەر بپرسێ : پیاو ئەگەر بەگوێرەی بیروباوەڕی تایبەتی خۆی بڕوانێتە شــت دوور نییە ئەم بیروباوەڕەی کە ئەو هەیەتی ئاسمانو ڕیسمان بێ لەگەڵ ئەو باوەڕەی کە هەلێ ئەسەنگێنێ . لەوانەیە ئەم جیاوازییەش زۆر ڕاستی بخاتە ژێر باڵەوەو بیشارێتەوە ؟ لە وەڵامدا ئەڵێین مادام ئێمە ســەربەستی تەواو بدەین بە نووسەر یا شاعیر بۆ ئەوەی با وەڕی خــۆی بخاتە دووراوی ئەدەبەکەیەوە پێویستە هەربەم جۆرەش ڕێگای ڕەخنەگر بدرێ کە باوەڕی خوێ بێنێتە پێشەوە ، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم جۆرە ڕەخنەگرە ، یا ڕەخنــەگر لەم حاڵەتەدا ئەبێ پێ بە جەرگی خــۆیا بنێ و بە جارێك جــڵەو بۆ باوەڕی خۆی شــل نەکات کە ڕای نووســەر یا شــاعیر بشێوێنێ چونکە شێواندنو هەڵگێڕانەوەی بیروڕاو قســەی خەڵکی تر گەورەترین تاوانە ـ بەڵکو پێویستە ئەم جــۆرە ڕەخنەگرە لە پێشــا نمــوونەیەکی کتو متی ئەدەبەکە یا کورتەی باوەڕی بەرهەمەکە بخاتە ڕوو ئنجا لە پاشانا بەگوێرەی باوەڕی خۆی بکەوێتە ڕەخنە لێ گرتنو هەڵسەنگاندنی وەك ڕەخنەکانی د. محمد مندور لە شــانۆگەرییەکانی توفیــق الحکیم کە لە کتێبێکا دەرچووە بە ناوی ( مســرح توفیق الحکیــم ) . . . ئەرکی

هەرە گەورەی رەخنەگر لەم حالەتەدا ئەوەیە کە بە دەستی پاکی باوەڕی ناو بەرهەمەکە بخاتە روو ئیـدی ئەتوانی بە پێی باوەڕی خـۆی تیری بۆ بهـاوێژی یا باوەشی بۆ بکاتەوە ، هێرشی بەرێتە سەر یا نەوازشی بکاتەوە .. هەر چـۆن بێت ، ئەم جـۆرە رەخنەیە چـۆن دووەم هەنگاو یادووەم قۆناغە لە مێژووی پەیدابوونی رەخنەی ئەدەبی‌دا ، ئاواش تا ئیمرۆ هەر ماوەو خۆی راگرتووە بەڵام ئەوەندە هەیە گۆڕانی بەسـەرا هـاتووە و قالبێـکی رێك‌و پێك‌تری گرتووە لەوەی پێشوەو لایەنگرانی تایبەتی خۆی هەیە کە پێرەوی ئەکەن ، بەڵام دیسان نابێ لەو باوەڕە دابین کە ئەم جۆرە رەخنەیە هەموو شـتێکە چونکە ئەمەیان وایە ئیمڕو شوێنێکی زلی داگرتووە لەگۆڕەپانی رەخنەی ئەدەبی‌دا بەڵام دیسان گەلێ لایەنی تر هەن کە لەگەڵ ئەمدا کردەوەی قوول‌و ووردی رەخنە بەرەو خەست‌بوونەوەو بەرەو پۆپە هەڵکشان ئەبەن .

هەنگاوی سێ‌یەم لە مێژووی رەخنەی ئەدەبی‌دا بە هاتنی ( افلاطون ) و ( ارسطو ) دەست پێ‌ئەکات کە هەر یەکەیان خاوەنی باوەڕو رێبازێکی سەربەخۆ بوو لە رەخنـەگرتنا . ( افلاطون ) بە رێرەوی دیالیکتیکی‌دا ئەڕۆیشت‌و شتێکی لە مێشکا بوو ئەیەویست بەسەر ئەدەبدا بیسەپێنێ ، یا بڵێین لەپێشا لەباوەڕو شتێکی حازری بەردەستەوە دەستی پێ ئەکرد

ئنجا ئەهاتە سەر شیٚ کردنەوە لێکدانەوەی بەرهەمەکە بە پیٚ ی.
ئەم شتەی کە لەپێشەوە ئامادەی کردبوو . کەچی ( ارسطو )
بە پێچەوانەی ئەمەوە ، وە نەبوو لە پێشـــا بە باوەڕیك یا
ڕێبازێکی دیارو ئاشکرا دەست پیٚ بکا ئنجا بێتە ســـەر
لیٚ کۆڵینەوەو شیٚ کردنەوە ، بەڵکو بەپێچـــەوانەوە : بە
لیٚ کۆڵینەوەی لایەنە ووردەکانی بەرهەمی ئەدەبی دەســـتی
پیٚ ئەکرد بۆ دۆزینەوەو هەڵێنجاندنی چەند یاساو دەستوورێك
لە خودی بەرهەمەکە خۆیەوە .

کەوانە هەڵویستی ( افلاطون ) لە رەخنەگرتنا هەڵویستێکی ( استنباطی ) بوو ، کەچی پرۆگرامی ( ارسطو ) - استقرائی - بوو .. ئەم باوەڕە بەرزو نەمرەی ( ارسطو ) کە وەکو شۆڕشێکی زل‌و گۆڕانێکی بنەڕەتی بوو لە رەخنـــەگرتنا لە دوو کتێبە بە ناوبانگەکەیا « الشعر » و « فن الخطابە » بە دوورو درێژی روون کراوەتەوەو دەرخراوە . پوختـــەکەی ئەمەیە کە ( ارسطو ) توانی لە ئەنجـــامی ووردبوونەوەو لێکدانەوەی پەیدەرپەی چەند یاساو دەستورێك بۆ ئەدەب بە تێکڕایی‌و تاکە تاکی لقەکانی بە تایبەتی‌و هۆو ئامانجی ئەم ئەدەبە دابنیٚ ؛ بۆ ئەم مەبەستەش شانۆگەرییە رەســـەنەکانی یۆنانی بە تایبـــەتی ( ئۆدیب ) ی کردبووە ســـەرچاوە بۆ دەرهێنیان‌و هەڵێنجاندنی زۆربەی ئەو دەستورانە کە بۆ دراماو

شیعری درامی‌یا دایناون .. که واته یه‌کەم کەس کە رەخنەی بابەتی ـ موضوعی ـ هێنا کایەوە ( ارسطو ) بوو . لەگەڵ ئەوەش‌دا ( ارسطو ) لەو بڕوایە دابوو کە زانین‌و ئاگاداری ئەم چەند دەستوورانە بەس نی‌یە بۆ رەخنـــەگر ، بەڵکو پێویستە رەخنەگر ئەو بەهرەو توانایەی هەیەتی بە راهێنان‌و مەشق کردن لە خەرەکی بدات‌و ئەو دەستوورانە بخاتە ژێر کیفی‌بەکار هێنانێکی وەستایانەوە ، چونـکە خۆی لەو بڕوایەدا بوو کە هەر بەرهەمێـکی هونەری‌و ئەدەبی هەندێ شتی ووردیلەی وای تیایە کە بە یاسا گشتی‌یەکانا نادۆزرێتەوەو دەرناهێنرێ بەڵکو بە هۆی ووردبینی رەخنەگرو چەشەی ناسك‌و هەستی پاگژی ئەوەوە دەرئەهێنرێ و پیشان ئەدرێ .
ئەم رێبازەش ئەوەندە گۆڕانێکی زلی نایەوە لە کاروانی بەرەو پێشەوە چوونی رەخنەی ئەدەبی کە تا ئیستاش هەر رەخنەی بابەتی برەوی هەیە بەڵام لەگەڵ چەند گۆڕین‌و هەڵپاچنێکی پێویست ؛ لە هەمان کاتیشا ئیستا لە رۆژئاواوە جۆرە رێبازێك لە رەخنەگرتنا باوە کە بەناوی ( ارسطو ) ە ناوی‌دەرکردووەو پـێ‌ی ئەووترێ ( النقد الارسطوی الجـــدید ) . بەم جۆرە ئەتوانین هاتنی ( افلاطون ) و بە تایبەتی ( ارســـطو ) بە سەرەتای قۆناغێـکی زۆر رۆناك دابنێین لە مێژووی رەخنەی ئەدەبی‌دا ، لەم کاتە بە دواوە رەخنەی بابەتی ـ موضوعی ـ شان بە شانی رەخنەی ئاسری‌و رەخنەی بیروباوەڕ ـ اعتقادی ـ سەری هەڵداو لق‌و چلەکانی کەوتنە شنەشن .

دوا بە دوای (ارسطو) ش ئەم یاساو دەستوورانەی کە ئەو دایناببوون لە (هونەری شیعر) ـ هۆراس ـ ی شاعیری رۆمانی بە ناوبانگ و پاش ئەویش لە سەدەی حەڤدەهەم لە (هونەری شیعر) ی ـ پوالو ـ ی رەخنەگری ناسراوی فەرەنسی دەنگی دایەوە . هەریەکە لەم دووە ـ هۆراس و پوالۆ ـ ویستی لە سنووری تواناو دەست رۆیشتن و پسپوریەتی خۆیەوە جۆرە دەستوورێك هەڵێنجێ و پەرە بە باوەڕەکەی (ارسطو) بدات و بیچەسپێنێ .

قوناغی چوارەم لە مێژووی رەخنەی ئەدەبی لە سەرەتای سەدەی هەژدەمەو دەست پێ ئەکات ؛ کە مرۆڤایەتی بە تێکرایی تەکانێکی بە گوڕی داوەتی لە کە ژێر کاریگەری دەستوورو یاساو پرۆگرامی (ارسطو) و (هۆراس) و (پوالۆ) رزگار ببێ ، لە سەدەی نۆزدەمیش دا رۆمانەکان بە گۆڕ تەقینەوەو شۆرشێکی زلیان دژی ئەو قالب و نەریتە باوانە نایەوە .. باوەڕە باوو ناڤۆڵاکەی (ارسطو) کە بانگی بۆ ئەداو ئەی‌ووت : ئەدەب لاساکردنەوەیەوە ولاساکردنەوەش سێ جۆرە لاساکردنەوەی . چۆنیەتی ـ واقیع ـ ی ژیان ، واتەی ئەوەی کە هەیە ، وە لاساکردنەوەی ئەوەی ئەشێ ببێ ، هەروەها لاساکردنەوەی میسال واتە ئەوەی کە ئەویستری ببێ .. ئەم باوەڕەی (أرسطو) بەو باوەڕە گۆڕایەوە کە ئەڵێ : ئەدەب لاساکردنەوە نی‌یە ، بەڵکو ئیلهامە ، خوڕپەیە ، دروست‌کردن و داهێنانە ، گوزارشت

دانەوەی راستەو خۆیە لە خودی مرۆڤ - نووسەر - لەگەل ئەوەش‌دا تاقی کردنەوەی گشتی‌و تایبـەتی بە تەواوی ئەو راستی‌یەی سەلماند کە ئەدەب‌و هونەر هەرگیزاو هـەرگیز بەرەلا نابێ‌و ئەبێ بنچینەو بنەرەت‌و ئوسلووبێکی هەبێ ، بۆیە سەدەی نۆزدەهەم سەراپا بریتی بوو لەگەڕانو عەودال بوون بە دوای پرۆگرامێك کە ئەدەب بە فراوانی بگرێتە خۆی‌و تاکە تاکی بەرهەمی ئەدەبیش پشت‌گوی نەخات ، لە ئەنجامی ئەم پەل هاویشتن‌و گەشت‌و گەڕانە درەختی ئەدەب‌و هونەر بە جۆرێ اق‌و چلی دەرکردو ئەوەندە رێبازو رێرەوی ئەدەبی‌و هونەوی هاتە کایەوە کە شتی وا هەرگیز لە مێژووی ئەدەبا رووی نەدا بوو ، ئەتوانین بلێین ئەم دوو سەدەیەی بەرووددوا - نۆزدەهەم‌و بیستەم - سەدەی دەرکەوتنی رێبازو پرۆگرامی ئەدەبی‌و هونەری جۆراو جۆرن ، ئەمەش بوو کە بووە هۆی تەنینەوەو بلاو بوونەوەی چەمك‌و مەفاهیمی جیـا جیا لە رەخنەی ئەدەبی‌داو گرانایی‌یەکی زۆر قورس نیشتە سەر شانی رەخنەگر .

هـەر هات‌و مەیدانی رەخنەی ئەدەبی پانو بەرین‌و فراوان بوو ، لە هەر لایەکیشـەوە رووداوێکی گرنگی مێژوویی رووی بدایە کاری ئەکردە سەر رەخنەی ئەدەبی‌و سووچێکی‌ترو بعدێکی تری بەم کردەوە فراوانە ئەبەخشی وەك شۆرشە زلەکەی تیوری ( داروین ) لە سنووری پێشکەوتن

ـ تطور ـ دا نایەوە ، یا ئەو گۆڕانو هەڵتەکاندنە بنەڕەتی‌یەی کە فەلسەفەی مارکسیزم بەرپای کرد ، یا ئەو لێکدانەوەو شیٚ کردنەوەو پتووره دەروونی‌یانەی کە فرۆید لە ئەنجامی تاقی‌کردنەوەو ووردبینی خۆیەوە هێنایە پێشەوە بێجــگە لە شۆڕشی پیشەسازی‌و پێشکەوتنی زانیــاری‌و تەکنۆلۆژی و سەدەها رووداوی تر کە کارێکی زۆریان کردە سەر رەخنەی ئەدەبی‌و هەر یەکە لە رەخنەگرە ناسراوو ئازاو لیٚهاتووەکان کەوتنە جەنگین‌و شۆڕش لە لایەنێکی رەخنەوە ، یاخود هەر یەکەیان خۆی بە جلێکی ئەم درەختە پانو پۆڕەوە هەڵواسی ، بۆ نموونەو بەس :

( ت ـ س . ئەلیۆت ) بایەخی زۆری بە رەخنەی بابەتی ـ موضوعی ـ ئەداو کەلەپوورو میراتی نەتەوایەتی ئەکردە زەمینەو بناغەی داڕشتن‌و هەڵنانی کۆشکی رەخنــەیەکی بەرز هەڵچوو . ( ف . و . بروکس ) و ( سانت بیف ) گرنگی زۆریان بە لیٚکۆڵینەوەی کەسێتی نووسەر ئەداو هەوڵیان ئەدا بچنــە ناو ژیانی تایبــەتی نووســەرەکەوەو ووردو درشتی رەوشت‌و جووڵانەوەو هەڵس‌و کەوتی بزانن بۆ ئەوەی ئەم زانیاری‌یە ووردانە تیشکی باوێنە سەر بەرهەمەکەو رووناک بکەنەوە . ( ا.ا. ریچــاردز ) هــەوڵی ئەدا کە بە هۆی روون‌کردنەوەو راڤەکردنەوە ـ الشرح والتفسیر ـ ی بەرهەمی ئەدەبی‌یەوە بگاتە چەند راستی‌یەك کە لە بەر هەمەکەدا هەن .

( ریچارد بلاکمورد ) رەخنـــەی بە ئەرکێکی زۆر قورس ئەزانی و رووی کردبووە لایەنی زمانەوانی و شـــان بە شـــانی ئەمیشا ( کنیث بێرك ) رەخنەی ئەدەبی لەسەر بناغەی زمانەوانی دائەڕشت و ئەهات ووشە بە ووشەو تیپ بە تیپ لە بەرهەمەکەی ئەکۆڵی یەوەو لێکی هەڵئەوەشاند ، چونکە لەو باوەڕەدا بوو کە دووپات کردنەوەی ووشەیەك یا تیپێك لە چەند ووشەیەکو بۆ چەند جارێك رەنگە مانایەکی تایبەتی بگەیەنێ و پەردە لە رووی هەندێ لایەنی پۆشراو و نهێنی راماڵێ . ( فردیناند برۆنتیر ) هەوڵی ئەدا تیوری پێشکەوتنی (داروین) بێنێ وبەسەر ئەدەب دابیسەپێنی . یا لە روانگەی پێشکەوتنەوە بروانینە ئەدەب ، وە چەند کتێب و ناميلکەو ووتارێکی بڵاو کردەوە ، کە کە باسی چۆنیەتی گۆڕان و پێشکەوتنی لقەکانی ئەدەب ئەکات، لە ساڵی ١٨٩٠ کتێبی ( پێشکەوتنی رەخنەی ) ی بڵاو کردەوەو پاش دوو ســـاڵی تریش ( چاخەکانی شـــانۆی فەرەنسی ) بڵاوکردەوە .. ( برۆنتیر ) ئەمەی کە کرد بە تایبەتی پاش ئەوە بوو کە بینی ( سبنسر ) وا هەوڵ ئەدا باوەڕی (داروین) و تیورە زلەکەی بەسەر رەوشت و زانستی کۆمەڵایەتیدا بسەپێنێ .. ( ولیم امبسون ) لایەنی کۆمەڵایەتی رەچاو ئەکرد لە کاتی لێ کۆڵینەوەو نرخ شناسیدا ، هەندێکی تریش لێکدانەوەو شیکردنەوەی باری دەروونی یا هۆڵمانی یان ئەگرتە پێش بۆ هەڵسەنگاندن و نرخ بڕینی بەرهەمی ئەدەبی وەکو ( مۆد

بۆدکین ) .. لە کاتێکا کە یەکێکی وەکو ( جــین ئالین هاریسۆن ) لێ کۆڵینەوەو دراســاتی ئەنترۆپۆلوژی ئەکردە پاڵپشتێکی پتەو لە کاتی رەخنەگرتنا .

بەم جۆرە لەم سەدەیدا گەلێ جۆرە ریبــازو رێرەوی رەخنەگرانەی بە کەڵك هاتۆتە کایەوە کە لە پێشەنگی هەر یەکێکیانا رەخنەگرێکی ناودار هەبوو ، جلەوی رائەکێشاو رابەری ئەکرد . لە راستی‌دا رەخنەی راستەقینەو تەواو نابێ هیچ لایەنێ لەم لایەنانە پشت گوێ بخات بەڵکو ئەبێ هەریەکە مافی خۆی پـێ‌بداتو تێبینی هەموو لایەك بکات بۆ ئەوەی پـێ‌ی بکرێ لە ئەنجام‌دا شتێکی تازەو نوێ لە ناخی بەرهەمەکەوە . بدۆزێتەوەو پێشانی خــەڵکی تری بدات ...

لە کۆتایی پەنجە بۆ ئەوەش درێژ بکەین باشە کە ( د . محمد مندور ) لەو باوەڕە دایە کە ئێستا سێ جۆرە رەخنەو رەخنەگر لە ئەورووپادا هەن : -

١ – رەخنەی رۆژنامەگەری : ئەمایان ئەو رەخنــەو سەرنجانە ئەگرێتەوە کە رەخنەگرو رۆژنامەنووسەکان ئەینووسن‌و لە رۆژنامەو گۆڤاوەکانا بلاوی ئەکەنەوەو جاروباریش وەکو نووسەرانی پێشوو ئەم ووتارانە لە بەرگێك یا لە چەند بەرگێك‌دا کۆ ئەکەنەوەو بلاوی ئەکەنەوە .

٢ – رەخنەی دانشگا لە گۆڤارە زانیاری‌یەکانا ئەینووسن

یا لە یادداشتو کتێبـــا بلاّوی ئەکەنەوە . هـــەندێ لەو مامۆستایانە توانیان رێبازی تازەو سەر بەخۆ لە رەخنەگرتنا داینێن وەکو ( د. موریــنـــەی ) کە مامۆستای ( ئەدەبی چاخەکانی ناوەڕاست ) بوو لە ( کولیجی دی فرانس ) .

٣ ـــ رەخنەی نوسەران : رەنگە ئەمەیان راستگۆترین رەخنە بێت چونکە ئەوانەی رەخنەکە ئەنووسن خۆیان شاعیرو نووسەرن و بە هۆی رەخنەی بابەتی ئەوانەوە گەلێ رێبازی ئەدەبی گەلاّلە ئەبێ‌و پێ ئەگا ..

بەم جۆرە رەخنـــەی ئەدەبی کردەوەیەکی زۆر قووڵو فراوانەو ئاگاداری‌یەکی زۆرو شارەزای‌یەکی قوولی ئەوێ بۆ ئەوەی رەخنەگر بتوانی پشتی بەو ئەستوور بێتو بە دڵێکی پر موتمانەوە پێ باوێتە مەیدانی رەخنەی ئەدەبی‌و تیایا سەرکەوتوو بێت .

## سەرچاوەکانی ئەم باسە


١ ـــ النقد الأدبي ومدارسه الحديثه ـ ستانلی هایمن
٢ ـــ ثقافتنا بین الاصاله والمعاصره ـ جلال العشری ـ
٣ ـــ مجلة الفكر المعاصر عدد ( ٢٢ ) الخاص بالنقد الأدبی الحدیث .
٤ ـــ في الأدب والنقد ـــ د. محمد مندور .
٥ ـــ الأدب وفنونه ـــ د. محمد مندور .
٦ ـــ مسرح توفیق الحکیم ـــ د. محمد مندور .

# نرخی ووشه له هۆنراوەدا

ئەدەب هونەرێکی دەربڕینو خستنەرووە ، جا هەر نووسەرو هۆنەرێك ڕێچکەیەکی تایبەتیو سەربەخۆ ئەگرێ بۆ دەربڕینو گوزارشت دانەوە لەو شتەی کە لە ناخی دڵیەوە پەنگ ئەخواتەوە ، ئەم چۆنیەتی دەربڕینەش پێی ئەووترێ شێوەی دەربڕین ( Style ) وە هەر نووسەر یا هۆنەرێکی ئەیگرێ شێوەیەکی تایبەتی خاوەن نیشانەو دروشمی سەربەخۆی هەیە کە لە شێوەی نووسەرانی تر جیای ئەکاتەوە ، ئەو ڕەگەزو بنچینەو ئەو خاسەویژانەی پێکەوە نیشانەو سروشتێکی دیارو بەرچاو ئەدەن بە شێوەی نووسینەوە ئەمانەن :-

١ - ئەم ووشە پوختەو هەڵبژاردەو لە جێیانەی کە نووسەرەکە بە گوێرەی چەشەی تایبەتی خۆیەوە لە دەریای خەرهەنگی زمانەکەیا هەڵی ئەبژێرێو بۆ دەربڕینی لایەنێکی تاقی کردنەوەو هەستو نەستەکەی بەکاری دێنێ .

٢ - ئەو ڕێچکەیەی کە ئەیگرێ بۆ ریزکردنو تێك هەڵکێشانو بە شوێن یەکەوە هێنانی ئەو ووشانەی کە پەسندی کردوون ، واتە چۆنیەتی بەکار هێنانی ئەو ووشانەو دانانی

هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیەوە کە ئەم شوێنەش هەر هەڵبژاردەی چەشەی نووسەرە .

٣ - چۆنیەتی راگەیاندنو دەربڕینی ئەو هەستەی کە لە دڵیەوە بزواوەو وەك لافاو هەڵساوەو پەنگی داوەتەوە ؛ ئەمەشیان تا رادەیەك بە نوختەی یەکەمو دووەمەوە بەسراوە ؛ واتە بەو ووشانەی بەکاریان دێنیو چۆنیەتی بەکار هێنانی ئەو ووشانە بۆ پێشاندانی هەستە هەڵچووەکە ..

بێ گومان هەر هۆنراوەیەك کە تەماشای ئەکەین لە کۆمەڵە ووشـــەیەك پێك هاتووە ، ئەو ئەفســـوونو دڵبزواندنەی لە هۆنراوەکەدا هەستی پێ‌ئەکرێ ئەچێتەوە ســـەر ئەو سیحرو ئەفسوونەی ووشە بەکار هاتووەکان ئەیرێژن ، بۆیە ئەمانەوێ بزانین : ووشە چی‌یە ؟ چۆن بەکار ئەبرێ ؟ لە چ شوێنێکەوە دائەنرێ ؟ تا چ رادەیەك ماناو بیرەکەی تیا دەرئەبڕێ ؟ ئەو شەوقو ئەفسوونو کاریگەرو راکێشـــانەی تیایەتی لە چی‌یەوە هاتووە ؟ چۆن ووشەی ئاوس ئەتەقێو بەسەر هەستی خوێنەردا ئەپرژێ ؟

جاري ئەگەر ســـەیری مانای ( ووشـــە ) بکەین لەســـەر لاپەڕەکانی فەرهەنگو دەستوورەکانی زماندا ئەبینین ووشـــە بریتی‌یە لەو دەنگە یا لەو بێژەیەی کە مانایەك ئەدات .

ئەگەر ئەرکی سەر شانی ( ووشە ) هەر تەنها راگەیاندنی مانای رووتو قووتی ووشـــەکە بێتو بەس مانای وایە ئەو

هۆنراوەیەی کە لە چەند ووشەیەکیش دروست ئەبێ تەنها مانایەکی رووت ئەدات و بەس ، ئەو حەلە هۆنراوەکە ئەبێ بە هۆنراوەی فێرکردن ـ الشعر التعلیمی ـ و لە هۆنراوەی هێزو نەووژمداری راستەقینە ئەکەوێ ، چونکە وایە ماناو هەستو سۆز بێ ووشە زەحمەت دەرئەبڕێ و زمان بێ ووشە نابێت بەڵام لە هەمان کاتیشا ماناى ووشە کە شتێکی یەکجار زۆر کەمە لە چەمك و ناوەرۆك و راستەقینەی ووشەکەوە ، بە تایبەتی ئەو ووشەیەی ئەکەوێتە دووتۆی هۆنراوەوە بێجگە لە ماناکەوە گەلێ شتی تریش ئەگەیەنێ ، ئەویش ئەو هەستو سۆزو ئەو وێنەو تاقی کردنەوەیە کە بە درێژایی رۆژگار کەوتوونەتە پێستی ووشەکەوەو تیایا تواونەتەوەو بوون بە پارچەیەك لەو .

با بۆ نموونەیەکی بچکۆلە سەیری ووشەی ( دایك ) بکەین. ئەم ووشەیە لە فەرهەنگا وەك گیاندارێکی سڕ وایە چونکە لەگەڵ خوێندنەوەیا یا بیستنیا هیچ هەستو نەستێکی وامان لە دڵا نابزوێنێ جگە لەوەی کە ( دایك ) ئادەمیزادێکەو بەس ـ خۆ ئەگەر زۆریش بکا هەر ئەوەندەیە تارمەیی‌یەکی نەرمی دایکمان پێ ئەبەخشێ ، دایکێکی گشتی بە هەموو کەسێکەوە ، بە هەموو گیاندارێکەوە ، نەك دایکێکی تایبەتی کە لەگەڵ من و تۆدا رابووردوویەکی پڕ لەبیرەوەری شیرینی هەیە بەڵام ئەو کاتەی هۆنەر بە هێزی شاعیرێتی خۆیەوە ئەم ووشەیە دێنێ و ئەیخاتە هۆنراوەوەو ئەڵێ :

هۆ دایکی خۆشەویستم
من هەر تۆ ئەپەرستم

لەم هۆنراوەیەدا ـ ئەگەر سەراپای هۆنراوەکە بخوێنینەوە ـ ووشەی ( دایك ) گیانێکی نوێو خەستی ئەچێ بە بەرا . لە ناو دڵو دەروونو زەینو مێشکمانا ئەبێ بە دایکێکی ناسراو ، ئەو دایکەی کە لە منالی‌یەوە بە سۆزی گەرمی دایکانەیەوە پێی گەیاندوونو گەورەی کردوونو خاوەنی رابوردوویەکی تێرو تەسەلە لە بیرەوەری لەگەڵماندا . ئەم ووشەیە لەم شوێنەدا کە دێت کارێزی سۆزێکی بێ سـنوورمان لە کانگـەی دڵەوە ئەتەقێنێو بیرەوەری ژیانی بەسـەرچوومان هـەر لە دەوری منداڵی‌یەوە تا ئیمرۆ لە دلا ئەژێنێتەوە ، و لە هەمان کاتدا ئەبێ بە رەمزێك بۆ ئەو بەسەرهاتو کارەساتو دیمەنە سەرنج کێشانەی لە کۆش ئەو دایکە جگەر سۆزەوە پیایا رۆیشتوون . بەم جۆرە ئەم ووشەیە ئەبێ بە پلووسکێکو هەستو نەستو سۆزو گودازی لەبن نەهاتوومان لە ئاسانی بیرەوەری‌یا ئەڕژێنێتە سەر پەڕەی ناسکی دڵو لە وێوە بەناو هـەموو دەمارەکانی لەشماندا بلاو ئەبێتـەوە .. کە وابوو ووشە لەسـەر پەڕەی فەرهەنگا پەیکەرێکی ئێسـقانی بێ گیانەو کاتێ کە ئەخرێتە هۆنراوەوە گیانی تیا پەیدا ئەبێو پەیکەرە ئێسقانەکە گۆشتو پێستو دەماری ئەکشێ بە سەراو ئەکەوێتە جوولەو بزووتنیو ژیانەوە ، خوێنو گوشتو پێستەکەش بریتی‌یە لەو هەسـتو

سۆزە تواوەیەو لەو وێنەو دیمەنو تاقی کردنەوەی تیایا ئەکەوێتە جمو جۆڵ ، ئەمانەش بە پارچـەیەکی زۆر گەورەی گیـانی ووشەکە دائەنرێن ، کەوانە ووشە ئەوزارێك نی یە بۆ بەسـەر ردنی ژیان بە کار ببرێ بەڵکو ربتی یە لە پارچەیەکی ژیان ..

ئەوەندەش هەیە ووشە وەکو هەموو گیان لەبەرێك ئەگۆڕێ و لە شێوەیەکەوە ئەکەوێتە شێوەیەکی تر ، دوور نی یە ماناکەی بە جۆرێ پێش بکەوێ و بگۆڕێ کە مانای نوێی ووشـەکە بە تەواوی لە مانای کۆنی ووشەکە جیابێت ، هەر ئەم دیاردە ( فۆنۆمینە ـ ظاهرە ) شەکە لەکۆنەوە سـەری لە فەیلەسـوفە بەسەزمانەکان شێواندووەو لەدەست گۆڕانی ووشەوە هەی دادو بێدادیانە ، ئەم فەیلەسووفانە بە دوای ووشەیەك ئەگەڕێن کە تەنها مانایەکی رووت و پەتی یان بۆ دەربخاو بەس . هیچ هەسـت و سۆزێك نەبزوێنێ ، ووشـەش وەکو ووتمـان لەگەڵ ببرە رووتەکەوە کۆمەڵە سۆزو تاقی کردنەوەیەکی هەڵگرتووە ، کە وانە ووشەی ئاسایی ناتوانێ مرازەکەیان بۆ جێ بەجێ بکات چونکە بیری فەیلەسوفەکان جوورێکی سـاف و بێ گەردە لە ( هۆش ـ عقل ) یکی پێ گەییو ، وە بیرای بیرای هەسـت و سۆز توخنی ناکەوێ ، یا نایانەوێ توخنی کەوێ .. بەڵێ لە کاتێکا ئەمانە بە ئاواتی خۆیان ئەگەن کە بە تەواوی واز لەو ووشـانە بێنن کە مێژووی نەتەوایەتی و مێژووی پەیدابوونو پەرەسەندنو گۆڕانی ئەو زمانە لە هەست و سۆز هەڵی ئاخنیونو

رووبکەنە دژزینەوەی هەندێ ( ڕەمز ) بۆ دەربڕینی ئەو بیرە
بێ گەردەی ئەیانەوێ بە دەست پاکی بیخەنە ڕوو ، ئەمەشیان
وەکو ( ماتماتیك ) ی یەکان چۆن ڕەمز بەکاردێنن بۆ دیارکردنی
قەبارەو ئەندازەو سنووری شت وەك ( أب ) یا ( حأبحـ )
یا ( د ) و گەلێکی تریش .

پێویستە ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە ئێمە تەنها کەسێك
نین ئەو زیانە گەرمە بدەین بە ووشە ؛ چونکە زیانی ووشەکە
لە بەکارهێنانی‌یەتی‌و ئێمـــەش یەکەم کەس نین ئەم ووشەیە
بەکار دێنین ، هەر ووشەیەکی ئەی‌گری پێشینان لە دێر زەمانەوە
هەزارەها جار بەکاریان هێناوەو هەریەکەی کە بارێك بەکاری
هێنابێ لە سووچێکەوە ( فوویەکی گیانی ) لێ‌کردووەو زیانێکی
تازەی پێ بەخشیوەو ئاسۆی نەختێ فراوانتر کردووە ، تا وای
لێ‌هاتووە ئەم ووشەیە بووە بە پاپۆرێکی پانو پۆڕو تاقی‌کردنەوەو
بە سەرهاتو دیمەنی جۆراو جۆری ژیانو هەســـتو سۆزی
مرۆڤ هەر لە کۆنەوە تا ئەمرۆ هـــەڵئەگرێ‌و لە خنکانو لە
ناوچوون ئەیپارێزێ بۆیە ئەتوانین بڵێین هەر ووشەیەك پارچەیەکی
مێژووە ، یاخود مێژوویەکی سەربەخۆیە .. بەم پێ‌یە هەر چەند
ووشە کۆنتربێت ـ ئەگەر نەمرێ ـ و هەر چـــەندە پتر دەو
دەوانەی پێ بکرێ زیاتر تاقی‌کردنەوەی مرۆڤایەتی هەڵئەگرێ‌و
کایەی موگناتیســـی فراوانـتر ئەبێ ، واتە زیاتـر ژیانو
تاقی‌کردنەوەی ئەو کەسانەی تیـا ئەتاوێتەوە کە بۆ دەربڕینی

هەستی پەنگێ لە دڵ خواردوویان کردوویانە بە دەفرو پێ‌یان دەربڕیوە ..

کەواتە ووشە تەنها رەمزێك نی‌یە بیرێکی رووت‌و پەتی بدا بە دەستەوەو بەس بەڵکو تەونێکە لە تان‌وپۆی هەست‌و سۆزو وێنەی ئاشکراو تاقی‌کردنەوەی مرۆڤایەتی پێك دێت‌و بەکەم نیشانەی شاعیری راستەقینەو هەڵکەوتوو ئەوەیە ،بتوانێ لە ووشەیەکا کۆمەڵە هەست‌و سۆزێك شان بە شانی ماناکەوە پیشان بدات کە بە رەمەکی مەردم نەکرێت ..

بێینە سەر ووشەو شاعیر :

ووشە وەکو قونبولەیەکی ئەتۆمی داگیراو وایە لە ناو دڵی شاعیرەوە ئەتەقێ‌و هەموو وێنەو دیمەن‌و هەست‌و سۆزێکی کڕ کەوتووی لە ناخـــەوە ئەبزوێنێ یا چاکتر وایە بڵێین ئەو ووشەیە لە دڵی ئەوا لێك هەڵئەوەشێ‌و ئەو هەست‌و سۆزەی کە لە کۆنەوە تیایا مەیی بوو ئەتاوێتەوە ناو سۆزی شاعیرو بە پێ‌ی ئەو سۆزە ؛ توانائەوەی ووشەکەو لێك‌بوونەوەی ئەگۆڕێ . جا لەبەر ئەوەی لەم سەر زەمینەدا هەرگیز دوو کەسی وا نادۆزرێتەوە کە لە هەموو بارێکەوە ، لە بارەی هەست‌و سۆزو میزاجەوە کت‌و مت یەك بن . بۆیە ئەو ووشەیەی کە بە کاریشی ئەهێنن ؛ هێزی ووشەکەو گەورەیی ووشەکە لە هۆنەرێکەوە ئەگۆڕێ بۆ هۆنەرێکی تر ! کەواتە

ئەتوانین بڵێین کە هەر شاعیرێك ووشەی تایبەتی بە خۆیەوە هەیە .. وەکو ووشەی ( گۆران ) یا ووشەی ( هەردی ) یا ووشەی ( شێرکۆ ) یا ووشەی ( پەشێو ) .

شاعیر ئەگەر بە هۆی شتێ لە رەمەکی مەردمەوە دابڕێ بەوەیە کە ووشەیەك بەکار دێنێ هەموو ماناکەی دەرئەبڕێ ، ئەوەی سەرەکیو ئەوەی تیا شاراوەتەودو خەزن‌کراوە .. جا ووشەی هۆنراوە کە ربتی بێت لە ماناو لە هەستو سۆزی تواوەی ناو ووشەکە ئەبێ جیاوازی‌یەکی زۆر زۆر لە نێوان ووشەکاندا هەبێ ! هەرگیز دوو ووشەی وەکو یەك دەست ناکەون ، هـــەر چـــەندە مانایان لێك نزیك بێت چونکە هەریەکەیان خاوەنی مێژوویەکی سەربەخۆیەو لە دەورو زرووفێکی تایبەتی‌یەوە ئەو دروشمو خانەویژانەی هەڵگرتووە .. دوو ووشەی هاوتای وەکو « زەبرو زەنگ ؛ تاڵو ژاڵ ، توندو پۆڵ ، بەزمو رەزم ... » رەنگە وەکو دوو برا وابن ( زیاتریش بچن وەکو دوو برای جمك بن زۆر زۆر بەیەك بچن بەڵام هەرگیز ئەم لێکچوونە نایان گەیەنێتە ئەم رادەیە کە بلێن بە یەك شت .. جا بوێژی سەرامەدو هەڵکەوتوو کە ووشەیەکی خاوەن هاوتا ئەخاتە هۆنراوەکەیەوە ئەبێ ئەم جیاوازی‌یەی وەکو رۆژ لە بەر چاو بێت ، هەر لەبەر ئەمەشە ئەو کاتەی بوێژێك هۆنراوەیەك دائەنێ‌و هەر ووشەیەك وەکو خشتی دیوار لە جێگای خۆیەوە دائەنێ بە هیچ کلۆجێك

نانوانن یاخود بڵێین ڕەوانیەو ناگونجێ ووشەکان دەستکاری بکەن‌و بیانگۆڕن ، وەکو هەندێ ماموستای بەڕێزمان ئەم خووەیان گرتووە - چونکە ئەم ووشە گۆڕینە پەل داوێژێ بۆ سەرانسەری هۆنراوەکەو لەبن‌و بۆتەکەوە ئەیگۆڕێ .. جا کە وابێ پێویستە بە پێی توانا خۆمان لەم ناوانە زلە دووربگرن .

مایەوە سەر ئەوە هەندێ کەس باوەڕیان وایە هەندێ ووشە لە خۆیانەوە ووشەی (شیعری) نو خاوەنی چەند نیشانەو خاسیەتێکی دیارن ، دەنگ‌و ئاوازێکی خۆشیان هەیە کە بە ناو‌و چەشەیەو هەندێ ووشەی تری ( ناشیعری ) هەن کە ووشك‌و برینگن‌و نابێ هۆنەر لە هۆنراوەکەیا بەکاریان بێنێ .. لە راستی‌دا ئەگەر بە چاوێکی تیژو سەرنجێکی قووڵ‌و هەستێکی فراوان لەبنج‌و بناوانی ووشەکە وورد بینەوەو هەلیسەنگێنین ، مەسەلەی ووشەی ناشیعری لە گۆڕێ نامێنێ، چونکە پەسندی‌و جوانی‌و شیعریەتی ووشە لەو مانا قووڵ‌و هەستە خەستە شاراوەدایە کە تیایەتی‌و لە کاتی بەکار هێنانیا لە هۆنراوەدا لێ‌ی ئەپڕژێ ، هەروەها لەو کاریگەرو هەست بزواندن‌و سۆز تەقاندن‌و دڵ هەژاندنە دایە کە ووشەکە بەرپای ئەکات ئەو کاتەی کە شوێنی خۆی لە هۆنراوەدا ئەگرێ‌و دەوری تەواوی خۆی ئەگێڕێ . جا ئەو ووشەیە هەرچی ووشەیەك بێت ؟ و هەر چۆن بێت ؟ وانە شوێنی بەکار

هێنانی ووشەکەو چۆنیەتی دامەزراندنی نرخی ووشەکە دیار ئەکات‌و ئەی‌کا بە ووشەیەکی شیعری ... نەك ئەو شیعری‌یەتە خاسەویژێکی سەربەخۆبێت‌و لە خودی ووشەکەوە دابێت ، بەڵێ راستە هەندێ ووشە لە خۆیانەوە ئاوازێکی ناسك‌و خۆشیان تیایەو بە نەرمی‌و هێمنی لە پەردەی گوێی پیاو ئەدەن بەلاّم ئەو شتانە زیاتر پەیوەندی‌یان بە دیمەنی رازاوەی دەرەوەی ووشەکەوە هەیە ، ئەوەشیان جوانی‌و کاریگەرێکی ئەوتۆ نی‌یە بە گوێرەی ئەو هێزی نهێنی‌یەو ئەو جوانی‌یە شاراوەی لە جەرگەی ووشەکە دایەو لەگەڵ بەکار هێنانیـــا دەرئەکەوێ . چونکە دوور نی‌یە ئەو ووشەیەی ئاوازێکی تیایەو من‌و تۆ بە جوانی ئەزانین لە کاتی بەکار هێنانیا بە جۆرێکی وا بەکار بهێنرێ کە هیچ نرخ‌و هێزێکی تیـــا نەمێنێ ... کەواتە : جوانی ووشــــە ، کاریگەری ووشە ، سیحرو ئەفسوونی ووشە لەو هەست‌و سۆزەدایە ، لەو وێنەو تاقی‌کردنەوانەدایە کە ئەیبزوێنێ‌و بەرپای ئەکات ... هەروەها لەوە دایە کە بە شێوەیەکی زیندووی گیاندار ئەو هـــەموو مانایەی تیایا کۆبووتەوە دەری ببرێ‌و پێشان‌بدا چا لەمە بەدەر هیـچ مەرجێکی تر نی‌یە ، هەر ووشەیەکی بیگری ئەتوانی گیانی پـێ ببەخشی‌و بیکەی بە ووشەیەکی ( شیعری ) .

ووشە بە هۆی ئەو ژیان‌و تاقی‌کردنەوەو ئەو هـــەست‌و سۆزو وێنەو نموونە زەینی‌یەی پڕاو پڕیەتی گیانێکی بە هێزی

ئەچێ بە بەرا . وە هۆنەری راســـــتەقینەو هەڵکەوتوو ئەو هۆنەرەیە کە ووشەی وا بەکاربێنێو بە جۆرێکی ئەوتۆ بەکاری بێنێ کە ئەو هەموو مانا زۆر و زەوەندە چڕە بگەیەنێ کە تیایا داڕژاوە ، هۆنەریش ئەگەر بە شتێ لە رەشەوەندی خەڵکەکە جیابکرێتەوە بەوەیە کە زیاتر لەوان هەست بە ووشەی هێزدارو پڕ مانا ئەکاتو باشتر ســەرنجی راکێشێو ئەزانێ ئاخو ئەم ووشەیە تا چ رادەیەك توانای زواندنی سۆزی هەیەو تاقی کردنەوەی بەسەرهاتی لە دڵو دەروونا ئەبووژێنێتەوە ، یاخود بە جۆرێکیتر ئەتوانین بڵێین ووشە بەلای هۆنەرەوە تەنها روونکردنەوەو شێ کردنەوەیەکی زەینی پەتی نییە بەس ، بگرە لێکدانەوەو تەئسیرێکیسۆزاویو خەیاڵیشی لەگەڵایە .

ئەو ووشەیەی سەرنجی هۆنەر راەکێشێو خۆی ئەکا بە باوەشی زەینیا ، زایەڵەو گرمەی ئەو ووشەیە لە ناخی دڵیەوە دەنگ ئەداتەوە ، چونکە ئەم ووشـــەیە کە ئەگاتە زەینی هــۆنەر لە ژێرەوە ئاگری گەرمی ســۆزەوەکو مـــووم دەیتاوێنێتەوە وتنۆك تنۆك نهێنییەکانی ئەڕژێتە نا کاسەی دڵی هۆنەر و ئەو هەستو سۆزو وێنە جۆراو جۆرو تاقیکردنەوە مرۆڤایەتییەی کە ووشەکە بە درێژایی تەمەنی هەڵیگرتووە هەمووی ئەبێ بە شریتێکی سینەمایيو ووردە ووردە دێتەوە پێش چاوی، هۆنەرەکەو هەست بە رابووردووی خۆیو

نەتەوەکەی‌و مرۆڤایەتی ئەکات یاخود بڵێین رابووردوو سەر لە نوێ لە دڵی هۆنەرەکە زیندوو ئەبێتەوە ، جا کە ئەم هەموو تاقی‌کردنەوەو رابوردووە زیندوو ئەبێتەوەو ئەم هەموو سۆزە هەڵئەچێ هونەرەکە دێنێ ئەیانخاتە ناو بۆتەی ووشەو رستەی تایبەتی رێك‌و رەوانەوە ، ئەم ووشانە وەکو (بلورات) وایان لێ‌دێت هەر یەکەیان لایەنێکی باری هۆڵانی‌و دەروونی‌و سۆزی هەڵچووی هۆنەرەکە هەڵئەگرێ ..

ئەو کاتەی کە ئێمە هۆنراوەیەك ئەخوێنینەوەو تیـا روو ئەچینە خوارەوەو بێ‌گومان ئەو هۆنراوەیە لە چەند ووشەیەك دروست بووە ، هەر ووشەیەکیش کە گەیشتە مێشکمانەوە سەر بەخۆی گەرمای ئەگاتێ‌و ئەتاوێتەوەو لێك هەڵئەوە شێ ، یا بڵێین بلوورەکە ئەتەقێ‌و ئەو سۆزو تاقی‌کردنەوە شعوری‌یەی هۆنەر تێ‌ی ئاخنی بوو هەمووی لە قاوغ‌و قەپێلکە دێتــــە دەرەوەو لەگەڵ خوێن‌و خیچکاومانا تێکەڵ ئەبێ‌و سەر بە هەموو پەی‌و وورده ذەمارو هەمو سێلێکی - حجیرە - لەشمان ئەکات‌و لە هەر سێلێکا گرێکی وا ئەنێتەوەو ئاگرێکی وا ئەکاتەوە کە لە دڵی هۆنراوەکەدا بووە ...

ئەو کاتەی هۆنراوەکە هەموو ئەخوێنینەوە راستەوخۆ هەست پێ ئەکەین کە هۆنەرەکە پێشمان کەوتووەو ئێمەش هەنگاو بە هەنگاو شوێن پێ‌ی هەڵئەگرین بۆ دونیایەکی گیانی پر شادی‌و خۆشی ...

یاخود بڵێین هۆنەرەکە خۆی دەستمان نەگرێ‌و رامان ئەکێشێ‌و ئەمانباتە ئەو جیهانەوە کە خۆی تیایا ژیاوەو پەسندیشی کردووەو حەزیش ئەکا کە ئێمەش وەکو ئەو لەو دونیادا بژین .. هەر بەوەندەش ناوەستێ کە پەلمان بگرێ‌و ئامانخاتە دونیا گیانی‌یەکەی خۆیەوە بەڵکو لە پاڵ ئەمیشا ووردە هێزو پێزو بەهرەیەکی نهێنی پڕ تەووژمان لە دڵا ئەبزوێنێ بۆ ئەوەی تام لەو دونیا وەربگرین‌و پڕ بە دڵ هەڵی بمژین بە شێوەیەکی وا کە ببێ بە پارچەیەك لە گیانمانا تیایا بتاوێتەوە!

لەبەر ئەمە ئەتوانین بڵێین کە خوێندنەوەی هۆنراوە هونەرێکە گەلێ کەمتر نی‌یە لە هۆنەری دارشتن‌و ریکخستن‌و دانانی هۆنراوەکە خۆی ، چونکە بە هۆی خوێندنەوەی چاکی هونەرمەندانە ئەتوانین بچینە ناو جەرگەی ووشەکانەوە ئەو هەست‌و سۆزەی تیایانە هەموری دەربێنین‌و بەمانای رووکەش‌و پەلکی سەرەوەیان واز نەهێنین ...

هەر کاتێ ئێمە توانیمان بە خوێندنەوەی هۆنراوەیەك بچینە ناو دڵ‌و دەروون‌و هەست‌و نەستی هۆنەرەکە مانای ئەوەیە ئێمە توانیمان هۆنراوەکە بە مانای تەواوی خوێندنەوە بخوێنینەوە ..

ئەو خوێنەرەی بیەوێ تام لە خوێندنەوەی هۆنراوەیەك وەربگرێ‌و بە تەواوی تێی بگات نابێ بە چاوێکی سووك سەیری ووشە ئاسانەکانی بکات‌و هەر بە سەریاندا بڕوا ، بەو بیانووە هەنجەتەی کە ئەم ووشـــانە مانایان دیارو ئاشکرایەو

پێویست بە قووڵبوونەوەو ووردبوونەوە ناکات کەچی لە
راستی‌دا بوونی ئەم ووشمانا سووکانە گەلێ گەلێ خەتەرترو
بە تەلەزگەترە لە ووشە قورس‌و گرانەکان ، چونکە ووشەی
زەحمەت‌و گران لەبەر گرانی‌یەکەی وەکو بەردی زل لە
پێش خوێنەر ئەچەقێ‌و ناچاری ئەکا کە ماوەیەکی باشی بە
دیاریەوە بوەستێ‌و سەرنجی تیژو بری ووردو خەیاڵی فراوانی
لێ بخاتە کار تا بە تەواوی تێ‌ی ئەگات‌و ( قوڕی بنی )دەردێنێ،
بەڵام لەبەر ئەوەی خوێنەر ووشە ئاسانەکە بە شتێکی ئەوتۆ
هەڵناگرێ دوور نی‌یە سەرنجێکی سووکی بداتێ وتەنها چاوێکی
پێ بخشێنێ‌و لە ئەنجامی ئەم کەمتەرخەمی‌و گوێ
پێ نەدانە نەتوانێ بە تەواوی هەموو ناوەرۆکە پڕو خستەکەی
وەربگرێ ، بۆیە چاکتر وایە خوێنەر چۆن بایەخ بە ووشەی
قورس‌و سەخت ئەدا ئاواش لە ئاست ووشەی سووک‌و ئاسان
بسەنگێنێتەوەو چاوی ووردبینی لێ بخاتە سەر داری دوربین‌و
هەموو توزقاڵێکی ماناکەی بەدی بکات . چونکە بە هەڵەچوونو
زەڵەیەکی زۆر کەم لە تێ‌گەیشتنی مانای ووشەیەکەوە بۆی
هەیە مانای سەراپای هۆنراوەکە بشێوێنێ‌و تای تەرازووی لە
سووکی‌دا بەرز بکاتەوە .

وەکو ووتمان هۆنراوە گوزارشت دانەوەو دەربڕینی تاقی
کردنەوەی کەسێتی هۆنەرەکەیە ، زنجیرە هەست‌و سۆزو
کاروانێکی دیمەنی نەهاوەی رابوردووە کە کەتوەتە لە

هەڵویستو کاتیکا لە دڵی هۆنەرەوە پەیدا ئەبێ ئەویش بە دەستپاکی ئەیانخاتە ناو بۆتەی ووشەی هەڵبژاردەو سەریان قەپات ئەکاو هەتا هەتایە هەر بە گەنجینەیەکی پارێزراو ئەمێنێتەوە تا خوێنەر دێتو ئەو بۆتە قەپات کراوانە ئەکاتەوەو ئەوەی تیایانە یەکە یەکە هەڵیان ئەرێژێتە ناو کاسەی دڵی خۆیەوەو تاقی کردنەوە شعوری‌یەکەی هۆنەر لە دونیای دڵی خۆیا زیندوو ئەکاتەوە ، ئەمەشیان بە هۆی هۆشو خەیاڵو سۆزەوە ئەبێت . هەر لەبەر ئەمەشە کە خوێنەر بە هونەرمەندو داهێنەریش دائەنرێ :

ئەوەش بزانین باشە کە خوێنەوەی ووردو قووڵ سێ پلەی هەیە :-

١ - خوێندنەوەی یەکەم ، کە خەیاڵی تیا ئەکەوێتە کار بۆ هەڵفرین بەرەو ئاسانی سۆزو تاقی کردنەوە کانی هۆنەرو لە وێوە ئەو تاقی کردنەوانە دێنێو ئەیانهاوێتە ناو دڵی خوێنەرەوە .

٢ - خوێندنەوەی دووەم . لەم دەورەدا پیشان دانی کاریگەرو چۆنیەتی هەستو مانا ڕاگەیاندنی ووشەکان دەرئەکەوێ ، و ئایا ووشەکان ئەرکی خویان بینیوەو توانیویانە هەستەکە هەڵقوڵێنو سۆزەکە رابگەیەنن ؟

٣ - خوێندنەوەی سێ‌یەم : بۆ وەستان بەرانبەر کاریگەری تێکڕای هۆنراوەکەو سەیرکردنی وەك یەکەیەکی یەکگرتوو - وحلة واحلة - وە هەڵسەنگاندنی دەوری ئەو کارێ کردنە گشتی‌یەی کە هۆنراوەکە ئەیبینێ ..

# سەرچاوکان

١ ـ فنون الأدب .. چارلتن .. ترجمة د . زكي نجيب محمود
٢ ـ الذوق الأدبي .. أرنولد نبيت .. ترجمة علي الجندي .
٣ ـ الاحساس بالجمال .. جورج سانتيانا .. ترجمة محمد مصطفى بدوي .
٤ ـ الأديب وصناعته .. مجموعة من الأدباء :: ترجمة جبرا ابراهيم جبرا .
٥ ـ ضرورة الفن .. أرنست فيشر .. ترجمة اسعد حليم.

## ئاوازای ووشە لە هۆنراوەدا

یەکەم نیشانەی ئاشکرای هۆنراوە ئەو ئاوازە رێك‌و رەوان‌و دڵکێشەیە کە لێیەوە هەڵئەستێ . جا ئەو ئاوازە لە خودی تاکە تاکی ووشە هەڵبژاردەکان بپژێ ، یا زادەی ئەو رێخت‌و داڕشتن‌و لێك گونجاندنەی ووشە تێك هەڵکێشراوەکان بێت کە بەسەر هەست‌و سۆزی تەقیوی دڵی هۆنەردا رژاوەو کەف‌و کوڵی ئەو سۆزەی لە ناخی دەروونەوە دەرهێناوە .. هەندێ کەس بۆ ئەوە ئەچن کە هەر کێشێك لەو کێشانەی کە لە دونیای بێ پایانی هۆنراوەدا باویان هەیە جۆرە زایەڵەو سەدایەکی دەروونی‌و چەشنە گرمەو هاژەو دەنگ‌دانەوەیەکی هەناوی هەژاوی هۆنەر ئەخەنە روو : وەکو ئەوەی کە هەندێ کێش هەن لە سروشت‌و بنچینەدا زیاتر لەگەڵ خۆشی‌و کامەرانی‌دا ئەگونجێن‌و باشتر توانای دەرهێنان‌و پێشان دانی ئەو جۆرە هەستەیان هەیە .. وە هەندێ کێشی تریش رەنگی ژوورموەیان وەکو کوورپێکی خەم‌و خەفەت وایەو ئاوازی ماتەمینی لێ ئەچۆڕێتەوەو ئەڕژێتە ناو کاسەی دڵی گوێگر یا خوێنەر .. ئەمانە بێ‌گومان لە ئەنجامی ووردبوونەوەو هەڵهێنجاندنی تەواوا ئەم باوەڕەیان گەڵاڵە کردووەو باوەڕیان

پێی هیناوە .. بە تایبەتی کە دیوبانە زۆر جار وا روو ئەدات کە هۆنەرێك بێ ئەوەی چەرخی ئەنقەست بخاتە گەڕ ، بۆ دەربڕینی چەشنە هەستێکی بزواوی دەروونی ئەو کێشە بەکاردێنێ کە گەلێ شاعیری تریش پێش ئەو بەکاریان هێناوە .

لە راستیدا ئەو کێشە باوانەی کە زۆر بە چاکی و زۆر بە ئاسانی هەستیان پێ ئەکەین ، بەشێکی زۆر کەمن لەو هەموو سازو ئاوازە پڕو خەستو تیرەدا کە هۆنراوەکە ئەیڕژێنێ بەگوێچکەمانا .. ئاوازی هۆنراوە ئەو تامەو بۆیە تایبەتی یەیە کە لە جەرگەی تاکە تاك و دەست لەگەردن کردنی ووشەکانەوە هەڵئەقوڵێ ، وە لە ئەنجامی رێك خستنو دارشتنی ووشەکانو گۆڕانی جۆری ئەو پیتە بەهێزو خاوانەی ووشەکان دروست ئەکەن ، پەیدا ئەبێ . ( ج ـ ب جیلفور ) ئەڵێ : « زنجیرە تاقی کردنەوەیەك کراوە بۆ ساغ کردنەوەی شێوەی هۆنراوە ، ئەمەشیان بە هۆی تۆمار کردنی دەنگو ئاوازی هۆنراوەکانەوە لەم تاقی کردنەوەیەدا دەرکەوتووە کە شێوەو ئاوازی راستەقینەی دێرە هۆنراوەیەك تەنها فلان کێش یا فیسار بەحر نی یە ، بەڵکو زیاتر بۆ جۆری دابەش کردنو ریز کردنی لەرەی دەنگی بەهێزو بێ هێزو وەستانی کورتو درێژو هەڵکشانو داکشانی داگرتنی دەنگ ئەچێتەوە .. » واتە ئاوازی هۆنراوە زیاتر بۆ ئەو ئیقاعە ئەگەڕێتەوە کە لە

ئەنجامی بەشوێن یەکەوە هاتنی پیتی دەنگدارو بێدەنگ‌و کورتی‌و درێژی دەنگدارەکانی‌و ڕیزەو وچۆنیەتی هەوا شەق کردنی دەنگدارەکانەوە پەیدا ئەبێ ، بە تەواوی لەگەڵ باری دەروونی هۆنەر لەکاتێکی تایبەتی‌دا ڕێك ئەکەوێ .. یاخود بڵێین ئاوازی هۆنراوە تەنها ووشەی زل‌و قەبەو زرنگاوە نی‌یە بەڵکو شەوت‌و لێدانێکی دەروونی‌یە چوست ئەڕواو بە ناخی گوێگرا شۆڕ ئەبێتەوە خوارەوە تا لە بنەی بنی دەروونی‌دا ئەگیرسێتەوەو بە هەموو پارچەیەکی وجودی‌یا بڵاوئەبێتەوەو هەست‌و سۆزی هۆنەرو گوێگر لێك ئەدەن‌و تێکەڵ ئەبن‌و لە پەردەی ئاوازی تازە پەیدابووی هۆنراوەکە وێنـــەی ( هەستە هاوبەشەکە ) ئەچەسپێ کە لە پێـتی ووشەکان‌دا تواوەتەوە ..

دەنگ‌و ئاوازی ووشە وا نەبێ کەرتێکی ســانەوی‌و بێ ئەرکی ووشەکە بێت بگرە ئەوزارێکە شان بە شانی ئەو مانای دەری ئەبڕێ پارچەیەکی زۆر گەورە لە هەست‌و نەستی هۆنەر دەئاڵێنێتەخۆی‌و دەری ئەبڕێ .. واتە لە هۆنراوەدا هۆنەر بە جۆرێ ووشەکان دەردێنێ‌و ڕێکیان دەیەخێ کە ئاوازەکەی ئەبێ بە پارچەیەکی دەربڕین‌و لایەنێکی فراوانی تاقی‌کردنەوەو بەسەرهاتی هۆنەرەکە هەڵئەگرێ .. ( بۆب ) گۆتەنی : « پێویستە ئاوازی هۆنراوە دەنگدانەوەی ماناکەی بێت .. » چونکە شتێکی نەفسی ئاسایی‌یە کە ئادەمیزاد هەر

به خۆڕسكو هەر لە سروشتەوە حەز لە دەنگی سازندەی ڕێك ئەكات ، هەر بۆیشە كە لە كۆنەوە ئەشقو دڵبەندی گۆرانی بووە ، چونكە ئەو گۆرانیانە وەك ـ تنفیس ـ باری پەنگ دانەوەی هەستی دەروونی سووك كردووە ... ، ئەو ئاوازەش كە لە هۆنراوەدا هەیە كۆمەڵێكی زۆر گەورە لەو سۆزو بەسەرهاتو تاقی كردنەوەو لێدانە هەڵئەگرێ كە بە درێژایی ڕۆژگار بەسەو ئاوازی ووشـــەكە دارِژاوەو تیایا تواوەتەوەو لەگەڵ تەقینەوەی ئەم ووشەیە بە گوێ مەردم دا ئەو هەموو هەستو نەستو ئاوازەی كە لە كۆنەوە پەردە پەردە تێی ئاڵابوو ئەڕژێتە دەروونی گوێگرو دونیایەكی فراوانی نوێ لەسەر تەلی ناسكی ووشەكانا بۆ گوێگر زیندوو ئەكاتەوە .. لێرەدا هۆنەر ئەركو پەیامێكی زۆر قورسی ئەكەوێتە سەر شان كە ئەبێ بەهرەیەكی هونەرمەندانە بنوێنێ بۆ گەڕانێكی وورد بە ناو فەرهەنگی زمانی هۆنراوەی نەتەوەكەی داو ووشەی تقووم بوو لە ئاوازی ئەو هەستە هەڵقوڵاوەی دەروونی بدۆزێتەوە كە بە مانایەوە بێت بۆ زیاتر دەربڕینی هـــەستی هەڵچوو و كەفكردووی دڵو دەروونی .

هۆنراوە بەو ئاوازە لێوەشاوەی هەڵیگرتووە مێژووی كۆنو بەسەرهاتی دوورو درێژی زمانەكەی لە مێشكو دڵی مەردمدا زیندوو ئەكاتەوە ... ئەو هەستەی كە بەرانبەر بە

کۆستو کارەساتێك لە دڵی هۆنەردا هەڵئەقوڵێ ، هۆنەر هان ئەداو پاڵی ئەدا تا بکەوێتە گەڕان بە شوێن ووشەی ئەوتۆ کە چۆرە ئاوازێکی وای تیا بێ بە نوکهەو تامو بۆی ئەو ئاوازە هەستەکە دەرببڕێ ، وانە چۆن ئاوازی ووشە هەستێکی تایبەتی لە دڵی ئادەمیزادا پەیدا ئەکا ، ئاواش هەستو سۆزی بزواوی دڵی گوێگر یا هۆنەر بە دوای ووشەی ئاوازداری ئارقەرانی خۆی ئەگەڕێ وەك بڵێی هۆشو مێشکی هۆنەر کلیلێك بێتو نهێنیبە قەپاتکراوەکانی دەروونی پێ بکاتەوە، ئەمەشیان هەرگیز ناگاتە ئاستی کار تێکردنێکی توندو تیژەوە ئەگەر هەستو تاقیکردنەوەی بازی دڵو دەروونی بە جۆرێ زال نەبووبێ بە سەریا کە خۆی بهاوێتە پێستێکی پڕ لە ئاوازی شاعیریەوە . لە هــەمان کاتدا ئاوازو ئیقاعی ووشەکانی هۆنراوە تیشکێکە بەرچاوی بیری گوێگر یا خوێنەر ڕۆناك ئەکاتەوە بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو تیشکە دونیای ئەو دیو ووشەکان بەدی بکاتو بتوانێ پەردەی ڕواڵەتو دەرەوە ببڕێتو بگاتە ناخی حەقیقەتی هۆنەرەکەوە.. هەر ئەو ئاوازە سەرنج ڕاکیشەرەشە کە یارمەتی گوێگر ئەدات بۆ ئەوەی هەستو سۆزی پەرتو بڵاوی کۆ بکاتەوەو ئاراستەی نوقتەیەکی دیاری بکات ...

ڕاستە ! ئێمە گەلێ جار لەگەڵ خوێندنەوەو هەزم کردنی هۆنراوەیەك هەست بە ئۆخەو دڵ دامرکانەوەیەك ئەکەین بەڵام

ئایا ئەمەیان سەبارەت بە چییەوەیە ؟ سەبارەت بەوەیە کە
ئاوازی ڕێکی ئەم هۆنراوەیە هەستی هەڵقوڵاومان لە چوار
چێوەیەکی ڕێکا کۆ ئەکاتەوەو ئاراستەکردنی هەستە کەشە کە
ئەمانخاتە ژێر زەبری کاریگەرێکی توندەوە ، لە ئەنجـامدا
هەر یەکەمان بە چەشنێکی تایبەتی وە بۆ سەر جۆرە هۆنراوەیەکی
تایبەتی خۆی لار ئەکاتەوەو باوەشی دڵی بۆ ئەکاتەوە .. ئا
بەم جۆرە هەر کە سۆزی دەروونیو نەفسیەتی هۆنەر هەڵئەسیٚو
ئەکموێتە شۆڕو شەرمەوە لەگەڵ شەپۆلی هەستی هەڵچوویا
بەسەر تەلی مۆسیقاو سازی تایبەتی جۆرە هۆنراوەیەکا ئەڕواو
ئەلەرێتەوە ، لێرەدا سەرکەوتووترین هۆنراوە ئەوەیە کە
قالبەکەی لەگەڵ هەستەکەیا بگونجێ واتە کێشەکە ئاوازی
لەراوەی ناخی هەژاوو تاساوی هۆنەری لێ بجۆرێتەوە ، نەك
بۆتەو قالبێکی دەستکردو داسەپێنراوی رەق بێنێ کە ئاوازی
خۆرسکی هەڵگرتووی ووشەکان بپەرچێنێتـــەوە ناو یەکترو
راستەقینەی بێ فێڵی هەستەکە بشێوێنێ .. ئەبێ ئاوازی هەستی
دەروونی هۆنەر کێش داوا بکاتو بهێنێ هەر ئەم راستەقینەیەش
بوو وای لە هۆنەرانی هاوچاغ کرد کە لە جیاتی ( دێر )
- بیت - هەنگاو - تفعیلە - بکەن بە بنەڕەتو بناغەی کێشی
هۆنراوە .. چونکە لێرەدا هۆنەر بە گوێرەی هەستو سۆزی
لە دڵ پەیدابووی ئەتوانێ دێرەکان کورتو درێژبکاتو
هەستو هەناسەی رابگرێ یا لێکی بکێشێتەوە هەر لە ئەنجامی

ئەم بایەخ دانەی هۆنەر بە دیوی ناوەوەی خۆی بۆ پێشاندانی ئەوپەڕی دەست پاکی لە دەربڕینی تەواوی شەپۆڵەکانی لافاوی هەستو سۆزو تاقی‌کردنەوەی بزواودا سەروا ـ قافیە ـ ی بەسەزمان وەك بەندو کۆتێك سەری تیا ئەچێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا کە یەکێتی سەروا ـ وحدة القافیە ـ ئەبێتە قۆچی قوربانی بۆ بەرڵلا کردنی جڵەوی هەستو داکوتانی بنی هەگبەی ئەو هەستە ... هێنانەوەو داکوتانەوەی ووشەی کۆتایی هەر هەڵویستو هەناسە راگرتنێك ئیقاعێکی تایبەتی هــەر ئیە ئەمێنێ چونکە پشوو راگرتن‌و کورتە وەستانێکی لەسەرەو ماوەیەکی زیاتر لە گوێی خوێنەردا ئەزرنگێتەوە !!

هۆنەری ئەمڕومان ناچێ لە فەرهەنگا بە دوای ووشەی هاوسەروا بگەڕێ‌و بیانخاتە کۆتایی دێرەکانی هۆنراوەکەی‌و بەزۆرەملی لە هەستی خۆیا هەڵیان بتاخنێ کە نەئەوان هەستەکە بە خۆیانەوە هەڵئەگرن نە هەستەکەش متوی ئەو کاتە دێت‌و ئەو ووشەیەش ئەبێ کە ئاوازو ئاهەنگی سۆزی هەڵچووی دڵی هۆنەر رایئەکێشێ‌و دایئەڕێژێ ..

بێ‌گۆمان ئەو هەموو دەستوورە ووشك‌و رەقانەی بۆ کێش‌و سەروای هۆنراوە دانراون‌و دائەنرێن ئەبنە کۆتێــکی رەق‌و ئەکەونە گەردنی هۆنەرەوە ، خۆ گەلێ جار کە هۆنەر هۆنراوەیەك دائەنێ هیچ ئاگای لە دەستووری رەقەکارانەی کێش‌و سەروا نی‌یە لەگەڵ ئەوەش‌دا هۆنراوەکەی

پوختەو روختە دەرئەچێ .. گەلێ کەس زانینی دەستوورەکانی کێش‌و سەروا بە پێویست نازانن بۆ هونەر ، دەفەرموو ئەوە « ت . س ئەلیۆت » لە ووتارەکە یا « - ئاوازی هۆنراوە - موسیقا الشعر - » دا ئەڵێ : -

قەت نەمتوانیوە ناوی کێش‌و هەنگاوەکان لەبەر بکەم یا قۆچی قوربانی لەبەر پێ‌ی عەرووزا بدەم بە زەوی‌دا ئەوەش مانای وانی‌یە کە من ئاوازو کێش‌و شێوەی هۆنراوە بە نەهەنگێکی وەخت خۆر دائەنێم ، چونکە لێك هەڵوەشاندنەوەی ئەندامەکانی مریشك هەرگیز فێری ئەوەمان ناکات کەچۆن وا لە مریشك بکەین کە هێلکە بکات .. »

خۆ ئەگەر لە سووچێکی نەفسی‌و دەروونی‌یەوە بۆ ئاوازی لە رەقاسی هۆنراوە بچین بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەو کاتەی پیاو کتێبێکی هۆنراوە ئەکاتەوەو چاوی لە جۆری نووسینەکەی ئەچەقێ ، دیمەنی نووسینەوەی هۆنراوەکە ئەمانخاتە دونیایەکی نەفسی تایبەتی‌یەوە ،بۆ ئەمەش راستەوخۆ لەگەڵ ئەو سەرنج لێ‌دانەدا هەستیان خەست ئەبێتەوەو هێزێکی بەرگری‌و وەڵام دانەوەو وەرگرتنی خۆرسکان تیا پەروەردە ئەبێ .. لە ناخەوە وورده ماسوولکەو دەماری هەلسووڕاندنی کردەوەی دەروونو هەستی تیرو خەستیان گرژ ئەبێتەوەو چاوەنۆڕی ئەوە ئەکات کە زمانی هۆنینەوەکە زیاتر خەست‌و پوخت بووبێتەوەو بە ئاوازێکی رێك‌و رەوانترەوە لە ئاوازی پەخشان دارێژرابێ ..

لێرەدا ئامادەبوونێکی دەروونی تەواومـــان بۆ پەیدا ئەبێ
کە بتوانین بەرەو رووی ئەم هەســتە بینەوە کە خــراوەتە
قووتووی ووشەکانەوەو بە ژێی مۆسیقای ووشەکانا هەڵواسراوە
جا ئەگەر هــاتو خۆ ئامادە کردنەکەمان بە رووی شــتە
چاوەڕوان کراوەکەدا تەقیەوە ؛ واتە بەرنیگاری یەکتر بوونو
تێکداتوانەوە ئەوا لە ناخو قوولاییەوە هەست بە شادییەکی
بێ ئەندازە ئەکەین .. خۆ ئەگەر ئێمە هەر زیاتر خۆمان ئامادە
بکەینو هــەموو مـاســولـکەو ئەندامی لەشو دەروونمــان بۆ
وەرگرتنی شتێ بخــەینەکارو لە ناکاو هیچــیان نەیەتە پێشو
چــاوەنۆڕییەکەمان پەنگ بداتەوە ئەوا جــۆرە رووشکێنیو
پەرچدانەوەیەکی دەروونیان تیا پەیدا ئەبێ لێرەدا بەبێ سوود
هەوڵ ئەدەین کە هەستی دڵو دەروونی خۆمان لەگەڵ ئەو شتە
هاتووە بگونجێنین کە هەرگیز چاوەنۆڕیمان نەئەکرد ، ئەمەش
هەڵبــەت وەڕسو کەوەڕیان ئەکاتو لە باتی ئەوەی بکەوینە
پەرستنی هۆنراوەکە ئەکەویــنە پێشێل کردنو فڕێ دانی ، لە
جیاتی ئەوەی دڵیان پێی بکرێتەوە دڵیان لێی ئەگوشرێ ..

هــەر چۆن بێت ئاوازی تایبەتی هــەڵقولاو لە جەرگەی
ووشەکانی هۆنراوەکە پارچەیەکی بەکاریگەری دانەپــاوە لەو
ووشەیەی کە هەستو ســۆزی دڵی هۆنەر ئەدا بە گوێگر یا
خوێنەر ..

# سەرچاوەکان

١ - فنون الأدب .. هـ. ب. چارلتن ترجمة د. زكى نجيب محمود
٢ - الشعر كيف نفهمه ونتذوقه . اليزابيث درو .
٣ - التفسير النفسى للأدب .. د. عزالدين اسماعيل .
٤ - الشعر العراقى الحديث - مرحله وتطور .. د. جلال الخياط
٥ - الموسيقى الداخليه في القصيدة الحديثة . . حسين مردان . .
گوفارى . . الالفباء - ١٤٦ -
٦ - الموسيقى الخارجية في القصيدة .. حسين مردان . . گۆڤارى
الالفباء - ١٤٧ -

# روخسارو ناوەرۆك لە هۆنراوەدا

( ١ )

هەر نووسینێکی ئەیگری دوو رەگەزی بنچینەیی تیابە کە شان بە شانی یەکتر دێن‌و نرخ‌و پایەیەك بۆ نوسینەکە دیار ئەکەن ، جا نووسینەکە هۆنراوە بێت یا پەخشان ؛ ئەم دوو رەگەزەش بریتین لە روخسارو ناوەرۆك ـ الشكل والمضمون ـ یا ووشەو مانا ـ الكلمه والمعنی ـ هەندێ کەس لەوانەی باسی ئەو دوو رەگەزەیان کردووە پەیوەندی نێوان ( ووشەو مانا ) یان وەکو پەیوەندی بەینی ( لەش‌و بەرگ ) داناوە(١) .. بەلای ئەوانەوە هەریەکە لە ووشەو ماناکەی تا ئەندازەیەك سەربەخۆن‌و چەند دروشم‌و نیشانەی تایبەتی‌یان هەیەو تێکەڵ بەیکتر نابن بە تەواوی ، چونکە وەکو ئاشکرایە لەش شتێکی زیندووەو بە پێی گەورە بوون‌و گەشە کردنێکی بایۆلۆجی پەرە ئەسێنی‌و ئەگۆڕێ‌و پێ‌ئەگا کەچی بەرگەکە شتێکی بێ‌گیانەو دەستکردیشە ! بێ‌گومان ئەم جۆرە باوەڕە سەری نەگرتووەو رەت کراوەتەوە چونکە ئەبینین لەم نموونەیەدا لەشەکەئەتوانێ ببێ‌و بمێنێ بە بێ ئەوەی بەرگەکە هەر هەبێ ،

ئەوەندە هەیە هەبوونی بەرگێکی پوختەو پەرداخ لەشەکە بە نەزاکەت دەبەخەیو پارێزگاری ئەکات ، کەچی لە بارەی ( ووشەو مانا ) وە بە هیچ چەشنێ مانایەك یا بیریك پەیدا نابێ ئەگەر ووشە نەبێت ، چونکە ( مانا ) پێش ئەوەی دەر ببڕێ راستە لە مێشکی پیاو دایە بەڵام هەرگیز هەبوونێکی هەست پێ کراو پەیدا ناکا ئەگەر نەکەوێتە قالبی ووشەوە ، هەبوونەکەی تەنیا بۆ خاوەنەکەی ئەبێتو هیچی تر کە لە مێشکی خزیا لێکی ئەداتو پەروەردەی ئەکاتو پێ ی ئەگەیەنێ - دوورتریش بچین - مانا ئەو هەبوونە زەینیەشی نابێ ئەگەر ووشەی زەینیو خەیاڵی نەبێت کە خاوەنەکەی بیرەکەیان پێ بکاتەوەو مانا زەینی لقولاوەکەیان تیا دابڕێژێ. کەوانە بە هیچ چەشنێ ناگونجێ ( ووشەو مانا ) لێك جیا بکەینەوە .. چونکە بوونو نەبوونیان بە یەکەوە بەستراوە بۆیەش باش بۆی چوون ئەوانەی کە ئەڵێن ( ووشەو مانا ) وەکو ( لەشو گیان ) وان ، کەواتە چۆن گیانو لەش بە بێ یەکتر ناژینو هەڵناکەن ، هەرکامەیان لە ناوا نەبێ ئەوەی تریش رەش ئەبێتەوە مەسەلەی ( ووشەو مانا ) ش هەمان سەمەرەی هەیە چونکە ماناو بیرەکە با هەر هەبێتو لە مێشکو دڵو خەیاڵا بخولێتەوە کە ووشەیەك نەبێ دایبچۆڕێنێو بیهێنێ ، بیخاتە رووەوە هەرگیز دەرناکەوێ ، ووشەش خۆی با هەر هەبێ کە مانایەك نەبێ پێستی بۆ

بکانەوەو گیانی بە بەرا بخات هەروەکو قەپێلکێکی سوورکو-
بە تاڵ بەبێ گیانی ئەمێنێتەوە ..

جگە لەم دوو دەستەیەش هەندێکی‌تر هەن لە سووچێکی ترەوە بۆ (ووشەو مانا) ئەچن‌و بە جۆرێکی‌تر پەیوەندی نێوانیان ایێك ئەدەنەوە .. ئەمانە ئەڵێن : « ووشەو مانا رەنگە وەکو مژۆك‌و مەرەکەب وابن (٢)..» ئەگەر مژۆك - نشاف - بخەیتە ناو دەرانی مەرەکەبەوە، مژۆکەکە بە گوێرەی توانای هەڵمژینی خۆیەوە مەرەکەبەکە هەڵئەمژێ‌و دەری دێنێ‌و پێشانی ئەدات . ووشەش بەم تەرزە بیرەکە لە زەین‌و خەیاڵەوە هەڵدێنجێ‌و ئەیخاتە بەرچاوانەوە ؛ ئەم باوەڕەش نەزاکەت‌و دڵگیری‌یەکەی لەوە دایە (ووشە) ئەکا بە خزمەتکاری (مانا) چونکە ئەگەرچی هەر دووکیان بە بێ یەکتر نابێ وەك لە نموونەی سەرەوە دیمان نە مەرەکەبەکە بەبێ مژۆك دێتە دەرەوە، نە مژۆکەکە بەبێ مەرەکەب روخسارێکی زیندوو ئەگرێ بەڵام ئەوەندە هەیە مژۆکەکە ئەبێ بە هۆی راکێشان‌و دەرهێنانی مەرەکەبەکە، ئەگەر نەمانەوێ مەرەکەبەکە چلك بکەین رەنگە ئیشمان بە مژۆکەکە هەر نەبێت‌و هیچ نرخی نامێنێ .. واتە (ووشە) بۆ دەربڕینی (مانا) دێت، نەك (مانا) بۆ پڕ کردنەوەی (ووشەکان) ئەمەشیان بۆیە باوەڕێکی پەسندە چونکە ووشە ناکا بە ئامانج ، بەڵکو رووی هەر لە (بیرو مانا) کەیە بەڵام لە بۆتەی ووشەی رێکا بە

مەوەش زیاتر مەسەلەی ( هونەر بۆ هونەر ) تورێ ئەداو پەیامێك ئەخاتە پێش ووشە لە تەك یەك هاتووەكان كە پێكەوە شێوەو روخسارێكی تایبەتیو سەربەخۆ دائەرێژن ..

بێ‌گومان پەیوەندی نێوان ( ووشەو مانا ) یا بە شێوەیەكی فراوانتر بڵێین - روخسارو ناوەڕۆك - هەرچیو چۆنێك بێت ئەوەندە هەر هەیەو هەر ئەمێنێ كە ( ووشـــەو مانا ) دوو سەری تێك هەڵكشاوو تێك داڕژاون ، بیرای بیرای لە یەك دانابڕێنو داناپسێن ، چونكە یەكەم چار كە تررووسكەی بیرێك یا رووناكی مانایەك لە ئاسۆی فراوانی زەینو خەیاڵەوە دەرئەكەوێ لە ئاوێنەی ووشەی زەینییەوە خۆی ئەنوێنێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئەگەر ماناو بیرەكە لە بۆتەی ووشەوە دانەڕژێن ، واتە نەخرێنە سنووری ماددییەوە هەرگیز شەوقو كاریگەرییان نابێت .. ئەو چەنبەرە ماددییەش كە روخسارێكی سەربەخۆی هەیە شان بە شانی ماناو سۆزو تانی كردنەوەی مرۆڤایەتی ناو ووشەكە لەگەڵ ئەو ئیحانەی لێ‌ی ئەهەڕژێ ، ئەبێ بە رەگەزێكی كاریگەر لە زمانا ..

ئەو ناوەڕۆكەی ئەكەوێتە پێستی روخسارێكەوە ، واتە ئەو كۆمەڵە بیروباوەڕو هەستو سۆزەی بە چەند ووشەیەكەوە دەرئەبڕی سنوورێكی كێشراوو ئەندازەیەكەوە دیاری هەبە بۆیە ئەگەر گەرەكمان بێت تۆزقاڵێ بیرەكە بگۆڕین ئەبێ

نەخشەی وشەکانیشی بگۆڕین جا بە زیادو کەم کردن بێت یا بە جێ‌گۆڕکێ ..

خۆ ئەگەر بمانەوێ دەستی دەستکاری بۆ وشەکان درێژ بکەین ئەو حەلە ( بمانەوێ ونەمانەوێ ) وورده شەپۆلی ئەم گۆڕانە خۆی لە گۆمی ئەندازە گرتووی بیرەکە ئەداو ئەیلەقێنێ ، روویەکی‌ترو ئەندازەیەکی‌ترو نەخشـەیەکی تری ئەخاتە پێش چاو ..

چۆن ماناو وشە بە یەکەوە بەسـتراونو گۆڕانی یەکێکیان کار لەوەی تریشی ئەکات هەر بەم جەشنە گۆڕانو پێشکەوتنی بیروباوەڕو رۆشنبیری هـــەر نەتەوەیەك لەگەل گۆڕان وپێشکەوتنی زمانەکەیا شان بە شانی یەکتر ئەڕۆن ، چونکە زمان کە لە وشە پێك هاتووە بیروباوەڕو ئاقی‌کردنەوەی شعوری‌و لێبینی ووردو ســەرنجی تیژ دەرئەبڕێ ، جا کە ئەمانە بگۆڕێن لە ئەنجامی هەنگاونانی مرۆڤایەتی‌و هەلچەرخانی چەرخی رۆژگار بەرەو پێشەوەو تەکاندا ، بۆ بەرزتر ، هەلبەت ئەبێ ئەو قالب‌و بۆتەیەش بگۆڕێ کە بیرو باوەڕەکەی تیا داڕژاوە ، هەر لەبەر ئەمەشە کە گۆڕانی ژیانی کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و باری گشتی هەر نەتەوەیەك هەندێ زاراوەو واتەی نوێ لە زمانەکەوە پەیدا ئەکاو هەندێکی کۆن ـ کە بەکار ناهێنرێن ـ ئەخاتە تۆی لە بیرچوونەوە ... جا لەبەر ئەوە چۆن پێویستە هونەر یا نووسەر توانای دەسەلاتی بە سەر بیروباوەڕی

کۆمەلآیەتیو ئابووریو رامیاریو ئەووژمی بیری نوێی
نەتەوەکەی خۆیو مرۆڤایەتی بە گشتی دابگرێ ، ئەبێ
ئاواش بەسەر زمانی نووسینا زال بێتو سامانێکی زمانی
دەوڵەمەند بۆ خۆی پێکەوە بنێو بیخاتە ژێر - کێفی خۆیەوە.
جا ئەو کاتەی هۆنەر خورپەیەکی ئەکەوێتە دڵو بیرێکی
ئەکەوێتە زەینو ئەیەوێ ئەو هەستو بیرە دەر ببڕێ ، پەنا بۆ
ووشە ئەبا - وە لەبەر ئەوەی هەستو بیرو سۆز .. دەریایەکی
بۆشی بێ بنە ئەوەندەی ئەکا هەمووی پێ دەرنابڕێ ،
چونکە ئەو ووشەیەی بەکار ئەبرێ شتێکی ئەنبووژەنی
- مادی - یەو لە هەر زمانێکدا ئەندازەی دیارە .. وەئەو
شتەی کە هۆنەر یا نووسەر ئەیەوێ دەری ببڕێ تا لە مێشکیا
روونو ئاشکرا بێت باشتر ئەتوانێ ووشـــەی لە جێی بۆ
بدۆزێتەوە ، وە تا بیرەکە پۆشراوو ئالۆزو پێنەگەییو بێتە
شێوەی دەربڕینەکەو ووشەکانی ئالۆزو شلو شێواو ئەبن ،
بەم جۆرە ئەبێ هەر ماناو بیریك بخرێتە کەوڵی ئەو ووشەیەی
کە بە زۆریو بە ئاشکرایی دەری ئەبڕێ ، وە هـــەر
ووشـــەیەکیش بۆ ئەو مانایە تەرخان بکرێت کە بە تەواوی
سەر رێژی بکات ، ئەمەشیان لە رەوانبێژیدا پێی ئەووترێ
( المساواة ) ...

مایەوە سەر روخسار بە شـــێوەیەکی گشتی نەك تاکە تاکە
ووشەکان لەگەڵ ناوەرۆکە گشتییەکەوە .

ئایا هۆنەر ئەبێ زۆر بایەخ بە روخســـار بداتو دەستی رازاندنەوەو ئارایشی تێدا بگێڕێو بریقەدارو رەونەق ئەفزای بکا ؟ یا ئەبێ هەر ئەوەندە بایەخ بە روخســـارەکە بدا کە چەمكو ناوەڕۆکەکە بە چاکی پێشان بدا ؟ یا ئەوەتە هەموو هێزو توانایەکی بەسەر بیرو ناوەڕۆکدا کۆ بکاتەوەو بە چاوێکی کەمەوە بڕوانێتە نرخی ووشەکانو روخساری نووسینەکە .؟

دیارە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ئەدەب بە زۆر جار گۆڕاوەو خۆی لەبەر گەلێ دەســـتانەوە دیوە ! هـەر دەوریكو هـەر هۆنەرێکیش بە چاویلکەی تایبەتی خۆیەوە سـەیری کردووەو بۆی چـــووە ، هەندێ هۆنەری وا هەن کە زۆر بایەخ بە جـۆرو ئاوازی ووشـە ئەدەن ، چونکە کاریگەرێکی زۆر لە چۆنێتیو شوێنی دانینی ووشەکا نەوە ئەخولقێ ، بە هـــەر جۆرێك رێك بخرێ جۆرە سۆزو ئاوازێکی تایبەتی لێ هەڵئەسێ ، ئەوانە پەنا ئەبەنە بەر ووشـەی زل زلو قەبە قەبە بۆ ئەوەی بووکی هۆنراوەکەی پێ برازێنێتەوە ئەمانەش وەکو ( بدیعی ) یەکان کە گەلێ هونەری جوانکاری لە هۆنراوەکەیان دەئاخنن لە پێناوی بەدی هێنانی پەیکەرێکی رێك وپێك ورازاوە ، ئەم تاقمەش گەلێ جار وایان لێهاتووە ئەو روخسار رازاندنەوەو پەیکەر داتاشینەیان بە دوا ئامانجی هۆنراوەکە داناوەو خۆیان لە تاقمی ( هونەر بۆ هونەر ) نزیك کردۆتەوە ، بێ گومان ئەمەش پەسند نی‌یە چـــونکە نابێ ئامانجی هـــەرە گەورەی

هۆنراوەکە بەرهەم هێنـــانی هۆنراوەیەکی رازاوە بێت‌و بەس، بەڵکو پێویستە ئامانجێکی پیرۆزی کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤایەتی ،ـە لەگەڵا بێت .. کەچی دەستەیەکی تر هەن رووبان هەر لە بیرو ناوەرۆکەکەیەو هەر بایەخ بەو ئەدەن ، بە بێ ئەوەی روخسار بە لایانەوە هیچ نرخ‌و نمودێکی هـــەبێ ؛ ئەمانەش پێیان ئەووترێ ـ الفكريون ) ، یا ئەومتە هـــەنێکیان زیاتـــر لە ژوورەوەی خۆیان روو ئەچنـــە خوارەوەو ئەوانەش پێیان ئەووترێ ـ سایکولوژی‌یەکان . . ئەمانە لە پێناوی راگەیاندنی بیرو راو لە پێناوی دەرهێنانی گەوهەری ناوەوەیان قوربانی بە روخسارەکە ئەدەن .

هۆنەرو نووسەری راستەقینەو ســـەرامەد ، ئەبێ رۆڵەی سەردەمی خۆی بێت‌و هاوبەشی رووداوەکانی بکات‌و هەڵگری پەیامێك بێت‌و بەرەو ئاسۆیەکی دوور بروانێ ، خاوەنی بیرو باوەڕێکی لەناخ هەڵقوڵاو بێت‌و لە هەمان کاتیشا ئازاو نەترس‌و چـــاوقایم بێت ، تێ‌بکۆشـــی بۆ راگەیاندنی ئەو ئەرك‌و ئەو پەیامەی شـــانێ بۆ دانوواندووە ، نەك بچـــێ لە پێنـــاوی روخسارێکی چاخ دراوا هەموو پەیامێك پێ‌شێل بکات‌و بینێ بەزێرەوە . لەهەمان کاتیشا نابێ ئەوەندە لە بیر ناوەرۆکەکەدا نقووم بێ کە تیایا بخنکێ‌و بەلەمی ووشەکان ئەوەندە شـــڕو شڕۆل بن کە مەترسی کەمترین شەپۆلی دوودڵی‌یان لێ‌بکرێت .. لەبەر لەوە پێویستە هۆنەر ئامانج‌و مەبەستێکی دەست نیشان کراوی

له هۆنراوەکەدا هەبێت ؛ واتە ناوەرۆکێکی بەرزو پیرۆزی هەبێ ئنجا هەوڵ بدات بە ووشەی چاخو واتەی رێكو رەوان لە بەرگێو روخسارێکی ئەدەبیو هونەری جوان پێشانی بدا ..

## پەراوێزەکان

١ ـ أحمد حسن الزيات ـ دفاع عن البلاغة ـ

٢ ـ گۆڤاری ـ الكلمة ـ ژمارە (٣) شوباتی ٩٧١ ل ٢٠

٣ ـ پیاوناتوانێ باش بیربکاتەوە ئەگەر سەرمایەووشەیەکی زۆری نەبیت ) بروانە کتێبی ـ التثقيف الذاتي ـ سلامه موسى :

# روخسارو ناوەرۆك لە هۆنراوەدا

-٢-

سلیمانۆف ئەڵێ : -

« لەو باوەڕە دام کە روخسارو ناوەرۆك بەردەوام پێکەوە بەستراون ، بەڵام ئەوەندە هەیە بە زۆری ناوەرۆك قاڵبو روخسارێکی تایبەتی بۆ خۆی ئەدۆزێتەوەو تێیدا ئەڕژێ .. »(١)

هەروەها بە لای ئەوەوە گرنگ نییە ئاخۆ روخسارو ناوەرۆك کامیان تای تازووی بەرزترەو کامیان نزمترە ،ئەوەی لەسەری داوە هەر ئەوەندەیە : ئایا ئەم شێوەو روخسارەی کە هەیە توانیویەتی بە تەواوەتی ناوەرۆکە مەبەستەکە بگەیەنی یان نەء ؟

بۆیەش گەوهەرو ناوەرۆك شێوەو روخساری تایبەتی خۆی گەرەکە تا ببێ بە دەنگدانەوەی ئەو سەدایەو زایەڵەیەی ئەو گرمەیەی کە لە پەردەی دڵی هۆنەرەوە سەر هەڵئەدار ئەتەنێتەوە ، واتە سۆزە کاریز تەقیوەکە لەگەڵ ووشەکان تێکەڵ ئەبێو نموونەیەکی راستەقینەی هۆنەرەکە ئەخاتە روو .. ئەگەر

سۆزی بزواو هەڵچووی دەروونی هۆنەرەکە هەستێکی نەرم و ناسکی خۆشەویستی بێت هەڵبەتە ووشەکانیش قشت و ناسك ئەبن و ئەو وێنەو دیمەن و ئەو دونیایەی کە دێتە پێشەوە گەلێ هێمن و ناسك و نازدار ئەبێ - خۆ ئەگەر هەست و جۆشەکە هەستێکی گڕگرتووی ئازاردان و برینداری و زادەی رق و کینەو بوغزۆ غەرەز بێت ، ووشەکان یاخود شێوەی گشتی دەربڕینی ئەو کوورە لە خرۆشە بە رق و قین و یاخی بوون و تووڕەیی دەئاخنرێ و پرووشکی سووتێنەری لێ ئەپرژێ ، یان ئەگەر سۆز و گودازەکە لە زەمینی بە پیتی رەشبینی و نائومیدی رەگ و ریشەی داکوتا بێت و لە جیاتی گوڵ چڵ و زی دەربکات و هەست و دەروونی خاوەنەکەی پێ ئازار بدات بێ گومان روخساری هۆنراوەکەش کە گوزارشت دانەوەی ئەو هەستەیە هەمووی نوقمی کووپەخمی نائومێدی و دەریای شینی شیوەنێکی خەیاڵی ئازوردە ئەبێت و پەردەیەکی رەشی سامناکی ترسێنەر باڵی سیخداری خۆی بەسەردا ئەکێشێ ، بەڵام ئەوەندە هەیە لەگەڵ هەر جۆرە هەست و سۆزو معاناتێکا مزاج و کەسێتی هۆنەرەکە دەورێکی باڵا ئەبینێ لە چۆنیەتی و چەندێتی دەربڕینی ئەو سۆزەو داڕشتنیەوە . چونکە ئەو کاتەی هەستێك بە کاریگەری کارەساتێکی بابەتی دونیای دەرەوە لە دڵی هۆنەرەوە ئەبزوێ ؛ یا لە ئەنجامی لێکدانەوەو تاقی کردنەوەیەکی دەروونی پێ ئەگات وەکو پلوومێك بەسەر دڵی

نووسەردا ئەرزێ و رەنگی کاسەی ئەو دڵە هەڵئەگرێ ، بۆیە لە کاتی دەربڕینو گوزارشت دانەوە ، رەنگ و مۆرکی تایبەتی ئەو دڵەی هەر پێوەیە کە سەر چاوەی هەستو سۆزێکی کەسێتی‌یەو کووپەڵەی کۆکردنەوەو پەرت کردنی ئەو خوێنەیە کە لە هەموو دەمارو سیلەکانی لەشدا ئەگەڕێ ؛ بەمەوە سەرجەمی ئەندامانی لەش خۆیان لە ناو ئەو کووپەڵەیە نقووم ئەکەنو ئەگەڕێنەوە .

جا لەبەر ئەمە هەر چەندە بزوێنەرو سەرچاوەی باسێك بەلای هەموو هونەرەکانەوە یەك بێت هەرگیزاو هەرگیز هێزی دەربڕینو چۆنیەتی هەڵبژادنی ووشەو دارشتنی رستەو پلەی ناسکیو تیژی ئەو ووشانە یاخود شێوەی تێکڕایی روخسارەکە یەك شت نابێت ، بەم جۆرە روخسارو ناوەرۆك تێکدا رژاون تاوێتەی یەکترن ، بەهیچ کلۆجێك نابێ لە کاتی لێکۆڵینەوەو لێدوانو هەڵسەنگاندنیشا لەیەك هەڵاوێر بکرێن چونکە « هونەری راستەقینە بریتی‌یە لەو کۆمەڵە خاسەویژە ـ خاسیەتە ـ ی کە تا ئەو پەری ووردی تێکدا تواونەتەوە ... » (٢) کە وابێ رەوا نی‌یە بەرزیو نزمی هونراوەیەك یا هەر بەرهەمێکی ئەدەبی یا هونەری بدرێتە پاڵ تەنها یەکێ لەم دوو رەگەزەوەو ئەوەی تریان پشت گوێ بخرێ ، چونکە ئەو حەلە مانای وایە جیاوازی‌یان ئەخرێتە نێوانو تواوەی ناو یەکتر نین ... لەبەر ئەوە نابێ رەخنەگر بۆ ئەوە . بچێ کە

ئەو بەرهەمە ( نرخی کۆمەڵایەتی بەرزە ، بەڵام لایەنی هونەری و جوانکاری نزمە .. » (٣) بەڵکو ئەبێ بەبێ ئەم دابڕین و جیاوازی تێخستنە ئەوە ئاشکرا بکات بەرهەمە بە تێکڕایی وەك پارچەیەکی لێك نەپچڕاو چۆنەو تا چ رادەیەك سەرکەوتووە ؛ ئنجا بکەوێتە روون کردنەوەو ساغ کردنەوەی سەرچاوەی بەهێزی یا بێ‌هێزی هۆنراوەکە لەگەڵ پێشاندانی ئەو رووانەی دروشمە گشتی‌یەکەیان بۆ پێکەوە ناوەو ئەو کارێگەرە بەکارانەی پایەیەکی دیاریان بۆ داناوە .

هەندێ هەن تەنیا لایەنی هونەری و دارشتنی جوانکاری هۆنراوەکەیان لەبەر چاوە ، نوسکار وایلد ئەڵێ : « هیچ نووسراوێك نی‌یە رەوشت پەروەر بێت یان دژی رەوشت ؛ ئەوەی، هەبێ دارشتنەکەی یان پەسندە یان پەسند نی‌یە ..(٤) هەندێکی‌تر هەن هەر روو لە ناوەرۆك ئەکەن بەو هەنجەتەی کە ( ئەدەبەکەیان واقیعی‌یەو لە تەنگ‌و چەڵەمەو کێشەی کۆمەڵایەتی ئەدوێ بە بێ ئەوەی ئاگاداری لایەنی هونەری و دارشتنی هونەری‌یەوە بن .. »(٥) « بەلای منەوە پێوەری پێوان‌و هەڵسەنگاندنی . هۆنراوە دوو سەرەیە ، یەکێکیان بەرزی ناوەرۆك ئەوەی تریش جوانی وێنەی هونەری و جوانی دەربڕینە.. (٦) بۆیە هۆنراوە هەر چەندە خۆی لار بکاتەوە تا تێکەڵ چەماهەری رەنجدەرو چەوساوەبێت‌و رایانپەرێنێت نابێ ئەم خزمەت گوزاری‌یە لەسەر حیسابی لایەنی هونەری

بەوە بێت ، بەم چەشنە ئەم دوو رەگەزە کە پێکەوە هۆنراوەیەك ئەخولقێنێ نرخو پایەی هۆنراوەکە هەمووی بەسەر ئەواندا کۆ ئەبێتەوە ، یاخود لە ناخی تێکەڵاوی ئەم دووەوە سەرهەڵئەدات بەڵام ئەوەندەش هەیە کە هەر قۆناغو سەردەمو دەورێکی مێژوو جۆرە ئەدەبێکی تایبەتی رەپێش ئەکات بۆیە بە پێی گۆڕانی دیالیکتیکی ژیان کە لە چاخێکەوە بۆ چاخێکی تر ئەگۆڕێ ، هۆنراوەش پەردە بە پەردە گۆڕانی بەسەرا دێت بە روخسارو ناوەرۆکیەوە ، بەم جۆرە هونەر نواندنو نوێ کردنەوە لە مەیدانی ئەدەبدا هەر دەم لە ئارادایەو هەموو نوێیەکی تازە نوێ کۆن بووەکەی پێشوو ئەپلیشێنێتەوەو ئەینێ بە لاوە بۆ ئەوەی رێگا بۆ جۆرە ئەدەبێکی تر خۆش بکات کە هەڵگری پەیامێکی پیرۆزەو لە قووڵایی ئەو کۆمەڵە هەڵقوڵاوە کە سنوورێکی کاتیو شوێنی تایبەتی خۆی هەیە ..

بۆیە قسە کردن لە روخسارو ناوەرۆك بە شێوەیەکی تێکڕایی لەوە زیاتر ناڕوا کە لایەنی بنچینەییو دروشمو خاسەوێژی سەرەکی بخاتە روو ، چونکە لێدوانی ووردو خوولی هەر بەرهەمێك بەو سەردەمەوە بەسراوە کە تیایا هاتۆتە دی ..

بێ گومان کە ئێمە چاوەڕوانی جوانیو دارشتنی هونەری ئەکەین لە بەرهەمێکا ئەو جوانیە شتێکی ووشكو برنیگ نیەبە هەر تەنها لە ئاوازو دەنگو رەنگی ووشەکاندا بێتو

روخسارەکە بڕازێنێتەوەو بەس ـ بەڵکو لە کانگای ماناو دیمەنە دەروونی‌یەکانیش دایە بۆیە ئەو کاتەی کە هۆنەر بە خورتی‌و بە زۆرە ملی شتێ بەسەر خۆی‌دا ئەسەپێنێ‌و دەمی لێ ئەدا ، لایەنی هونەری‌و جوانی وەك بۆ شایی‌یەکی زۆر فراوان دەمێنێتەوە ، لە روخساریش‌و لە ناوەڕۆکیشا . جوانی ناوەڕۆك هەبەت لەو هەستە ناسك‌و خورپە دارە دایە کە بە هێمنی بەسەر هەست‌و نەستی خوێنەردا ئەڕژێ‌و کەمەندکێشی ئەکات بۆیە ( هێزی دەربڕین بریتی‌یە لەو هێزەی کە لە وێنەیەکی زەینی‌یەوە پەیدا ئەبێت‌و ئەڕژێتە سەر هەندێ وێنەی‌تر ، هەر ئەم هێزی دەربڕینەشە کە نرخ‌و نموودێکی هونەری‌و جوانکاری ئەدا بە بەرهەمەکەوە . » (٧) .

بە کورتی هۆنەری سەرامەدو لێ‌هاتوو ، ئەبێ بە هوشیاری‌و زرنیگی خۆیەوە ، بە بلیمەتی‌و هێزێ داهێنانیەوە بتوانێ لە هەست‌و سۆزو لە هێنانی ووشەکانیەوە راستگۆ بێت، واتە بەرهەمەکەی پارچەیەکی دانەپساو بێت لە وجودی خۆی.. هەر کاتێ هۆنەرەکە راستگۆ بوو لە ناخی تاقی کردنەوە راستەقینەکانی خۆیەوە چووە خوارەوەو دەرگای دونیای ژوورەوەی خۆی بۆ خوێنەر هاوێتە سەر گازی پشت‌و بە زمانێکی پاك‌نەژادو بە داڕشتنێکی هونەری لێوەشاوە هەست‌و سۆزو بیرەکەی خستە روو ئەتوانێ هێزێك بدا بە هۆنراوەکەی‌و پەردەیەکی ئەفسووناوی راکێشەری بەسەردا

بکێشێ ، ئەتوانی شانازی ئەوەشی پێوە بکات کە گوریەی دڵو دەروونو زادەی هەستو سۆزی خۆبەتی .

## پەراوێزەکان

١ ـ گۆڤاری ـ الآداب ـ ( ٦ ) ساڵی ١٩٧١ ل ٦٦ .

٢ ـ گۆڤاری ـ الآداب ( ١ ) ساڵی ٩٦١ ل ٥٤ ـ الواقعية الاشتراكية .

٣ ـ هەمان سەرچاوە .

٤ ـ الاشتراكية والأدب ـ الدكتور لويس عوض ـ ل ١٢

٥ ـ محمد مندور لەگفتوگۆیەکا ـ فاروق شووشە ـ لەگەڵی کردووە .

٦ ـ الجمال والفن .د. کامل ماهر . لەباسی ـ التعبير ـ دا .

# روخسارو ناوەرۆك لە هۆنراوەدا

( ٣ )

نەك هەر هۆنراوە ؛ بگرە هیچ نووسینێکی ئەدەبی ناتوانێ دەسەڵات بەسەر هەست‌و هۆش‌و سۆزمانا دابگرێت‌و بمانخاتە داوی پڕ ئەفسوونی خۆیەوە (١) هەروەکو ناتوانێ لە قووڵایی دڵەوە کارمان تێ بکات‌و کوورەی دەروونمان بێنێتە جۆش‌و خرۆش‌و بەندی جگەرمان وا رابهەژێنێ کە لەرینەوەی ئەو راهەژینە سەرە داوی هەموو ووردە دەمارێکی لەش‌و گیان بگرێتەوە .. ئەگەر گوزارەو سۆزو گودازە تواوەکە لەگەڵ ووشە دەس چن‌و هەڵبژاردەکانی دەریان ئەبڕن شان بە شانی یەکتر نەڕۆن‌و بە دوو قووڵی نموونەیەکی پوختەو رێکی هەستی جووڵاوو پەنگ داوەی دڵی نووسەر نەخەنە روو !! هەر هێزی یەکێتی‌و تێکەڵاوی ئەم دوو رەگەزە یە ( روخساوو ناوەرۆك ) کە پارچەیەکی گیان ئەخولقێنێ‌و تاقی کردنەوەی هەستی‌و شعوری‌و هەڵویستێکی تایبەتی هۆنەر بە خوێنەر ئەگەیەنێ‌و سۆزی هەڵچووی ئەوی لە دڵا ئەتاوێنێتەوە .. نووسەر یا هۆنەر کە شتێ ئەنووسێ ، نابێ نووسینەکەی

قسەی زەق و سەر عەرد بێت یا وەکو ووشەی سەرپێ‌یی و ئاسایی وابێت ، چونکە ئەو حەلە گیانی ( لە شت رووچوونە خوارەوە ) ی تیا نابێ و باش لە ناخی باسەکەدا قووڵ نابێتەوە ، بە ماوەش لایەنێکی فراوانی بەرهەمەکە پاماڵ ئەبێت چونکە ( گۆرکی ) گۆتەنی جوانی لە ( هەوڵدانی مرۆڤ بۆ وورد بوونەوەو لێکدانەوە ) لە دایك ئەبێت ! هـەر کاتێ هۆنەر یا نووسەر بە هەموو گیان و هەستی یەوە خۆی لە ناخی شتا نقووم کرد بۆ دۆزینەوەو دەرهێنانی راسـتەقینەی ئەو شتانە ! هەڵبەت ئەتوانێ دوورو گەوهەر دەربێنێ و سۆزێکی بە جۆش و خرۆش و راستگۆ بدا بە بەرهەمەکەوە ، بە مەوەش بە رهەمەکەی ئەبێ بە پارچەیەك لە راستەقینەو حـەقیقەتی خۆی ، بە تواوەیی لە ناو ئەو شتەی کە دەری ئەبڕێ ، لە راستیش‌دا هەر ئەبێ هۆنراوە پارچەیەکی زیندووی دانەپساوی هۆنەر بێت ، دەی خۆ بەلاش نەووتراوە « هونەرمەند ئەوەیە بە خوێنی خۆی بەرهەمەکەی رەنگ بکات » .

روخساری هۆنراوە کە شێوەی تایبەتی دەربڕین و گوزارشت لە هەست دانەوەی نووسەرە دوو نیشانەو خاسەوێژی تیایە : یەکەم ( خودی ـ ذاتی ) یە کە رەنگ و مۆرکی کەسێتی نووسەر پێشان ئەدات و بە گوێرەی هەست و سۆزو باری دەروون و میزاجەوە ئەگۆڕێ ، دووەمیشیان ( بابەتی ـ موضوعی ) یە کە دونیای کۆمەڵایەتی یە ، چونکە چۆنیەتی تێ گەیشتن و کار

پێ کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و چۆنیــەتی دەربڕینی ئەو ناقی کردنەوە کۆمەڵایەتی‌یەی نووسەری بزواندووەو لەگەڵ چۆنیەتی گواستنەوەی ئەو سۆزە بۆ خوێنەرو زیندوو کردنەوەی هەمان ناقی‌کردنەوە لە دڵی ئەوا هەمووی مۆرک‌و نیشانەی کۆمەڵایەتی ئاشکرا، خۆی پێوە دیار ئەبێ ، جا بۆ ئەوەی نووسەر کەمترین مەرجی رۆشنبیری لێ بێتەدی ئەبێ هەڵویستی تایبەتی خۆی هەبێ بەرامبەر کارەسات‌و کێشەی کۆمەڵایەتی‌و ژیانی مرۆڤایەتی بە تێکڕایی ، ئەبێ « خاوەنی بیرو باوەڕێکی ئاشکراو دیار بێت تا بتوانێ لە ژیان بگات‌و هەست بە کارەسات‌و رووداوی ژیان بکات ، هەستی پێ بکا نەك وەکو گێرەشێوێن‌و ئاژاوەیەکی بێ‌سوود ، بەڵکو وەکو مەیدانێکی پان‌و بەرین بۆ خەبات کردن‌و تێکۆشان لە پێناوی ئەوەی - ئەبێ‌و ئەمرێ - » (٢) .

جا سەری کلافەی کێشەکە لێرەوە دەست پێ ئەکات کە چۆن شێوەو روخسارێکی رازاوەی هونەری بەو تێکۆشان‌و بزوتنەوەیە بدەین کە ئەمانەوێ دەری ببڕین ؟ واتە هــەر چەندە بیرو ناوەرۆك رۆشن بێت‌و پەیامێکی پیرۆزی بە دواوە بێت نرخ ونموودێـکی ئەوتۆی نابێ ئەگەر بە دارشتنێکی هونەری دانەڕژێتە روخسارێـکی رێکەوەو هەردووکیان تێـکەڵ نەبن « ئێمە داوای یەکێتی هونەرو رامیاری ئەکەین ! یەکێتی نێوان ناوەرۆکی سیاسی شۆڕشگێڕانەو روخساری هونەرمەندانەی

ڕەسەن ، ئەو بەرهەمە ئەدەبی یە یا هونەری یەی خالی بێت لە داڕشتنی هونەری پەسندەوە کاریگەرێکی ئەوتۆی نی یەو نابێ یا لەبیرو ناوەرۆکیشا تا ئەو پەڕی پێشکەوتووانە بێت ... » (۳)

گوتمان چوونە ناو شتو تیا ختم بوون تاکە ڕێگایەکی ڕاستە بۆ بەرهەم هێنانی ئەدەبێکی هەمیشە زینـــدوو ، چونکە سەرنج دانی سەرپێ یی لە شت لە نیشانەو ڕەنگی دەرەوەی زیاتر ناڕواو ڕاستەقینەوە کرۆکی شتەکەمان نادا بە دەستەوە ، جگە لەمەی کە پیاو گەلێ جار شتێ ئەبینی ئەوەندە بایەخی پێ نادات چونکە لەپێش چاوی ئەکەوێ ، ووتراوە دووپات بوونەوەی هەڵویست لێ ڕاهاتنی بە دواوەیە ، لێ ڕاهاتنیش هێزی لێ ووردبوونەوە کزو لاواز ئەکات ، وەکو ئەوەی ئیمە ئەگەر هەر لە منالی یەوە لەبەر دەم شتێکا بین ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا ئەکەین ، دوور مەبینە ئەم ئاشـــنایەتی لەبەر سەرپێ یو بایەخ پێ نەدانیا ئەوەندە قووڵ نەڕواو هەموو سووچو قوژبنێکی پێ نەخرێتە ژێر ڕکێفی ناسینەوە ، بەلام یەکێکی لاوەکی کە دوو چاوی ووردی پشکنینی لێ ئەخاتە کار ڕەنگە هەندێ شتی وای لێ بەدی بکات کە منو تۆ پێشتر نەمان دیبێ .. یاخود ئەو حەلەی خۆمان دووبارە چاوێکی وورد بینی پێدا ئەگێڕینەوە ئەگونجێ گەلێ کەلێنو قوژبنو ڕاستەقینەی نوێمان بۆ دەربکەوێ دەربارەی شتەکە (٤) کە لە پێشا دەستمان پێ نەکردبوو ! لێرەدا پێویستە لێکدانەوەی

هەستی‌و دتینی شتی بەرچاو لێك جیا بکەینەوە ! بەڵێ راستە !
دیتن جۆرە هەست پێ کردنێکە راستیشە وینەو شتی بەرچاو
ئەدیترێن بەڵام بیر کردنەوەو لێکدانەوەی هەستی زیاتر لە
ناخی شتەکە روو ئەچێتە خوارەوەو هەر تەنها بە پەلکی
سەرەوەی واز ناهێنێ .. گەلێ لە رێبازە هونەری‌یە تازەکان
هەوڵی ئەوە ئەدەن کە چۆن ئەو ناسەیە بایەخ بە بیرکردنەوە
ئەدات ئاواش بایەخ بە دەربڕین بدات .. » ( ٥ ) .
کە نووسەر بەو چاوە ووردبینە بڕوانێتە کۆمەڵی دەورو
پشتی خۆیەوەو خۆی لە هەڵویست‌و کاوەسات‌و کێشـــەی
کۆمەلایەتی بتاوێنێتەوەو بتوانێ هەست بە ئێش‌و ئازارو ئاوات‌و
ئامانجی چینی چەوساوەو رەش‌و رووت‌و لێ‌قەوماو بکات‌و لە
بادەی تالاوی ئەوانا بخواتەوەو دیمەن‌و وێنەی جۆراو جۆری
ژیانیان پێشان بدات ، ئەدەبەکەی ئەبێ بە لێکدانەوەیەکی
ووردی باری کۆمەلایەتی‌و ئەبێتە پارچەیەکی زینـــدووی
داچەسپاوی ناخی ژیانی سەردەم‌و شوێنەکەوە . ئەم هە تەش
تا زیاتر کسپەی لە جەرگی نووسەر هەڵساندبێت‌و کوورەی
دڵی جۆش دابێت دەربڕینەکە ئاسانتر ئەبێت ، تا دەربڕینەکەش
ئاسانتر بێ شێوەکەی سروشتی‌ترو ئاسایی‌تر دەرئەچێ !
چونکە ئەبێ شێوە رەنگ دانەوەی ناوەرۆك بێت‌و نموونەیەکی
راستەقینەی ئەوبێت ، کەفو کوڵی سۆزی هەڵچوو لەربنەوەی
تەڵی دەروون بێت ، نەك ناوەرۆك شتێك بێت‌و روخساریش

دەستی ( تکلف ) ی بگاتێو وێنەیەکی بۆیە کراوی هەڵەڵەتێنەو پێدا بە دەستەوە ، بۆیە هەر کێردێ بیەوێ ئەو دەزووە پەك پارچەیە بپسێنێ دەمی ئەپەڕێو بە ناوخۆیدا ئەشکێتەوە چونکە بەمەوە و هونەرمەند لەکۆمەڵو ژیانی کۆمەڵایەتی دائەبڕێنێو روحسارو ناوەرۆك لەیەك ئەکاتەوەو لە ســەرووی ژیانی کۆمەڵایەتی دونیایەك پێك دێنێ کە هیچ شتێکی بەسەرەوە نی‌یە ، ئەویش دەولەتی جوانی‌یە .. (٦) .

خۆ هەر چۆن بێت نووســەر ئەندامێکی کاریگەرو پارچەیەکی دانەبڕاوی کۆمەڵەکەیەتی‌و ببڕای لێ‌ی نابێتەوە بۆیە ( وابزانم هەر هەوڵو کۆششێکی دەم لە هاسێکی وا بدات ... ئەبێ بە پوروشی دەم با بەتایبەتی لە کۆمەڵێکدا هێشتا چەوساندنەوەی مرۆڤی تیــا باو بێت ، (٧) . چونکە لەگەڵ واقیعو چۆنیەتی ژیانا ناگونجێو ئەبێتە ( سەر قۆزی بن ئاڵۆز ) واتە ووشەی قەبەو بریقەدار دەخرێتە پێشەوە بۆ داپۆشینی ئەو ناوەرۆکە نەگونجاوەی هەڵی گرتووە ::

بێ‌گومان ئێمـــە ئەبێ باوەڕمان بە جوانی هەبێت لە ئەرهەمی هونەری‌و ئەدەبی‌دا بەڵام نەك جوانی ووشکی ووشەی زل‌و گەورە ، بەڵکو جوانی ناوەرەی شــتەکەو چۆنیەتی دەرکەوتنی .. جا کە ( باوەڕمان بە جوانی زانین بێت ئەبێ رەخنەگریش لە کاتی لێ‌کۆڵینەوەکەی‌دا بەرامبەر ئەم جوانی‌یە بسەنگلێنەوەو بیپشکنێ ، وە کە باوەڕمان بە زانین بێت مانای

وایە ئەبێ ناوەرۆکان لەبەر چاو بێت ، خۆ ئەگەر بە تەنیاق باوەڕمان بە جوانی دەرەوە بێت ئەوە وامان لێ ئەکات کە بڕوانینە دارشتنی روخسارەکەو بەس !! بەڵام مەبەستەکەی ئێمەی بەتێکەڵاو کردنیان نەبێ نایەتە دی ، بەم جۆرە ئەبێ رەخنەگر هەردووکیان پێکەوە کۆ بکاتەوەو بە یەك پارچە سەیریان بکات ..؛ (٨) خۆ ئەگەر رەخنەگر بیەوێ لەم سۆزو گودازو جۆری دەربرینە بپەرێتەوە بۆ سنووری لێکدانەوەی باری دەروونی نووسەر ئەو حەلە ئەبێ لایەنی دەروونیش رەچاو بکاتو بێ گومان لیکۆلینەوەی ئەدەبەو کە لەسەر بنەرەتێکی دەروونی بێت ئەبێ بایەخ بە شێوەوروخسار بداتو ئاگاداری زنجیرەی درامی باسەکە بێت ئەگینا بۆی ناکرێ بەم جۆرە کە رەخنەگر ئەروانێتە بەرهەمەکە ئەبێ وەك پارچەیەکی تێکدا رژاو بڕوانێتی هەردوو رەگەز ) لێی بکۆڵێتەوە ، نەك یەکە یەکە بیانگرێو پەردەیەکی ئەستووریان لە نێوان بنێتە خوارەوە ! چونکە ئەو کاتە دەستی پەر ئەبێو هیچی پێ بە هیچ ناکرێ ..

## پەراوێزەکان

١ـ کە ئەڵێین ئەدەبی ئەفسوو ناوی یا هۆنراوەی پر ئەفسوون ئەوە بۆ ئەوە ئەچێتەوە کە شاعیر لە هەموو زەمانو سەردەمێکدا سەرامەدو هەلکەوتوو بووە ، توانیویەتی بە هێزی

نهێنی هەڵقوڵاو لە قوڵایی دڵیەوە هەست و سۆزی خەڵکە کە بجووڵێنێ ، بۆیەش خەڵکی بەرامبەر ئەم هێزە شاراوەیە سەرامیمە بوون و جۆرەها لێکدانەوەیان لەبەر دەم داناوە ، هەندێکیان ئەم هێزەیان بە هێزێکی سحراوی و ـــە منسووناوی داناوە ، هەندێکی تریش لەو باوەڕە دابووینە کە هەر شاعیرێك شەیتانێکی بە دواوەیەو فـــووی لێ ئەکات و کاریزی شیعری ئەتەقێنێ ، شاعیرێکی عەرەب ئەڵێ :-

انی وکل شاعر مـــن البشر

شیطانه أنثی وشیطانی ذکر

هەندێکی تر کە تاسەی سەر سوڕمان بەرامبەر هێزی پەنهانی شاعیر ئەیانباتەوە ئەکەونە سەر ئەو باوەڕە کە هەبێ و نەبێ ( لەمە چێتر ) لە خەڵوەت و تەنیایی دا تەلقینیان ئەدەن ! خۆ زۆر کەسیش بۆ ئەوە چووینە کە شاعیر ( شێتە ) ، نەك بەو مانایەی کە مرۆڤێکی ئاسایی تەواو نییە ، بەڵکو بەو ناوەی کە هێزێکی وای تیایە ئەو هێزە لە ئادەمیزادی ئاسایی دا نییە جگە لەمەش یۆنانیـــەکان لایان وا بوو ( ئەپۆلۆ ــ خوای شیعرو حیکمەت ) خوربەو ئیلهامیان ئەخاتە دڵەوە شاعرێك ئەڵێ :-

انی لی بالاله رب الاغار يد أپولو علا من الخلد کوبی

بەڵام شاعیری ئەمرۆ ، نەساحیرەو نەشێتەو نەشەیتانو لەمەچێتر یشی لە دواوەیـــە ، بەڵکو دونیایەك ئازارو موعاناتو کارەسات وتاقی کردنەوەی لە دواوەیە کەبەهرەکەی ئەکە

شێتەوەو پێی ئەگەیەنن . هەر بەمەشە شاعیری ئەمڕۆ لە هی دوێنێ جیائەکرێتەوە .

٢ـ ارنست فيشر ( مشكلة الواقــع في الفــن الحديث ) گۆڤاری ـ الاداب ـ العدد (٨) ساڵی ١٩٧١ .

٣ـ ماوتسي تونگ . احاديث في ندوة الادب والفن ل٤٦ .

٤ـ هەر بۆیەش مامۆستاکان پەنا ئەبەنە بــەر هۆی روون کردنەوەو شتەکە دەبەنە پۆلەوە تا قوتابیان بە ووردو قووڵی هەستی پێبکەن لە کاتی وانە خوێندندا !! چش با ئەو شتە بەردێکیش بێت کە منداڵ دەمو سات یاری پێ ئەکات !! یا با جانتاکەی خۆیش بێت کە هەموو دەم بە شانیەوەیە .

٥ـ لويس عوض : الاشتراكية والادب ل ١٦

٦ـ عزالدين اسماعيل : التفسير النفس للادب ل ١٠٥

٧ـ محمد الجزائري : حين تقاوم الكلمة ل ١٦٠

٨ـ محمود البستاني : في النظرية النقدية ل ٧٧

٩ـ لويس كامــل مليكــة : تصدير كتاب التفســير النفس للادب ل ٧

# روخسارو ناوەرۆك لە هۆنراوەدا

( ٤ )

هەندێ کەس سەر لە زەلکاوی نەشارەزاڵی دەرئەهێنن بۆ ئەوەی بڵێن گوایە روخساری بەرهەمی ئەدەبی - جا هەرچی بێت - وەکو بێژنگ وایە ؛ هەر چەندە لە گۆمی گەوارای بیرو هۆش‌و هەست‌و سۆزی نقرم بکەیت بە نیازی دەرهێنانی هەندێ لەو هەستە ، هەر ئەوەندەیە کە داوەکانی تەڕ ئەبێت‌و تەڕاتی‌یەکە لەگەڵ خۆیا دێنێ بەس بەبێ ئەوەی هیچی لەو هەستەوە پێ هەڵبهێنجدرێ ؟!

روخسار کە ئاوێتەو تێکەڵاوی ناوەرۆکی بەرهەمی ئەدەبی‌یە ، بە هێچ جۆرێ ئەوەندە بێ دەســەڵات‌و کەم ئەرك نی‌یە ونابێ کە ئەوان تێی گەیشتوون خۆ ئەوانەی کە روخساو ئەکەن بە قەفەس‌و باڵندەی بیری تیا بەند ئەکەن گەلێ لە دەستەی یەکەم دوورتر نەڕۆیشتوون ، چونکە هەر کاتێ کە روخسار سنووری ئاسینی وەك قەفەس بۆ بیر بچەقێنێ بیرەکە ئەگوشرێ ، وەك ئاوێکی هەڵساوی تەنگەبەر پەنگ ئەداتەوە ئەگەر ئەو هێزەی نەبێ ســنوورە دەست‌کردو قالبە بەرزکراوەکان بشکێنێ ئەوا ووردە ووردە کز ئەبێ‌و ئەکشێتەوە . ئەو راستی‌یەی کە لە نێوان ئەم دوو بیرە کاڵە راست ئەبێتەوەو وەکو تەم ئەیان رەوێنێتەوە ئەوەیە کە نەروخسار بێژنگەو زەفەر بە ناوەرۆك نابات ، نە ناوەرۆکیش بەندی قەفەسی

روخسارەو توانای فرینی نی‌یە .. بەڵکو ئەم دوو ڕەگەزە هەردووکیان تێکدا تواونەتەوەو کاریان لەیەك کردووەو بەردەوام کار لەیەك ئەکەن ، یەك گیانیان تیا ئەگەڕێ‌و خوێن‌و وورده دەماری، یەکتر ئەخۆن‌و وەرئەگرن بە جۆرێ کە لێك پچراندنی شیرازەی ئەم دوو ڕەگەزە یا هەڵدانی یەکێکیان‌و پشت گوێ‌خستنی ئەوەی تر بەرهەمەکە سەراپا ئەشێوێنێ‌و هێزی بەرهەو داهێنان ـ ابداع ـ و دۆزینەوە ـ کشف ـ ی‌خاوەنەکەی بن‌بڕ ئەکات « روخسارو ناوەرۆكَ لە فەلسەفەی لێ‌کۆڵینەوەی نوێ‌دا بە دوو رووی یەك پارچە گەوهەر دائەنرێن ، گەوهەر تا نەشکێترێ دوو لاکەی لێك نابنەوە .. » (۱) بەرهەمی ئەدەبیش ئەگەر لە سنووری ئەدەبی‌دا نەڕواتە دەرەوە هەرگیز دوو ڕەگەزەکەی لەیەك جودا ناکرێنەوە ، هەر بۆیەشە ئەم دوو ڕەگەزە بەردەوام شان بە شانی یەکتر پەردەی گۆڕان‌و نوێ بوونەوەیان بە سەردا دێت « کە باس جیا بوو ،شێوەش جیا ئەبێ ... » ئەگەرچی جارو باریش تاك‌و تەرا باوەڕێکی نوێ‌و پێشکەوتن خواز لە قالبێکی کۆندا ئەبینین . یا قالبێکی نوێ‌و هاوچاخ بە بەر باوەڕێك یا ناوەرۆکێکی کۆن‌و ناوەخت بەدی ئەکەین ئەمەیان وەنەبێ گونجانەکەی بەفراوانی بێت ؛ یا شتێ بێت توانای پەرە سەندن وبڵاوبوونەوەی لە باردابێت، چونکە لە هەردوو بارا کێشەو دوو بەرەکی‌و چرنۆك لێك گیرکردنی ئەم کۆن‌و نوێ‌یە گرمەیەکی ئەوتۆ ئەنێنەوە کە هیچ

کەس تەناای بە تێك ترنجاندنیان نامێنێ . لە راستی‌دا ئەم
دوو رەگەزە شێوەی ئاسایی‌یان بەو رێژگاوەدا ئەڕوا کە
پێکەوە بکەونە ژێر بەرداشی گۆڕانی رۆژگارو پێکەوەش
تەووژمی بە تینی گۆڕانو نوێ‌بوونەوە بقۆزنەوە ئەم نوێ
بوونەوەیە دوو سەرەیەش شتێکی ئیستەرەمو ئاسایی‌یە گۆڕانی
بەردەوامی باری ژیان ئەیهێنێتە پێشەوە چونکە « بێ گومان
کاتێ کە لە ژیانی رۆژانەماندا هەندێ هەستو باوەڕو شتی
نوێ سەر هەڵئەدەن ، بە دوای روخسارێکی تایبەتی‌دا ئەگەڕێن
تا ئۆقرەی تیا بگرن ... » (٣) ئەو روخسارەش هەر نوێو
هاوچاخ ئەبێت بۆیەشە ئەڵێن پێویستە نووسەرو هۆنەر ،«ئەگەر
یەوێ نووسینەکەی هاوچاخ بێت ، یا بیرێکی هاوچاخ دەربڕێ
روخسارێکی نوێو هاوچاخ بۆ ناوەرۆکەکانی بدۆزێتەوە ..»(٤)
ئەم رروخسارەش ئەبێ خۆی لە خۆیەوە باوەش بۆ ناوەرۆکەکە
بگرێتەوە تا بکەونە ئامێزی یەکترو بتاوێنەوە ناو یەك نەك ئەو
روخسارە شتێکی بە زۆر داسەپاو بێت چونکە جگە لە
ناوەرۆك خۆیەوە هیچ لایەنێکی‌تر مافو دەسەڵاتی ئەوەی نی‌یە
کە داوای جۆرە شێوەو روخسارێکی تایبەتی بکات ، هەر
گۆڕانی ژیانە بەرهەمی نوێ ئەخولقێنێ وهەر
بەرهەمی نوێ‌شە کە روخساری نوێ بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە «لە
ئەنجامی گۆڕانی باری ژیانو پەرە سەندنی رۆشنبیری‌و
باوەش‌کردنەوە بۆ شارستانیەتی گەلانی ترو زیاد بوونی
بزووتنەوەی وەرگێرانی بەرهەمی بیری نەتەوەکانی‌تر ، ئەمانە

هەموو کردیانە کارێ کە نرکەی داوا کردنی نوێ کردنەوە لە شیعردا بەرز بێتەوە دوای جەنگی دووەمی جیهانی ..»(٥). چونکە ئەبێ روخسار لە ناخی ناوەرۆکی بەرهەمی هونەری یەوە سەر هەڵبداو رێوپیکی تێدا دابکوتێ ، هەرگیز روخسارێکی زیندومان بۆ پەروەردە نابێ ئەگەر ناوەرۆکێکی هاوچاخو مرۆڤایەتی و شۆرشگێری پێشکەوتن خوازمان لە تۆربەی بیردا نەبێت و (بەرپا کردنی هەر شۆرشێك لە روخسارا دوور لە ناوەرۆك شـۆرشێکی وشـــكو برینگ‌و رووکەشە . » و نرخو نموودێکی وای نابێ و ناتوانی جێی پێی بکاتەوەو رەگ دابکوتێ .. چۆن روخســاو لە ناخی ناوەرۆکەوە سەر هەڵئەدا ئاواش ناوەرۆك لە قووڵایی‌و لە پەرەی دڵو پیچا پێچی دەمارەکانی روخسارەوە خۆی کۆئەکاتەوەو هەڵئەقوڵێ ، چونکە روخسار خۆی بریتی‌یە لەو ناوەرۆکەی کەوتۆتە شێوەیەکی بەرچاوی ریك دارژاوەوەو (سەرنجو تیینی کردنی چەند سووچێکی روناکی روخسار ناوەروکێکی کاریگەر ئەخولقێنن ... ) (٧) .

با لێرەدا بگەرێینەوە لای ئەو کەسانەی کـــە جیاوازی لە نێوانی روحسارو ناوەرۆك قبێ ئەکەنەوە ، هەندێکیان ئەڵێن . « گرنگ ئەو ـ مەی ـ یە یە کە اه کووپە لە دایـــە نەك کووپەلە کە خۆی . » (٨) ؛ ئەو جۆرە کەسانە روخسار ئەکەنە قەپێلك‌و بەس ، هیچ سەنگ‌و گرانی یەك ناخەنە بـــەر لانەرازووی ئەوەوە بەڵکو هەمووی هەر بۆ ناوەرۆك ئەبەنەوە

لێرەدا ئەبێ بڵێین زۆر راستــە گرنگ ( مەی ) ە ، بەڵام ئەدی ە ئەگەر ئەو کوپەڵەیە پارچەیەك بوو لە ـمەی،ەکـەو توانستی ئەوەی هەبوو کــە تام‌و بۆی بگۆرێ .. ، (٩) ، بێ گومان ئەو حەلە کووپەڵەکە تام‌و بۆ ئەداتە ( مەی )ەکە کە لەو کووپەڵەیەدا ئەتوێتەوەو ڕەنگێك‌و روخسارێکی تایبەتی پێ‌ئەدات ، راستی گەوزێنراو لەو سووچەوە راست ئەبێتەوە کە پەیوەندی نێوان ( روخسارو ناوەرۆك ) بــە هیچ چەشنێ وەکو پەیوەندی نێوان ( کووپەڵەو مەی ) نی‌یە دامان نا ، ناوەرۆك وەکو مەی وا بوو ، خۆ بە هیچ تــەرحێ روخسار ( وەکو کووپەڵە ) نی‌یەو نابێ ، چونکە وەنەبــێ شێوە یا روخسار وەك کووپەڵە هەر تەنیا قاوغ‌و قەپێلکێکی مادی ووشك‌و مردووی بێ‌گیان بێت‌و کار ‌ا و ناواخنە ئەکات کە تیایەتی ، بەڵکو چۆن ناوەرۆکەکە هەست‌و سۆزو بیرو باوەڕو معاناتێکی زیندووە ئاواش روخسارەکە گیانی لەبەرایە ، ئــەو گیانەش یەکەم بەهۆی ئەو ووشانەیە کە لــە ئەنجامی زۆر بــەکار هێنانیانــەوە هەناســەی گیانی هــەست‌و سۆزی نەتەوایەتی‌و مرۆڤایەتی‌یان چووە بە دەمارەکانی لەشاو هەر ووشەیەکی ئەیگری‌و لێ‌ی وورد ئەبیتەوە گیان لەبەرێکي خاوەن هەست‌و ســۆزی سەربەخۆیەو لە هەر چوار دەورەیەوە تیشکی ئەو سۆزو تاقی کردنەوانە ئەپرژێن کە لەگەشت‌و کاروانە مێژوویی‌یەکەیا کردوویە بە توێشوو .. واتە ە ووشە پارچەیەکە لەو شتانەی

دەریان ئەبڕێ ، یا وەکو ( جاك ریڤیر ) لە نووسینەکەیدا دەربارەی بزووتنەوەی دادیەکانا ئەڵێ زمان تەنها ڕێگانیە بۆ دەربڕین ، بەڵکو کائینە .. (١٠) ، هەروەها گیانی روخسار لە وێنەو چۆنیەتی تێك هەڵکشانی ووشەکان دایە کە پێکەوە تێك ئەتاوێنەوەو دەئاڵێنە یەکترو وێنەیەکی نوێی گیاندار دێننە کایەوە ، کە روخسار ئەم گیانە خەستو پڕەی تیابێو هاوبەشی ناوەرۆك بکات لە هەڵچوونو داچوونا ، یا گرژبوونەوەو خاو بوونەدا ، یا لە بزواندندا ، بە هیچ چەشنێ بیری ووردو پێگەیشتوو بۆ ئەوە ناچێ ئەو روخسارە زیندووە بە کووپەڵەیەکی مردووی بێگیان بچوێنێو بیباتە ریز ئەوەوە ..

روخسار ئەوەندە بە ناخی ناوەرۆکدا چۆتە خوارەوە ، کە دۆزینەوەو دەرهێنانو پیشاندانو روون کردنەوەی رێوپێکی ئەو روخسارە پێویستی بە کۆششو ووردبینیو ئاگاداریەکی تەواو هەیە ، لە هەمان کاتیشدا هەڵمژینی شیلەی ناوەرۆکو راچەنین بە کاریگەری تەزووبەخشی ناوەرۆکەوە نقووم بوونێکی قووڵی ئەوێ لە دەریای خەستو فراوانی ئەو ووشەو وێنانەی کە ئەبنە تانو پۆی روخسارەکە ، بۆیە شە زۆر جار روخسار بریتی ئەبێ لە : توانای هۆنەر بۆ هەڵبژاردنی ووشەی لێوەشاوەو رێك خستنیان بە شێوەیەکی رێكو رەوان

که قوولی‌یه‌ك به ناوه‌رۆك‌و بیرو باوه‌ڕی به‌رهـــه‌مه‌كه بدات .. » ( ١١ ) .

ئه‌م ووشه هێنان‌و شێوه داڕشتنه‌ش له‌سه‌ر پەلی راسته‌قینه‌ی ناوه‌رۆكا به جۆرێ ئاوێته‌ی هه‌ستی هه‌ڵچوو ئه‌بێ كه روخساره‌كه وه‌كو ره‌خنه‌گری ئینگلیزی ( جۆن میلتون میوری ) گوته‌نی ئه‌بێ به‌و هه‌سته كه له ئه‌نجامی ووردبوونه‌وه له هۆنراوه‌كه‌دا وه‌ری ئه‌گرین ئه‌مه‌شیان به جۆرێ یه‌كێتی‌و ئاوێته‌یی روخساری زیندوو و ناوه‌رۆكی راسته‌قینه ئه‌سه‌لمێنێ كه نموونه‌ی ده‌ربڕینی ژان‌و ئازارو تاقی‌كردنه‌وه‌و به‌سه‌رهاتی تاخ نزوێن پێشان ئه‌دا .. هـــه‌ر كه‌سێ له ئه‌نجـــامی قوول نه‌بوونه‌وه‌یا ، خۆ خه‌شیم‌كردنه‌وه به پرسیاری : « ئه‌رێ روخسارو ناوه‌رۆك كامیان له كامیان گرنگتره .. » (١٢) . هاته پێشه‌وه‌و ده‌ستی بۆ وه‌ڵامێكی دڵاوده‌ر پان كردووه ، چاكتر وایه له باتی وه‌ڵامدانه‌وه ده‌م‌و ده‌ست ئه‌م پرسیاره‌ی له مست نێنێن : « چما ! دوو ده‌وی مقه‌س كامیان له كام تیژتره .. » ( ١٣ ) بۆ ئه‌وه‌ی خۆی بكه‌وێته‌وه مه‌زه‌نده‌و ته‌خمین‌و ئه‌و وه لامه‌ی‌تیا بدۆزێتـــه‌وه كه به دوایا وێله .. به‌لای منه‌وه ئه‌مه‌یان به‌ڵگه‌یه‌كی زۆر گه‌ش‌و رۆناكه‌و تا ئه‌وپه‌ڕی راستی رۆیشتووه له پێشاندانی په‌یوه‌ندی نێوان « روخسارو ناوه‌رۆك » كه هه‌ردووكیان به‌یه‌كه‌وه نه‌بێ سوودو كاریگه‌ری‌یان نابێ ؛ هه‌ردووكشـیان وه‌كو یه‌ك ده‌وری كار تێ‌كردن‌و ده‌ربڕین رائه‌گه‌یه‌نن .. بۆیه ئه‌ركێكی

گرانی هونەری‌و ئەدەبی‌و نەتەوایەتیان کە ئێمە نەك هەرئەبێ ئەو راستەقینەیەمان بۆ دەربکەوێ ـ یەکگرتوویی روخسارو ناوەرۆك ـ وبەس بەڵکو ئەبێ بە جۆرێ باوەڕی پێ‌بینین کە ئەم باوەڕە وەك ماندەرێك هەول بدات « خەڵك ئاگادار بکاتەوەو تێیان بگەیەنێت کە لێك کردنەوەیان زەبرێکی گرانە بۆ سەر بیروباوەڕو گیانی نەتەوایەتی » ( ١٤ ) . بگرە ئەم ئەرکە نەتەوایەتی‌و ئەدەبی‌یە زۆر لە مێژە نەتەوەکانی‌تر ئەستۆیان بۆ داچەماندووە ،بەتایبەتی لە قۆناخی ئێستای مرۆڤایەتی‌دا ، لەم قۆناخەدا « رەخنەگری سۆشیالیستی وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو ئەڕوانێتە بەرهەمی ئەدەبی‌و هونەری کە روخسارو ناوەرۆك تیایا یەکگرتووبن .. » (١٥) .

لە ئەنجامدا بەم راستی‌یە ئەگەین کە ئەم باوەڕە کاڵ‌و کرچانەی بانگی لەیەك جیاکردنەوەو سەربەخۆیی روخسارو ناوەرۆك ئەدەن ، یا یەکێکیان بە زۆرترو ئەوەی‌تر بە کەمتر ئەزانن پێ ئەوەی وەك یەکەیەکی یەکگرتوو معاملەیان لەگەڵا بکەن ، خۆیان پێ راناگیرێ‌و هاکا ، بە ناخی نەمانیا چوونە خوارەوەوجێگەی‌ئەبەدی‌یان بۆ ئەو راستی‌یە چۆڵ کرد کە بانگی یەکێتی‌و یەك گیانی روخسارو ناوەرۆك ئەدا لە بەرهەمی ئەدەبی‌و هونەری‌دا کە بە تیشکی ـ شی کردنەوەو وردبوونەوەی زانستی دروست گیانی هەمیشەیی‌و جاویدانی‌یان ئەچێتە بەر ...

# پەراوێزەکان

١ ـ نازك الملائكة ، قضايا الشعر المعاصر ، ل ٤٧ .
٢ ـ علاء الدين سجادي ، ئەدەبی کوردیو لێ کۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی ، (٢٠) .
٣ ـ گۆڤاری ـ الآداب ـ ژمارە (٦) ساڵی ١٩٧١ ل ٦٧ .
٤ ـ گۆڤاری ـ الكلمة ـ ژمارەی تایبەتی بە ـ النقد الأدبی الحديث ـ ژمارە ( ١ ) ساڵی ١٩٧٢ ل ٤
٥ ـ گۆڤاری ـ الآداب ژمارە ( ١٠ ) ساڵی ٩٧١ ل ٧٣ .
٦ ـ رۆژنامەی ، التآخی ، ژمارە ( ٩١٦ ) ٢٠-١٢-٩٧١ ، لقاء مع عبد الوهاب البياتی ـ اعداد ـ حسن علي بلال
( ٧ ) گۆڤاری ـ الآداب ـ ژمارە ( ١٠ ) ساڵی ( ٩٧١ ) ل ٧٣ .
( ٨ ) گۆڤاوی ـ الآداب ژمارە ( ٦ ) ساڵی ( ٩٧١ ) ل ٦٧ .
( ٩ ) گۆڤاری ـ الآداب ـ ژمارە ( ٦ ) ساڵی ( ٩٧١ ) ل ٦٧ .
( ١٠ ) روجيە گارودی ، واقعية بلا ضفاف ، ل ١٢٨ .
( ١١ ) گۆڤاری ـ الثقافه ـ ژمارە ( ٧ ) ساڵی ٩٧١ .
( ١٢ ) د . محمد مندور ـ في الأدب والنقد ـ ل ٢٣ .

( ١٣ ) د. محمد مندور - في الأدب والنقد - ل ٢٣ .

( ١٤ ) نازك الملائكه « قضايا الشعر المعاصر » ل ٤٧ .

( ١٥ ) گۆڤاری - الكلمة - ژمارەی تایبەتی بە - النقد الأدبی الحدیث - ژمارە (١) سالی ١٩٧٢ ل ١٣٢ .

# ئێمە دیلی ژێر دەستی ووشەین

هەر لەو دەمەوە کە ئێمە لە دایك ئەبین‌و ئەکەوینە سەر بێژەنگ‌و لە پاشانا سەر بێشکە ، هەر لەو کاتەی کە گوێچکەمان تەلی ناسکی بە دەنگی کۆمەلی دەورو پشتمانا ئەمەژی ، هەر لەو کاتەی کە مێشکمان ئەبێتەوەو هەول ئەدەین لە شت بگەین‌و ئەوەی ئەشمانەوێ دەری ببڕین ، ئەلێم هەر لەو کاتەدا ئەکەوینە ژێر زەبرو دەسەلاتی ئەو ووشانەی، کە هۆی ئەیەك گەیشتنی ئادەمیزادن‌و لە کۆمەلی دەورو پشتمانا لە دایك‌و باوك‌و ئەندامانی تری خێزانەکەمانا ، لە دراوسێ‌و شارەکەمانا .. فێری ئەبین ، چونکە ئەم ووشانە هەر یەکەیان شان بە شانی ماناکەیەوە کۆمەلە ئیحاو سرووشێکی تیایە ؛ جا ئەو ئیحایە کۆمەلایەتی بێت یا تایبەتی ، بۆیە کە ئاوازی ووشەیەك پەردەی گوێچکەمان ئەلەرێنێتەوە ئەو ئیحایەی کە تێیەوە ووروژاوەو پێیەوە نووساوە هەمووی ئەبێ بە هێزێك‌و ئەڕژێتە ناخی دەروونمانەوەو سنوورێکی تایبەتی‌مان بۆ دەست نیشان ئەکات ، یاخود بلێین لە سنووری کاریگەری خۆیەوە تەخشەیەکی تایبەتی ئەدرێژاومان بۆ ئەکێشێ ، یا ئاشکراتر بلێین خوو و رەوشت‌و پێوانەی ئەو کۆمەلەمان لە گیان‌و دەروونا

ئەتاوێنێتەوەو هەر ئەو ووشانەشن کە ڕێچکەیەکی تایبەتیان پێ ئەگرنو بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ خوو ورەوشتێك لە خوێنی دەمارەکانمان ئەتوێنتەوەو ئەمانبزوێنێ کە سەرچاوەکەی بۆ ئیحای ووشە بیسراوەکان ئەچێتەوە ..

ڕەنگە ئێمە هەندێ ووشەی پەسندو چاکو چەمك بەرز بیسین وەك : ( چاکەکردن ، پیاوەتی ، یارمەتی‌دان ، ڕێزگرتن ، نانبدەیی ، ئیشکردن .. ) یا هەندێ ووشـەی دزێوو بەدو ناخۆشیان بەرگوێ بکەوێ وەکو : ( درۆ ، دزین ، لێدان ، کوشتن ، ڕووت‌کردن ، چەتەیی ، خوێنمژین ، چەوساندنەوە .. ! وە لەگەڵ بیستنیا دەمو دەست هەڵنەکوتینە سـەر کارەکەوە : بەڵام ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە ووشەکان کاریان لە ئێمە ، لە باوەڕو ڕێبازی ئێمـە نەکردبێ ؟ نەخێر ! چونکـە با دووتێ‌کردنو بزواندنەکە بە شێوەیەکی راستەو خۆش نەبێت ئەم جۆرە ووشانە : لە سەرێك ئیحایێکی چاکە یا خراپەمان ئەخـەنە مێشکەوە – بە گوێرەی ووشەکەوە ، واتە قەپاغی هێشـكو زەینمان ئەکەنەوە بۆ لێکدانەوەو بەراوردکردنو سەیرکردنی ئاسۆی ئەم کردارو ڕەوشتو ڕێبازەی ووشەکە رووتی کردبوەوە ، لە سەرێکی تریشەوە ئەو ئیحایە ناکەوێتە گۆمی ( عدم )و نافەوتێ بەڵکو ئەڕوا بۆ ( ژێری ژوورەوە – العقل الباطن ) و لەوێ خۆی مات ئەکات ؛ وەك لە مەلاس دابێت چاوەڕوانی هەلێکـە تا ئەو ڕۆژە دێت بە شێوەیەکی

( ئاگایی - لا شعوری ) وەکو کرم ئەبزوێو بەرەو گەوھەرو
مانای راستەقینەی ووشەکەوە ئەمان هاژوا ... بۆیەش ( ئەڵێم
ئیمە دیلی ژێر دەستی ووشەین ) چونکە ئێمە لە کاتێکا ئەم
ووشـــانە بە دەنگ‌و ماناو ئیحائەوە وەرئەگرین‌و کاریگەرو
شەوت‌و چۆنیەتی ئەنگاوتنیان لە ناخی دەروونی بێ گەردمانا
ئەتاوێنەوە کـــە هێشتا چەنبەری هۆش‌و بیرو شیکردنەوەو
لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنمان ئەوەندە فراوان نی‌یەو مێشـــکمان
هێشتا بە تەواوی پێ‌نەگەییوە کـــە بتواتین بەرامبەر هـــەر
ووشەیەك بـــەنگلێینەوەو لێ‌ی بکەوینە رەخنەو سەرنج‌دان ،
واتە وانەبێ تا بە تەواوی تێ‌ی نەگەین‌و ئەنجامەکەو
سەرچاوەکەشی نەبینین وەری نەگرین ، جا لەبەر ئەو نە
شارەزایی‌و پەل نەرۆیشتنەی لێکدانەوەمان هـــەر زوو زوو
دەستی خۆ بە دەســـتەوەدان بەرز ئەکەینەوەو ووشەکان
بە دوڕ دڵ ئەقۆزینەوە ، بە تایبەتی لەم قوناغەی پێ‌گەیشتنا
کە سەرەتای فێر بوونی زمانە ، مەراقێکی زۆرمان هەبە بۆ
فێربوونی زمانی دەوروپشتمان ، زمانی دایکمان .. بۆیە هیچ
بەربەستی ئەم ووشانە نابین کە باون . هیچ رۆژێ ئێمـــە
نەوەستاوین زمانی پرسیار بخەینە کارو بڵێین : ئەم شتانە چین؟
بۆچ ئەم مانایە ئەدەن ؟ چ چۆرە ئیحایێکیان لێ ئەپرژێ؟
ئەنجامی کاریگەری‌یان چی‌یەو چۆنە ؟ چونکە ئەم ووشانە
وەکو ووتمان هەر لە سەرەتاوە دەستی خۆیان وەشاندووەو

جۆرە هەستو سۆزێکی تایبەتی‌یان لە دڵمانا بزواندووە تا
واەمان لێ هاتووە ئێمەش ئەم شتانەمان لا بووە بە شتی باوو
ناسراو .

خۆ ئەگەر بێتو بمانەوێ نەختێ خۆمان لەم کۆتە شل
کەینەوە کە لە کاتی خۆیا بە نوقاوی بە سەریا رۆیشتبووین
ئەو حەلە بە جارێ کۆمەڵەکەمان ئەجۆشێو ئەخرۆشێ ؛ رقو
کینو نارەزایی خۆی بە سەرماندا ئەرێژێ چونکە کۆمەڵەکەمان
سەراپا لە بۆتەی ئەم ووشانەوە قاڵبووەو خۆی پێك هێناوە ،
بۆیەش ئەم نارەزایی‌یە دەرئەبڕێ چونکە ئێمە کە بیر لە
هەستو سۆزو ماناو ئیحای ووشەیەك ئەکەینەوە ، بۆ ئەوەیە
تا هەڵی بسەنگێنین ، ئەمەش ئەوە ئەدا بە دەستەوە کە ئێمە
بە فەرمان و ( قیم ) ی کۆمەڵ رازی‌نینو لێ‌ی یاخی بین
دیارە ئەویش هەوڵی بەرپەچ دانەوەمان ئەدات . یا پەلەقاژێ
ئەکاتو ئەیەوێ دەست بنێتە بێنانەوەو دەنگیان کرکاتو
هەر بە کویلێتی ووشە بمانهێڵێتەوە .

لە ئەنجاما ئەوەندەش بڵێین باشە کە چۆن ئیحای تایبەتی
ووشە نەوەی نەتەوەیەك بە خودو رەوشتو نەریتو رێرەوێکی
دیارەوە بەند ئەکات ، کۆمەڵیش ئاوا ئیحا بۆ هەر ووشەیەك
دروست ئەکاتو هێزی بە بەرا ئەخات ، ئەوەشیان لەوەوە
بۆ دەرئەکەوێ کە ووشەیەکمان هەیە ، ئەم ووشەیە لە هەو
هەڵبەندو ناوچەیەکا جۆرە ماناو ئیحایێکی تایبەتی ئەدا .. یا
ووشەی ( زیرەك ) وەربگرین . بێ گومان زیرەکی قوتابی‌یەك

کە بریتی‌یە لە وانە زانین‌و تێ‌گەیشتن گەلێ گەلێ جیایە لە زیرەکی داهێنەرێك ـ مخ ـ ع ـ کە رەنگە بەو زیرەکی‌یە هەزارەها جۆر شتی نوێ داهێنێ‌و دروست‌بکا ، هەروەها جیـایە لە زیرەکی‌و بازرگانێك کە بەو زیرەکی‌و کارزانی‌یە ئەتوانێ بە رێگایەکی راست‌و دادپەروەرانە پەرە بە بازرگانی‌یەکەی بدات، ئەوەشیان جیایە لە زیرەکی پزیشکێك کە ئەتوانێ بە ووردی دەردی نەخۆش دەست نیشان بکات‌و دەرمانی پێ‌بدات و چاکی بکاتەوە .. تا بەم جۆرە هەر ووشەیەك جۆرە ئیحایەکی سەر بە خۆی هەیە ، ئەم ئیحایەش بە پێ‌ی شوێن‌و مەڵبەندو ناوچەی بەکار هێنانی ووشەکەوە ئەگۆڕێ ، هەرچۆن بێت ئێمە دیل‌و ژێر دەستی ووشەین ، جا با ووریا بینەوەو نەختێ تۆز لە خۆمانا داوەشێنین‌و لە جیاتی سۆز ـ عاطفە ـ ، هۆش ـ عقل ـ بخەینە کارو بە پێ‌ی توانا هەوڵ بدەین‌و تێ بکۆشین کە خۆمان رزگار بکەین‌و لە جیاتی ئەوەی بین بە دیلی ووشەوە ، ووشە بخەینە ژێر رکێفی بەکار هێنانی خۆمانەوە .. با نەختێ چاومان بکەینەوەو زەینمان بخەینە کارو هەوڵ بدەین کە سەربەست بژین ، سەربەست ! بەلام ئەمە کەی ئەبێ ؟!

# شاعیر ڕێبوارێکه بەدوای ڕاستی دا دەگەڕێ

شاعیر ئەو کاتە کە ئەکەوێتە ناو دەریای شەپۆڵ هاوێژی ئەم دونیا پڕ ڕووداوو تاقی‌کردنەوەو کارەساتە ، ئەکەوێتە سنگە مەلەو باسکە مەلەو پێ مەلە بۆ دەرباز کردنی خۆی‌و خەڵکی تریش لە خەنکان و بۆ شادبوون بە کەنارێکی پڕ مێرگ‌و چیمەن‌زارو بەهار لێ‌نیشتوو .. هـەر لە سەرەتای شاعیریەتی‌یەوە بە دوای دۆزینەوەی ئەو نهێنی‌یە دوورانەدا ئەگەڕێ کە قەپ لە مێشکیا ئەگرن‌و ژانێکی سەخت بە کەللەی کاسیا ئەدەن .. ئەو دونیا دوورەی ئەو دیو کە تا ئەمڕۆ بە شتێ ئەزانرا کە کەس نەیگاتێ‌و کەس هەستی پێ نەکات ، ئیمڕۆ بە دوورگەیەکی نەدۆزراوە دائەنرێ لە ناو دەریایەکی فراوانی شەپۆل هاوێژ .. شاعیری ئیمڕۆ بە شێوەیەکی فراوانترو قووڵتر ئەڕوانێتە ژیان‌و کۆمەڵ وکەون .

شاعیر شەیدایەکی ڕێگای ڕاستی‌یە ، بێ سڵەمینەوە بە دوای ڕاستی‌دا ئەگەڕێ‌و هەموو قوربانی‌یەکی لە بەر پێ‌یا ئەدا بە زەوی‌دا ، هەمیشـــە لە گەشت‌و گەڕانایە ، لە گەڕانەکەشیا دوو گەشتی دوورو درێژی بۆ ئەکا .. یەکەمیان بەرەو ژوورەوە بۆ ناخی خۆیا شۆڕ ئەبێتەوەو سەر بە هەموو

کەلێن‌و کەلەبەرێکی دەروونی خۆی ئەکات‌و وورد وورد ناوەوەی خۆیێ ئەپشکنێ‌و لێکی هەڵئەوە شێنێ‌و رۆشنی ئەکاتەوە .. لەگەشتی دووەمیشیانا بەردو دەرەوە بۆ ناو ژیان‌و وجودی بەر بەرەللای بەر دەمیا ئەڕواو ئەکەوێتە گەڕان‌و مرت‌و مۆ کردن‌و شوون‌و دەوس هەڵگرتن بۆ دۆزینەوەی ئەو راستی‌یەی کە تا مردن هەر بە دوایا وێڵ‌و سەرگەردانە.. ئەم دوو گەشتە بە پێتەش ـ گەشتی دەرەوەو ناوەوە ـ یەکتر پێەو ئەکەن وقوولی بە یەکتر ئەدەن‌و یەکتر تەواو ئەکەن ، پێکەوە چەپکە تیشکی .گەش گەش ئەخولقێنن‌و ئەیهاوێنە بەر چاوی شاعیر بۆ ئەوەی ئەویش لەبەر شەوقی ئەو چراخانەدا بکەوێتە رەوت‌و رووچوونە خوارەوە .. سیفەتی هەرە بەرزی شاعیر ئەوەیە کە مل ئەنێتـــە دونیای پڕ نهێنی‌و شتی تازەو نەدۆزراوە ئەدۆزێتەوەو هەوڵ ئەدا خەڵکی تریش لەگەڵ خۆیا بباو یەك یەك ئەو دوورگە دوورانەیان پێشان بدات کە بۆ یەکەم جار ئەیان دۆزێتەوەو ئاوەدانی‌یان ئەکاتەوە ؛ بۆ ئەمەش پێویستی بە دوو مەرجی گەورەو سەرەکی هەیە :

یەکەم : خۆی هەست بەوە بکات کە گەیشتۆتە دونیایەکی پڕ نهێنی‌و شتێکی تازەی دۆزیوەتەوە .کە خەڵکی ئەولا هێشتا نەیان دۆزیوەتەوەو پەیـــان پێ نەبردووەو بە پەرۆشەوەن بۆ ناسین‌و ناساندنی ئەو نهێنی‌یە تازەی دۆزرایەوە .

دووەم : نابێ بە جۆرێ بکەوێتە ناو دوورگە دیتراوەکە

کە تیا بزرببێ‌و هەموو پەیوەندی‌یەکی لەگەڵ دونیای سادەی پێشوو‌ی، پچڕێ بەڵکو پێویستە پەیوەندی بە دونیـای رەمەکی مەردمەوە هــەر بمێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ بە زمان‌و خەیاڵ‌و لێکدانەوەو بیرکردنەوەی ئەوانا ئەو دوورگــە دۆزراوەیان پێ‌بناسێنێ‌و وایان لێ بکات کە لە سیفەت‌و خەسیەتی گشتی ئەو نهێنی‌یە بگەن ، خۆ ئەگەر لەم گواستنەوەو راگەیاندنە سەر نەکەوێ ئەوا هەموو ئەرك‌و تەقەللای پێشووی ئەپلیشێتەوەو بە ناحی خاکا ئەچێتە خوارەوە ؛ چونکە ئەو شاعیرەی شتێ ئەدۆزێتەوەو پەردە لە رووی نهێنی‌یەك رائەماڵێ بۆ ئەوەیەتی کە ئەم نهێنی‌یە بۆ خەڵکەکە ئاشکرا بێت ئەگینا ئەگەر هەر بۆ خۆی بێت‌و بەس ئەوا لە ماندوو بوون بەو لاوە هیچی‌تری بۆ نامێنێتەوە . .

کەواتە ئەتوانین بڵێین کە شاعیر گەڕۆکێکە؛گەشتکەرێکە ( بێ‌تەل ) ێکی بە کۆڵەوەیە ؛ ئەکەوێتە ناو کێشەو هــەراو گرمەو هاژەی ژیانەوەو لە هەر سووچێ تروسکەیەك رۆناکی دۆزی‌یەوە ، یا بستێ خاکی ناو دڵی گەورەی دەریای دیتەوە، خێرا بێ تەلەکەی ئیش پێ‌ئەکات‌و دانیشتووان لەم شتە تازە دۆزراوەیەوە ئاگادار ئەکاتەوە ، بانگیان ئەکات بۆ ئەوەی شوێنی پێ‌ی بکەون‌و دوورگەکە ئاوەدان بکەنەوە ؟ ئیتر ئەو خۆی ئەڕواو لە ســەر دۆزینەوەی خۆی بەردەوام ئەبێ ، یا وەك عبدالوهاب البیــاتی گۆتەنی شیعر هاوتای شۆڕشە ؟ شیعرو

شۆڕش نەواوکەری یەکترن ، شیعر برووسکەیەکەو ناوچەی نەدۆزراوەتەوە ئەدۆزێتەوە ، شۆڕشیش پەلە بارانێکـــە زەوی ناوچەکە پاراو ئەکاتەوەو ئاوەدانی ئەکاتەوە ...

بێ گومان ئەمە شیان ئەو حەلە نەبێت ئەگـــەر شاعیر فرێ درایە ناو بێشەڵانی ژیان ؛ شەوق‌و تاسەو پەرۆشی‌یەکی وای تیابێ ، یا بەهرەو بلیمەتی‌و توانایەکی وای هەبێ بتوانێ شتی‌سەر پێ‌بێ بشکێنێ‌و لە پەنای ئەو شتە سادەو ساکارانەوە شتی گەورەو ناقۆلا بەدی بکات‌و لە جەرگـــەی تاریکی‌یەوە رووناکی هەڵێنجێ‌و لە هەرەتی تەنگانەدا پێشوازی فراوانی بکات ؛ هەر بەمەوەش شاعیر ئەتوانێ ( ئیستا )ی ژیانی بکات بە ئەلقەیەك‌و رابوردوو و داهاتووی پێـــکەوە ببەستێ ؛ چونکە هەر چۆن هەنگاو هەڵبگرێت‌و بۆ هەر شوێنێ بڕوات‌و بە هەر رێگایەك دا بڕوا پێش ئەو جارەهای جار کوتراوەتەوە ، هەر ووشـــەیەکی بەکاری دێنێ بێ ژمارە بەکار هاتووە .. بەڵام ئەرك‌و پەیامی قورسی شاعیر لەوەدایە کە ئەبێ سەر لە نوێ چاو بەم شتانەدا بگێڕێتەوە گیانێکی تازەو تایبەتی‌یان بە بەرا بکات .. لە دڵ‌و دەروون‌و لە گیانی خۆیەوە هێزو گوڕو تەووژمیان پێ بدات ، ئەمەشیان ئەو حەلە ئەبێت کە شاعیر لە خۆی دانەبڕێ ، بەڵکو راستگۆبێت ، راستگۆبێت لەگەڵ هونەرەکەیا ، لەگەڵ پەیامەکەیا ، لەگەڵ هەست‌و نەست‌و راچەنینی تایبەتی خۆیا .. نەك بکەوێتە ئاین‌و تۆزنو

ریاکاری‌و خۆی هەلبخەڵەتێنێ‌و هەوڵی بێ سوودیش بدات
کە من‌و تۆش لەگەڵ خۆیا هەڵ بخەڵەتێنێ ..

## سەرنج

جگە لەو سەرچاوانەی کە لە دامێنی هەر ووتارێکدا
نووسیومن ، گەلێ سەرچاوەی‌تر هەبووین لە کانی خۆی ؟
شێوەیەکی تێکرایی سوودم لێ وەرگرتوون . .

# ناوەڕۆك وكات وشوێنی بڵاوبوونەوەی ووتارەكان

| بابەت | لاپەرە | كاتی بڵاوبوونەوەی | شوێنی بڵاوبونەوەی |
|---|---|---|---|
| ١- چەندسەرنجێك | ٣ | -- | -- |
| ٢- ئەدەب ورەگەزەكانی | ٥ | ١٩٧٠/١٢/٢١ | ڕۆژنامەی هاوكاری ژمارە (٤٦) |
| ٣- ڕەخنەچی یە ؟ | ٢٦ | ١٩٧٢/١/١ | ژمارەی تایبەتی ڕۆژنامەی هاوكاری |
| ٤- سەرنجێك لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی دا . | ٣٦ | ١٩٧٢/٦ | گۆڤاری هەولێر ژمارە (١) سالی (٣) |
| ٥- نرخی ووشە لەهۆنراوەدا . | ٥٣ | ١٠-١٩٧١/٤/١٧ | ڕۆژنامەی هاوكاری ژمارە (١٣-١٤) |
| ٦- ئاوازی ووشە لە هۆنراوەدا . | ٦٩ | ١٩٧٢/١/١٥ | ڕۆژنامەی هاوكاری ژمارە (١٠٠) |
| ٧- ڕوخسارو ناوەڕۆك | | | |

| بابەت | لاپەرە | کاتێ بڵاوبوونەوەی | شوێنی بڵاوبوونەوەی |
| --- | --- | --- | --- |
| هۆنراوە دا [١] | ٧٩ | ١٩٧١ | گوڤاری هەولێر ژمارە (١) سالی ٢ |
| [٢] | ٨٨ | ١٩٧١/٨/١٤ | رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٢٨) سالی ٢ |
| [٣] | ٩٥ | ١٩٧١ | هاوکاری ژمارە (٣ ـ ٤) سالی ٢ |
| [٤] | ١٠٤ | | هاوکاری ژمارە (٥) سالی ٢ |
| ٨ـ ئێمە دیلی ژێرەسعی وشەین | ١١٤ | ١٩٧١/٧/١٠ | هاوکاری ژمارە (٢٣) سالی ٢ |
| ٩ـ شاعیر رێبوارێکە ... | ١١٩ | ١٩٧٢/٢/٥ | هاوکاری ژمارە (١١٢) |

سوپاسی برای بەرێز کاك عباس محمد دەکەم کە سەرپە رشتی کردنی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆو ئەونەبوایە کتێبەکەم رووناکی نەدەدیت .

ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردی دابەرگی دووەم لە ژێرچاپەو بەم زوانە بلاو دەبێتەوە .